# ریشاڵی تیۆریی رۆمانی کوردی

توێژینەوە

سەلاح جەلال

لەسەر ئەرکی دەزگای خێرخوازی شەهیدی نەمر(عەتا محمد حاجی محمود) لەئەنجامی چالاکی و دڵسۆزیان بۆ زمان و ئەدەبی کوردی ئەم کتێبەیان بە چاپ گەیاند.

## پێشکەشە بە

هەردو کەسایەتی پایە بەرز و جوانی رۆشنبیری و نەتەوەی کورد، پرۆفیسۆر(عیزەدین مستەفا رەسوڵ)

مامۆستا(رەئوف حەسەن) بەهۆی جوانیەکانیانەوە جیاواز و ناکۆك بون. بەم شیعرەی مەحوی بەزمانی رۆح تابلۆیەکیان لەجوانی بۆ دەکێشم:

لەکێ پرسم دڵی بۆ پڕ لەخوێنی حەسرەتە یاقوت

عەزا پۆشی چیە و کێیە جلی پیرۆزە بۆ شینە؟

کە دادی یەئسی خۆمم بردە لای ئەو عارفە توند بو

وتی ئاخر سبەینێ جەژنە خوێنی تۆ لەپێ دەگرم.



ناوی کتێب: ریشاڵی تیۆریی رۆمانی کوردی
بابەت : توێژینەوە
نوسین : سەلاّح جەلال
دیزاین: هونەری: سەرکەوت پینجوێنی
دیزاین بەرگ : محمد علی قەرەداغی
ساڵی چاپ : ٢٠٢٣سلێمانی
چاپخانەی جارانی سلێمانی
نرخ : ٢٠٠٠ دینارە
چاپ : چاپی یەکەم
لەبەرێوەبـــەرێتی گشـــتی کتێبخانـــە گشـــتییەکان ژمـــارەی
سپاردنی(١٤٢٢)ی ٣/٨ ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە

# ١

## پرسیاری كەلتور

تیۆری رۆمان جێگەی توێژینەوەی هەمو كات و زەمەنێكە، ژانرێكی ئەدەبی كراوەیە و گوتار و زمان و هەڵس و كەوت و شێواز و روانین و رەگەزەكانی تری ئەدەبی و هونەری دەگرێتەوە و كۆڵەكەی سەرەكی و بنەرەتی رۆمانوس كەسایەتی و گوتاری گێڕانەوەیە، لەدۆزینەوەی ئەو هێزەی واقیع دەجوڵێنێت و دینامیكیەتی ژیان و هەڵچونەكانی دەگرێتەوە، كەسایەتی لەسەرەتا و كۆتایدا كۆمەڵێك پەیوەندی دادەمەزرێنێت. لەرێگای گێڕانەوەی تر و لەفەزا و زمان و زەمان و شوێن و روداو و وەسف.

بۆ ریشاڵی تیۆریی ئەم ژانرەیش زەمەنێكی زۆری ویستووە، سەرەتا هێگەڵ بەڕوانینێكی فەلسەفی رەها تیۆریی بۆ رۆمان دارشت.

جۆرج لۆكاتش بەپشت بەستن بەمادیەتی جەدەلی ماركس لەتێگەیشتنی كۆمەڵگەی سەرمایەداری و شیكردنەوەی ناكۆكیەكان لەسەر بونیەی دینامیكی دال بۆ سێ نمونە لەئەدەبی چیرۆكدا

مەلحەمە و تراژیدیا و رۆمان. لەسەر بنەماکانی هێگەڵ و چۆنیەتی گەشە کردنی ئەم دەستە واژە چیرۆکییە لەسەردەمی مەلحەمیدا تیۆری خۆی دارِشتەوە.

لای لۆسیان گۆلدمان رۆمان چیرۆکێکە بەدوای بەهای بنەرِەتیدا دەگەرِێت لەریێی کەسی روخاوەوە لەعالەمێکی روخاودا.

میخائیل باختین رۆمان بەئەدەبی گەلی دادەنێت رەگەزێکی خوارەوەییە تەعبیرە لەهەمو ئەو ناوەندە گەلیە و چینی پرۆلیتاریا بەناوی چینەکانی جیهانەوە.

مارتن رۆبێر لەرِوی دەرونی و بون و ئەنتۆلۆژیاوە ریشاڵی تیۆری رۆمان شیدەکاتەوە.

بۆ ریشاڵی تیۆریی رۆمانی کوردی لەتۆرِی پرسیاری کەلتورەوە دەکەوینە نێو یۆتۆپیای جیهانەوە(. .).پرسیار لەسەر واقیع و فەزای کەلتور، چۆن شوناسی نادیاری رِۆمان لەکەلتوردا بدۆزینەوە؟ چی لەزانست و فەلسەفە و مەعریفە جۆراو جۆرەکان تێدایە؟ چۆن ئەم ژانرە بەرجەستە دەکات؟ هەتا چەندە لەسەر ئاستی مەعریفە لەرابردو ئێستادا بناغە و پێکهاتەکانی رِۆمانی دامەزراندووە؟ یان رِۆمان وەك هەوڵێکی جیهانبینی بەرەو فەزای ئەو کەلتورە هاتووە؟! یان لەرِابردودا دەتوانێت زنجیرەیەکمان بداتێ بۆ ئێستا؟ هەتا ئێستا لەسەر ئەو رِابردووە نازناوی رِۆمانی کوردی بەرجەستە بکات؟! لەم

خاڵەشـدا پرسـیار لەسـەر ئیشـکردن و پەیوەندیەکانیـەتی لـەناو چەمکە مەعریفیەکانی کەلتوردا.

چۆن ئاست و قۆناغ و چەمك و بونیـادو پانتاییـەکانی شـیبکەینەوە؟ هەتا شوناسی ڕۆمانی پیٚ بەرجەستە بکەین؟

ڕۆمان بەشداری و ناوەندێتی مەعریفە جۆراو جۆرەکانی کۆن و نویٚ دەکات. وەك باختین پێناسەی دەکات:

(مادەی گوتارەکـەی لەزانسـتی کۆمەڵناسـی و مێـژو، زانسـتی دەرون زانی و ئەفسـانەکان وەردەگرێـت هـەتا بـەفیزیای نـویٚ بگـات، ڕۆمـان زیاتر ژانرێکی ئەدەبی گەنجە لەنێوان ژانرەکانی تری ئەدەبدا، هـەمو ئەوانەی وەریدەگرێت نوێیە و بەو نوێیانەیش دەگات دروست نەبون و پێشـبینیش بـەنویٚ بونەوەیەکـەوە دەکـات نـەبینراوە و بـەر لـەوەی ئێسـتا بـدۆێنێت بانگەشـەی دوانـدنی ئایندەیـەك دەکـات تێیـدا دەگۆڕدرێت).(١)ل٨١.

بۆ گەڕان بۆ ڕەگ و ڕیشاڵی ئەم ژانرە لەکەلتوردا پێویسـتی بـەدەیان باس و لێکۆڵینەوە و مشتومڕی کۆمەڵی هەیە.

چـەند سـەدە لەدایـەلۆژی فـرە زمـانی ئـەم ژانـرە ئەدەبیـەدا بێبـەش بوین، دەبێت زەمەنێکمان بۆ دەستپێکردنی ڕۆمـان هـەبێت، ئـەویش بەرەو پرسیارەکانمان دەبات.

ئەم قەیرانە ئێستایە یا ڕابردو؟ کەلتورە یان ناسنامە؟ تیۆرە یان ڕاڤە و لێکۆڵینەوە؟ ئامادەبونی زەمەنی خوێندنەوەیە یان نوسین؟

ڕۆمانی کوردی لەچەند بەشێکدا گەشەی کردووە، هەر بەشەی کارتێکەری کەلتوری نەتەوەیەکی جیاوازە و ڕیشەیەکی تیۆریمان نیە بۆی، پێویستە ڕۆمان و پێکهاتەکانی شی بکرێتەوە لەڕوی زانستەکان و فەلسەفە و هونەر و ژانرەکانی تری ئەدەب؟

لای(باختین)ڕۆمان ژانرێکە تاکە لەوێناکردنی لەنێوان ژانرەکانی تردا، بەردەوام لەدروست بوندایە، لەپاش پەرەسەندنیەوە لەهەمو زەمەنە نوێکاندا، ڕەخنە لەژانرەکانی تری ئەدەب دەگرێت. زەمەنی ڕۆمان زەمەنی دایەلۆژی مەعریفە جۆراو جۆرەکانە. لەتوانایدایە بەجۆرەکانی مەعریفە و زانستی دەرون ناسی و کۆمەڵناسی و پێکهاتەی فەلسەفە و لەگەڵ ئەوەشدا بەئەفسانە و چیرۆك و ئاینەکان بگات.

زۆر لەو خوێندنەوانەی بۆ ڕۆمانی کوردی کراوە جێگەی سەرسوڕمانن، ناتوانن ئیش بەمێتۆد بکەن و سەرخستن و داهێنانێکیان تێدا نیە، زۆربەیان ئاڵۆزو ناکۆك و وەرگێراون و بەتێکەڵیەك مانای تێگەیشتنیان تیادا نیە.

کاتێك کەلتور شیدەکەینەوە لەگەڵ ئاست و پێکهاتەکانی ڕۆمان، لەتوانایدا نەبووە ئەم ژانرەش وەکو ژانرە ئەدەبیەکانی تر

بەرجەستە بکات، بەو نازناوەی ئێستا شوناسی ژانرەکانی تری ئەدەبن، پێویستە بپرسین ئایا ئێستا توانا و ئامادەکاریەکانی هەیە ئەم ژانرە ئەدەبییە ڕەگ و ڕیشاڵی خۆی لەو کەلتورەدا بەرجەستە بکات؟

لای بیریاران دو شێوە کەلتور بونی هەیە، کلتوری پیشەسازی ژیان لەرێگای سیستەمەکانی مانا و سەرچاوەکانی دەلالەت و سیستەمەکانی سیمۆلۆژی ناهۆشمەندی خەیاڵی کۆی نەتەوە دروستی دەکات و ئەوی تریش ئەهلی رۆشنبیری بەرهەمی دەهێنن. بەراورد بەم دو کەلتورەیش زۆر ئاڵۆزە، کەلتوری پیشەسازی لەبەر رۆشنایی کەلتوری رۆشنبیریدا دەبێتە کەلتورێکی مەزن. ئەو کاریگەریەیش بەلاوازی دیارە بەفەزای هەردو کەلتورەکەوە.

ئایا دەتوانین لەگەڕانەوەیەك بۆ ڕابردو خوێندنەوەی ئەو پێکهاتە گشتگیریەی ڕۆمان بکەین؟ لەسەر چەمکە تەقلیدیەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی ئەوروپی لەئێستادا ڕۆمان دابمەزرێنین؟ یاخود لەئێستادا بەجیهان بینین لەناو چەمکە مەعریفیە نوێکاندا نەشونوما بکات؟! یاخود دەبێت لەئێستایەکدا گرۆگاڵ لەسەر دایەلۆژی ژانری ڕۆمان بکەین؟ بیریارانی ئەوروپی بەیەکێك لەهۆکارە گرنگەکانی پێشکەوتنی هەمو ئەوروپای دادەنین،(کۆلن ولْسن)ڕۆڵی گرنگی ڕۆمان لەگۆڕانی کۆمەڵگەی ئەوروپی بەزیاتر لەهەولی(مارکس و

فرۆید و نیتشە)دادەنێت. لەم ساتەوەختەدا چۆن بگەڕێینەوە بۆ چەمکەکانی ڕابردو؟

مێژوی ڕۆمانی ئەوروپی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی(١٨)گەڕانەوەیش بۆ کەلتوری کوردی لەڕوی زانستەکان و فەلسەفەوە هیچی نیە و نەگەیشتۆتە زەمەنی سەرەتایش. دورە لەفەلسەفەی ئیستاتیکی، ڕۆمانیش سەرەتا بەخودی مرۆڤێکی سەربەست دێت لەدوایەوە زەمەنی گشتی داخراوەکان هاتووە، بۆ ئەوەی ببێتە زەمەنی تایبەتمەندێتی کراوە.

ئەو پەیوەندیانەی ئێستایش بەڕابردووەوە، ئەو شتانەی دەیەوێت و پێویستی پێیەتی لەڕابردو وەریدەگرێت و دەیخوازێت.

پێویستە بپرسین ڕۆمانی کوردی کەی گەشەی کردووە؟ لەکوێوە سەری هەڵداوە؟چیمان دەوێت و چیمان هەیە لەڕابردو هەتا بۆ ئێستا بیخوازین؟ ئایا توانای هەیە لەناو چەمکەکانی ئێستادا خۆی دابمەزرێنێت؟ یاخود بەگەڕانەوە بۆ کەلتور؟ ئایا توانیویەتی پەیوەندیەکانی لەسەر ئاستی ڕابردو جیاببێتەوە؟ یا خود نوقمی ڕابردووە؟ یا خاوەنی ناسنامەیەکە لەئێستادا؟ ئەی چی پەیوەندیەکی لەگەڵ ڕابردو هەیە؟ ڕۆمان خۆی تیۆرێکی ئەوروپیە.

لەو پەیوەندی و گەڕانەوەیەدا دەچینەوە بۆ بنەڕەتی تیۆریی ڕۆمان؟ یان فەلسەفە و زانستەکان؟ یا جێماوە میللیەکان؟ هتد.. ڕۆمانی

کوردی توانیویەتی لەرۆمانی ئەورووپی دابڕێت یان بەشێکە لێی؟ ئەو ڕۆڵە تیۆریی و ڕاڤەییە چیە گەشەی پێکردووە؟ کامەیە ئاست و قۆناغ و بونیاد و چەمکە تەقلیدیەکانی؟ چۆن خۆی دادەمەزرێنێت؟ ئەو جیاوازیانەی ڕۆمانی کوردی بەڕۆمانی ئەورووپیەوە هەیەتی، لەبابەت و ئەزمون و هۆکارەکانی تەکنیکدایە، بگەڕێینەوە بۆ خاڵی دامەزراندن و ناسنامە و پڕکردنەوەی ژورە بەتاڵەکانی کەلتور ئەوە بەباری ڕۆشنبیری کوردی ناکرێت، ڕۆمان دەتوانێت لەناو چەمکەکانی ئێستادا کاربکات و ریشاڵی تیۆریی خۆی دابمەزرێنێت، بەخوێندنەوەی تێکستەکان پەیوەندی بەکەلتورەوە دەردەکەون. گۆڕینی ئەو واقیعە باوە پێویستی بەکەسی بیرمەندو پێگەی گۆڕان هەیە لەتوانایدا هەبێت، بەڕوی جیهانی فیکردا بکرێتەوە، ئەرکی بیرمەند گۆڕینی نمونەیی فیکر و پراکتیکی نوێیە،(عەلی حەرب)ئاماژەی پێدەکات: بیرمەند بەدیاری کراوی کەسێکی جیهانیە، شوناسی نیەو دارشتنەوەی شێوەکانی پەیوەندی بەحەقیقەتەوە دەکاتەوە.

ئێمە پاشماوەی باپیرانین، نەوە بەنەوە بەبێشوناسی بەجێیانهێشتوین. دیکارتیان نەبووە بڵێ:( من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم).لۆکاتشی لەدوا بەجێ نەماوە، لەم هزرەوە بیری پاڵەوانی گرفت ئامێز وەربگرێت، فەردی نامۆ شێوەی ڕۆمان دیاری بکات.

یۆتۆپیای کۆماری ئەفلاتونی نەبووە و بەشداری گۆڕانە فیکری و فەلسەفی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی جیهانی نەکردووە.

ئەوان لەجوگرافیایەکی داخراو و گەلێکی دابڕاو لەجیهان بەبێ شوناسی هاتن و ئێمەشیان بێشوناس کرد لەم چەرخی ڕوناکبیریەدا.

جیاوازی ئێمە و باپیران بێسنورە لەپەیوەندیە جیهانیەکاندا بەئاستێکی باڵا گەیشتوین. شۆڕشی مایکۆ ئەلیکترۆنی سەر لەنوێ دارشتنەوەیەکی نوێی لەرەوتی رۆشنبیریدا کرد و جیهانی کرد بەگوندێکی گەردونی و لەمیمۆریەکدا کۆی کردەوە.

گرفتی ئێمە لەسەر ئاستی ئێستا، ڕابردو، ئایندەدا دەردەکەوێت، چۆن ئەوکێشەیە چارەسەر دەکرێت؟ زەمەن سفر بکەین، بگەڕێینەوە بۆ ئەفلاتون و پرۆژەکانی ئێستا بخەینەوە بەردەمی باپیران، هەتا نەوە بەنەوە هاوبەشی گۆڕانەکانی جیهان بکەن؟ یان ئێستا لەسەر شەترەنجێکی یۆتۆپی هەمویان دروست بکەینەوە؟ یان ئێستا بەگرنگ و بەر پرسیارێتی وەربگرین، سود لەکەلتوری جیهان وەربگرین وبەرهەمهێنان لەسەر ئاستە جیاجیاکاندا بکەین، هێڵی ئاسۆیی بۆ ئایندە و ڕێچکەیەك بۆ پانتاییە بەتاڵەکانمان بکێشین؟!

## ٢

## پرسیاری بەرهەم هێنان

لـەم پرسـیارەوە ڕوبـەڕوی قـەیرانی ڕۆشـنبیری کـوردی دەبینـەوە، چـەندە توانـای بەرهـەمهێنان و خسـتنە سـەری هەیـە؟ کەسـەکانی داهێنـان چـۆن بەبیرەکـەیان لـەبوارە جیاجیاکـانی مەعریفـە و پـرۆژە فیکریەکاندا کار دەکەن؟

ئـەم بـوارەیش پێویسـتی بەجیاکاردنـەوەی ئاسـتەکانی ڕۆشـنبیری هەیە،(عەلی حەرب)ئەو پۆلین کاریە دەکات:

ڕۆشـنبیر ئـەو کەسـەیە دەنگـی بـەرز دەکاتـەوە، یـان قەڵەمەکـەی بـۆ پارێزگـاری لەسەربەسـتی بـەکاردەهێنێت، بیرمەنـد بـۆ سەربەسـتی بیرکردنەوە داوا ناکات بەقەد ئەوەی هزرەکەی بەسەربەستی پیادە دەکات، بەئیشکردنی لەسەر خودی خۆی.

ڕۆشنبیر سەرچاوەی ڕوانینی گەردونیە، پرسیارەکانی لەسەر بون و ئاین وجیهان دروست دەبن، چۆن کۆمەڵگا بەڕێوە دەبرێت؟ کار و سـەرمایە و ئامـانجی تـاك و کۆمـەڵ و گۆڕانـە زانسـتیەکان و وێنـا کردنمـان بـۆ جیهـان و سەرچـاوەکانی عـەقڵ و مێـژو، ژینگـە و جوگرافیـا و سروشـت و کۆمەڵایـەتی، دەبێـت تاکـەکان توانـای

تێگەیشتن و هەست کردنیان هەبێت بەسەر هەمو هۆشیاریە زانستیەکاندا، پرسیار بکەن بەرەو کوێوە بڕۆین و ئایندەمان چیە؟ کامەیە بەهای خێر و شەڕ؟ بۆچی کار دەکەین و چی لەزانست و مەعریفە و هۆشیاریەوە فێربوین؟ بەم شێوەیە ڕوانینی گەردونی دروست دەبێت.

کاتێك باس لەکەلتور و پانتاییەکانی دەکەین، کارکردنە لەکایە مەعریفیە جۆراو جۆرەکان و چەمك و بونیادەکاندا. بەمێتۆد خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت و نەبنە کارکردنی ئامێری بەسەرمانەوە،(عەلی حەرب)ئاماژەی پێدەکات:

(ئەوەی لەسەر عیلمانیەت دەوترێت، هەمان شتە، لەسەر دیموکراتی و عەقلانیەت و نوێخوازی دەوترێت، ئەم هزرانە ئامێرنین بیانگوێزینەوە و بەکاریان بهێنین، ئەوانە ئەزمونێکن گرنگیان لەناواخنی تاکرەوی و داهێنانەوە بەرجەستە بووە).(٢)لا٢٧ .

(عەلی حەرب)نمونەی(فۆکو)دەهێنێتەوە، خوێندنەوەی بەرداری بۆ(دیکارت و ئەفلاتون)کردووە، لەو دو بیریارەدا مەعریفە و هزری نوێ کردۆتەوە. باس لەئیشکردن دەکات لەنوێخوازیدا:

( بۆ ئەوەی دەرچونێك دەربچین زیاتر دەوڵەمەند و خاوەن مەعریفە و هێز و ئامادەبون بێت لەپەیوەندیەکانمان بەجیهان و شتەکانەوە).(٣)٣٧

هەمو فیکر و میتۆدێکی جیهانی پێویستە دوبارە کردنەوەی بەرهەمهێنان و تەشکیل کردنەوەی بێت و کارکردن بێت لەگەڵ چەمك و بونیادەکاندا، پرۆژەکانی فیکر و بەرهەمهێنان پڕبکرێنەوە. داهێنان کارکردنە لەپانتاییە بەتاڵ و لاوازەکانماندا، دوبارە کردنەوەی واقیع و بەرهەمهێنان و هەڵوەشاندنەوەی شتە باوەکان و دامەزراندنی چەمکی نوێیە...هتد.

ئاست و زەمەنی ڕۆمانی کوردی و جیهان، جیاوازی هەیە، لەگەشە و پێکهاتە و کەلتوردا. قسەکردن لەسەر قەیرانی ڕۆمانی کوردی دەبێت لەو خاڵانەوە دەستپێبکات لەئێستادا بونی هەیە، لەواقیعی ڕۆمانی کوردیدا.

ڕۆمان هەڵگری دەیەها خوێندنەوەی جۆراو جۆرە، دەستکەوتەی هونەرەکانە بەگشتی و گەورەترین هەستداریێتی لەبەها و کۆی توخمە هونەریە جیاوازەکاندا هەیە، وێنە و مۆزیکا و کارتێکەرە دەنگیەکان و مێژو ئەو پێشبینیانەی بەڕوداوەکانی دوا ڕۆژەوە پەیوەستن.

چۆن هاوبەشی گۆڕانەکانی جیهان بکەین؟ ! چۆن لەپەیوەندیە نێو نەتەوەییە ڕۆشنبیریەکاندا بەشداربین و پانتایی و کایە مەعریفیەکانمان پڕ بکەینەوە؟! چۆن بەرەو دایەلۆژی فیکری بچین؟!

ئـەم پـرۆژە فیکریـە پێویسـتی بـەگۆڕان هەیـە، لەسـەرجەم پێگـە ڕۆشـنبیریەکاندا، لـەو مەنگیـەی ڕزگـاری بکـات، گۆڕانکـاری گـەورە لـــەبواری رۆشـــنبیری جیهانیـــدا کـــراوە، لـــەدوای دامەزرانـــدنی حەفەریاتەکانی مەعریفە لەڕێی گوتار و دام و دەزگا گوتاریەکانەوە عەقڵ پەیوەندی خۆی بەمەعقولەوە خەففە کرد، وەك ئەوەی دیکارت لەگوتارەکەیـدا دەربـارەی کەسـی بیرکـەرەوە پشـتی بەعـەقڵی روت بەست.

بەراورد کردنی کەلتوریش بەکەلتوری جیهانیـەوە کارێکی ترسناکە و کـەلتوری ئـەوان پابەنـدی ژیـاری کۆمەڵگـەی ئەوروپیـە بـەگۆڕانی فیکری و فەلسەڤ و زانستی و ئەدەبی و کۆمەلایەتی و ئابوریەوە.

سنور بۆ ڕۆشنبیری نیە، هەمیشە تایبەتمەندێتی و جیاوازی لەبەر چـاو گـیراوە، کـەلتوری خۆمـان بەکـەلتوری ئـەوروپا پێوانـە نەکـەین،(محمـد عابـد جـابری)ئامـاژەی پێـدەکات لەسـەر عـەقلی عەرەبی.

(عـەلی حـەرب)ئامـاژە بـە(دیکارت)دەکـات فەلسـەفەی ئـەوروپایی نوێکردبێتـەوە، ئەمـەی لـەپێناوی فەڕەنسـیەکاندا نـەکردووە، پانتاییـەکی نـوێی بـۆ بیرکردنـەوە کردۆتـەوە ئـەویش پانتـایی(خودێتی)یـان(مـن)، ئـەو تـەنیا خـۆی بـەبیریارێك دەزانێـت کارەکەی تایبەتمەندە بەهەمو کەسێکی بیرکەرەوەوە:

(مـن بیردەکەمـەوە: کەواتـە مـن هـەم)هـەمومانی سـەر قاڵ کـردووە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی، عەرەبی و ئەوروپی).(٤)لا ٢٨٤ ـ٢٨٣.

دەبێت جیاوازی و تایبەتمەندێتی لەبەرچاو بگرین، لەسەر ئاستی پرســیار و بەرهەمهێنانــدا. پرســیارەکانی(ڕۆب گــریێ)جیــاوازە لەپرسیاری کەسێك لەسەر ڕۆمانی کوردی..

بـێ شوناسـیمان تـەنها لەسـەر ئاسـتی ڕۆمـان و پێکهاتەکانیـدا نیـە، زۆربــەی پانتاییــەکانمان بــەتاڵن، چــۆن داڕشــتنەوەی نــوێ بەحەقیقەتەوە بکەینەوە؟

چۆن پەیوەندیەکان و زنجیرەی ڕابردو بەئێستاوە بدۆزینەوە؟ کەلتور پێویسـتی بەڕاڤـە و خوێندنـەوە و داڕشـتنەوە هەیـە، لەپەیوەنـدی ئەنـدامێتی یـان، لەئاسـت و پلـە و قۆناغـەکانیان، لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەوەی لەجیهانـدا هەیـە داڕشـتنەوەی خۆمـان بکـەین، وەك(عـەلی حـەرب)ئامـاژەی پێـدەکات بەوێنـەی ئـەنتۆلۆژی نـەوەك بەوێنـەی ئایدۆلۆژی، هیچ سنورێکیش بۆ فیکر نیە.

(مـن وای دانـانێم دیکـارت و کانـت یـان هایدگـەر و فۆکـۆ، هـەروەها ئەرستۆ ئەوەندەی تایبەتمەندن بەڕوناکبیری ڕۆژئاواییـەوە ئەوەنـدە تایبەتمەند نین بەمنەوە).(٥)لا ١٦

پرســیارەکانمان بــۆ شوناســی ڕۆمــان، بــۆ داڕشــتنەوەی پەیوەندیـەکانمان و پەیوەندیـەکانی ئـەم ژانـرە بەرجەسـتە دەبێـت،

بەدیدو جیهانبینیەکی نوێوە بۆ شوناسی ئەم ژانرە سەر سوڕهێنەرە بچین، خوێندنەوە و بەرجەستەکردنی لەئاستە جیاجیاکاندا.

ڕۆمان لەساتەوەختی ئێستایدا ئەو قۆناغانەی بڕیوە، بمانەوێت لەسەر بنەما شەفەوی و گەلیەکان لەناو کەلتوردا شوناسی بدەینێ، ئەو هەوڵی گەیشتن دەدات بەفیزیای نوێ، لەپەیوەندی کار کردندایە لەبوارە مەعریفیە جیاوازەکاندا، لەسەر ئاستی زانستەکان و فەلسەفە.

# ٣

## پرسیاری شوناس

شوناس زۆر بوار و پانتایی دەگرێتەوە. شتێك لەشتێکی تر جیا دەکاتەوە، هەریەکەیان کۆمەڵێك توخمیان هەیە. شوناس تیشکی دینامیکی سیستەمێکە لەبەها و وێنا کراوەکان، تایبەتمەندی تەواو دەدات بەکۆمەڵگا و بینای دەکاتەوە، شوناسی تاکە کەسیش کارکردن و ئەزمون و بیر و باوەر و ڕۆشنبیری و زمان و ئاین و پێکهاتەکانی ترە. لای زۆر لەزانایان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و تاکە کەسیە و بوعدێکی کۆمەڵایەتی هەیە لەدیاریکردنی شوناسی تاکدا، پێویستی بەدایەلۆگ و مشتومڕی کۆمەڵی هەیە.

شوناس جیاکردنەوەی کۆمەڵێکی دیاریکراوە لەوانی تر، یاخود ژانرێك لەژانرەکانی تر، لەشێوازەکانیدا جیاوازی هەیە، شوناسی ڕۆمان گەورەترە لەناکۆکی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، بەکرداری ناوەوە و دەرەوە بارمتەکراوە، لەڕوی دەرونیەوە کۆمەڵایەتیە و زیاترین ڕەگەزە بەسەر بوندا کراوەیە و بەکەسی تاك دیاری ناکرێت، کەسی تاك لەناو پەیوەندی کۆمەڵدا، دەسەلات و شوێنکەوتەی کەسی هاوچەرخ و دورخراوە و کۆچەری و نیشتەجێیە و ونە و

ئامادەگیشی هەیە، ئەوەیشی شوناسی رۆمان دیاری دەکات فرەییە و ناوەندێتی دەکات بۆ پەیوەندی جیاوازتر.

ئەگەر شوناسی رۆمان من یان خود بێت بونگەراییەکەی لەدەست دەدات، رۆڵ و هۆشمەندی لەپەیوەندی بەبونەوە.

ڕۆمانیش پابەندی تیۆر و خوێندنەوەیە، بەبێ تیۆر باس لەشوناسی ناکرێت، ڕیشەی تیۆرەکەی ئەوروپییە.

زۆر لەبیرمەندانی عەرەب بونی شوناسی خۆیان لەزمانی عەرەبی و ئاینی ئیسلامەوە بەر جەستە دەکەن(د. هاشم الملاح)شوناسی ڕۆشنبیری عەرەبی لەدەرکەوتنی ئاینی ئیسلامەوە دیاری دەکات، توانی عەرەب یەك بخات لەبواری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری لەچوار چێوەی یەك نەتەوە و یەك دەوڵەتدا. ئیسلام لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە پەیامێك بووە بۆ عەرەب، بۆ خەڵکەکەی. بیر و بڕوای جیاوازیشیان هەیە.

لێرەیشدا زۆر پرسیار و گومان دروست دەبێت، باسکردنی شوناسی رۆشنبیری و نەتەوەیی و تاکی مرۆڤی کورد زۆر ئاڵۆزە، توخمەکانی رۆشنبیری لاوازبووە و بەدرێژایی مێژو هیچ شۆڕش و ئاین و دەسەڵاتێك نەبووە کورد یەکبخات، هەمیشە لەپارچە پارچە بوندا بووە.

شوناسی ڕۆشنبیریش بۆ کۆمەڵێك شوناس جیادەبێتەوە، شوناسی جێگە و ڕەگەزنامە و ڕەگەزپەرستی و مێژو، ڕەگەزنامە و زمان و ئاین و ئیستاتیکا و خواردن و ڕەگەز دەگرێتەوە. جێگەی نیشتەجێ بون و ژینگە و کەسایەتی چوار دەور کاریگەریان لەسەری هەیە.

(د. هاشم)پێناسەکردنی بۆ شوناس لەپەیوەندی ئەندامێتی و ڕۆشنبیری و نەتەوەدا دەردەخات، ڕۆشنبیری بەتوخمە جۆر بەجۆرەکانیەوە، یارمەتی دەری پێکهاتنی نەتەوەیە و تایبەتمەندێتی جیاوازی دەداتێ، ئەویش لەشوناس و کەسێتی نەتەوەیدا نواندنی دەکات:

(هیچ نەتەوەیەك بەبێ ڕۆشنبیریەکی تایبەتی نابێت و هیچ ڕۆشنبیریەکیش بەبێ نەتەوە بونی نابێت).(٦)ل ٤٤

ڕۆشنبیری و نەتەوە تەواوکەری یەکترین، شوناسیش کۆمەڵ جیادەکاتەوە بەسیفەتەکانی خۆیەوە لەوانی تر، دەبێتە بابەت بۆ ناکۆکی. شوناسی ڕۆشنبیری سیستەمێکە لەبەها و وێنا کراو و کۆمەڵگە بەتایبەتمەندی مێژویی و شارستانی خۆیەوە جیادەکاتەوە، کۆمەڵێك نیشانە و تایبەتمەندێتی لەڕەگەزە جیاوازەکانەوە هەیە خود لەوانی تر سەربەخۆ تر دەکات، بەونبونی ئەم نیشانانە خود ون دەبێت. چۆنێتی ناساندنی شوناس ئەوەیە لەپەیوەندی خود و کۆمەڵگا و ئەوانی تردا دەردەکەوێت.

چۆن شوناس دیاری بکەین؟ بگەڕێینەوە بۆ زەرادەشت شوێنەواری ساسانی ئەو پێشکەوتنەی هەیبو لەزەمەنی خۆیدا کوژایەوە، مێژویش ئالۆزە لەوەی ساسانی کورد بوبن.

ئەوەی مێژونوسان باسی دەکەن تایبەت محەممەد مەردۆخی لەسەردەمی کەیخوسرەوی گەورەوە تا هاتنی شا ئیسماعیلی سەفەوی کوردەکان بەشێك بون لەدەوڵەتی ئێران و هەر فەرمانڕەوایەك لەئێراندا بوبێت کورد یان فارس ئەمان لەژێر دەسەڵاتیدا بون، بەهیچ جۆرێك ملکەچی فەرمانی تورك نەبون.

کۆرشی گەورە بەهۆی ئەم دو برا دایکی و باوکیەوە توانی پەرە بەسنوری خۆی بدات و پشت بەرنەدان و هاوکاری ئەم دو نەتەوەیە توانی لەدەریای خەزەرەوە تا کەنداوی عەرەب بگرێت.

ئەم تێکەلاویەیش کەوتۆتە ناو مێژو، هەریەکە لەکورد و فارس ئەو دەوڵەتانە بەهی خۆیان دەزانن. دەبێت مێژونوسان ئەو ریشالانە ساغ بکەنەوە. خاڵی گرنگیش ئەوەیە کورد نەیتوانیوە لەو زەمەنانەدا خۆی دروست بکات.

دوای ئەوەیش هەتا پێخستنەوەی کورد لەسەردەمە نوێکانی داگیرکەریدا نەهاتە ناو بواری پێشکەوتن و نەتەوەیش بەشداری هیچ شۆڕشێکی بالای جیهانی نەکردووە و یەکگرتو نەبووە و بەشیرازە پچڕاوی لەڕوی نەتەوایەتی و چینایەتیەوە ماوەتەوە.

ئەگەر هاوکێشەیەکیش بۆ وەرگیراو و زانستەکان بکەین، دەبینین، مامەڵەمان لەگەڵ مێژو تەنیا پیرۆزکردن بووە و لەگەڵ پێشکەوتنەکانیشدا لاسایی کردنەوە و لەهێنانی بیری ئایدۆلۆژی و فەلسەفیشدا عەقڵی مێژوییمان نەبوە و لەوەرگرتنی زانست و تیۆر و مێتۆدەکانیشدا هۆشی زانستیمان نەبووە. گەڕانی ئێمە بۆ شوناس دەمانخاتە ناو تۆڕی دەیەها پرسیارەوە.

چەمکی شوناس لەم دو چەرخەی دوایدا دەرکەوتووە، زاناکانی کۆمەڵایەتی و ئەنسرپۆلۆژیا ڕۆڵی کاریگەریان بۆ گێڕاوە، بیریاران سێ جۆر شوناس دیاری دەکەن:(فەردی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی).

(د . هاشم)شوناس لەسەر ئاستی ڕابردو و ئێستا بەوە پێناسە دەکات، لەڕابردودا چەمکێکی میسالی جێگری هەبووە، لەچەرخی نوێدا سروشتێکی مێژویی و کۆمەڵایەتی ڕێژەیی هەیە، گواستنەوە و گۆڕانی هەیە، لەگەڵ بزوتنەوەی مێژو گۆڕانکاریە ڕیشەیەکانیدا، ئەو بەرفراوانبونەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دژی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی کردویانە، بەشاردنەوەی سیماکانی دەزانێت:

(هەوڵدانی ئەم دەوڵەتانە بۆ سڕینەوەی سیماکانی ڕۆشنبیری و شارستانی ڕۆڵەکانی ئەم دەوڵەتە ژێر دەستانە، وای کرد هەستی

نەتەوەییان تیادا زیندو کردۆتەوە و پاڵیان پێوە دەنێت زیاتر پێ لەسەر ڕۆشنبیری و شوناسی شارستانیانەی ناوازە دابگرن).(٧)ل٤٣

کورد بەدرێژایی مێژو لەململانێی مانەوەدا بووە، ئێستایش کەوتۆتە ناو پێشبڕکێی پێشکەوتنەکان و پەیوەندی هاوبەش و ئامادەکاری لەڕێی تۆڕی کۆمەڵایەتیەوە، ڕۆشنبیری تەکنیکی پانتایەکانی داهێنان و مەعریفەیان گرتۆتەوە و خاوەنی عەقڵ و بیری ژمارەیی نین. چۆن بەژمارەیی بیربکەینەوە و بنوسین؟ چۆن پێدراو و زانین و داهێنانەکانمان بەژمارەیی بکەین؟

د. هاشم ئەم ترسناکیە بەتاقی کردنەوەیەکی چارەنوس ساز دادەنێت:

(لەم بوارەدا ئەمە تاقی کردنەوەیەکی چارەنوس سازە، پەیوەندی بەتاقی بونەوەی ڕۆشنبیری و شارستانیەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە هەبێت یان نەبێت).(٨)ل٤٣

ئەم ترسناکیەش لەم سەردەمە جەنجاڵەدا بەهۆی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی زانیاریەکانەوە وڵاتانی ناوین و گەلانی هەژاری گرتۆتەوە، ئێستا زلهێزەکان لەپێشبڕکێی ئەوەدان کام زمانە ببێت بەزمانی تۆڕەکانی ئەلیکترۆنی، تۆڕی زانیاریان بەربڵاوە لەجیهاندا لەڕێگەی

مانگی دەستکردو تۆڕی تری گەیاندن و پەیوەندی، دەیەها شێوازی تری جیهان گیری.

دەبێت چۆن روبەڕوی ئەو هەمو شاڵاوە ببێنەوە؟ لەکاتێکدا زۆر نهێنین و پێیان نازانین و لاسایی کەرەوەی ژمارەین و بەهۆی هەوڵدانی پاریزگاری کردنی شوناسی نەتەوەیی توانای خۆ رێکخستنی نەبووە:

(نەتەوەکان لەڕێگەی مەرگی بایۆلۆژیەوە لەناو ناچن، بەڵکو لەڕێگای شیکاریکردنی ڕۆشنبیریەکانی و پوکانەوە و ئاوێتەبونی نەوەکانیەتی بەڕۆشنبیری نەوەکانی تر).(٩)ل٤٣

واتای ئەو سانسۆرانەی خراونەتە سەر باری رۆشنبیری، قەدەغەکردنی زمان و سڕینەوەی بەها و فۆڕمی نەتەوەیی و چاودێری ئەلیکترۆنی و شێوازی تری دەست بەسەراگرتنی بیری نەتەوەیی و رۆشنبیری و گەمارۆدان هەتا بەشداری لەدایەلۆژی ڕۆشنبیری و شارستانی جیهان نەکات و لەنێوان نەتەوەکاندا دوابکەوێت.

نەتەوەی کورد هەمیشە بون و مێژوی پوکێنراوەتەوە و دابڕاو بووە لەدایەلوژی شارستانی و پەیوەندیەکان، مامەڵەی دراوسێکان لەگەڵ کورد هەمیشە مەرگەسات بووە.

د، هاشم لای وایە: لەجیهانێکدا دەژین ڕێگە بەدابڕان نادات، هەمو هۆکارەکانی پەیوەندی ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و شارستانی بەرەو پێگەیشتن و دایەلۆژمان دەبەن، ئەمەیش دەخاتە ئەستۆی پیاوەکانی فیکر و ڕۆشنبیری و مامۆستاکانی دانیشگا و دوای ئەوانیش ڕۆلی پیاوانی ڕامیاری و دەسەلات، هەتا ڕامیاری گشتی هەڵببژێرن بۆ گەشەی کۆمەڵ و پەرەسەندنی.

ئەم پرۆژە کارکردنە کات و کەس و پێگەی تایبەتیان دەوێت هەتا گۆڕانکاری بکرێت و ئاستی ڕۆشنبیری دەربکەوێت، لەپێگەی بەرهەمهێنان و پرسیاردا دەربارەی شوناسێك(عەلی حەرب)بەمینێکی چێنراوی دەزانێت و زۆر لەتیۆریستەکانی جیهان بەسامناکی لێی دەڕوانن.

لەکوێوە بۆ شوناسێك بۆ ڕۆمانی کوردی بگەڕێین، لەسەر ئاستی تاقیکردنەوەی دەقی ڕۆماندا لەچوار پارچەی جیاوازەوە گەشەی کردووە، هەریەکە پابەندی کەلتوری نەتەوەیەکی جیاوازە، ئەوانیش دیسان تیۆریی ڕۆمانیان لەئەورووپاوە وەرگرتووە، ئایا دەتوانین لەنیشانەی دەقەکانەوە ئەو ناونانە بکەین ؟! یان پێویستە بگەڕێین بۆ ئاستی خوێندنەوەیەکی بەرهەمهێن؟ شوناسمان لەناو گەرداوەکانی زەمەندا ونە، لەچی زەمەنێکدا لەئایندەدا بونی خۆی دەدۆزێتەوە؟ ئێستا باس کردنی شوناس ترسناکیەکی

گەورەیە،(عەلی حەرب)لەدواگەڕانی خۆیدا بۆ شوناس دەکەوێتە گەرداوی دودڵیەوە:

(من لەنێوان شوناسە جیاوازەکاندا دو دڵم، لەپشتی چەند دەمامکێکی بێ شومارەوە خۆم دەشارمەوە).(١٠)ص ١٠٦

دۆزینەوەی شوناسی ئێمە سەختە، بەدرێژایی مێژو لەناو گێژەنگی کارەساتەکاندا بوین، شوناسی نەتەوە و جوگرافیا و خاکمان دزراوە، چۆن بۆ شوناس بگەڕێین؟ وەکو( عەلی حەرب)ببینە فەرەنسی، بەڕۆشنبریان ڕۆشنبیر بوین، یان ببینە بوزی و مەسیحی و ئەغریقی یان تەماهی لەگەڵ بکوژەکەماندا بکەین؟! شوناسێکی نامۆ هەڵببژێرن؟

(شوناسی من فراوان دەبێتەوە، تا سنورێك بێزم لەخودی خۆم ببێتەوە، وای دادەنێم کەمتر بم لەبەردێك).(١١)ل ١٠٦

ئەو هۆکارانە لەگومان و دو دڵی بەرامبەر شوناسی بوارەکانی تر بۆ ڕۆمانیش سەرسامان دەکات. ئایا ڕەگ و ریشاڵ و چەمك و بونیادەکانی لەو کەلتورەدا چیە؟!

شوناس کۆمەڵێك نیشانەی هاوبەش و گۆڕان و پەرەسەندنی هەیە، پەیوەستی چەمکەکانی تر دەبێت. ئامادەبونمانە بۆ داهێنان، بۆ داڕشتنی جیهانێکی نوێ، بۆ ناسینەوەی ئاستەکانمان، بۆ

دەرخستنی جیاوازی و هێڵی پەیوەندیەکانی ڕابردو و ئێستا و بەرهەمهێنانی ئاستە جیاجیاکانە بەرەو زەمەنی ئایندە.

شوناس واتایەکی ترسناکی هەیە، لەو پرسیارانەدا گێژمان دەکات زمانمان گۆ ناکات، بۆ کردنەوەی دایەلۆگی فیکری.

(وام لێهاتووە پرسیارکردن دەربارەی شوناس پرسیارێکی مین ڕێژکراوە، ئامانجی بەکێشکردنە بکەومە داوەکەوە، ئەو دەیەوێت ببمە بارمتەی شوناسەکەی خۆم، دیلی بیر و بڕوا و نەریت و ئاکارە جێگرەکان یان بیرۆکەیەك ببم من هەڵم نەبژاردووە).(١٢)لا ١٠٥

ئەمەیش مانای خۆدۆزینەوەیە لەڕێی داهێنان و دەرخستنی جیاوازی و بەرهەمهێنان و ڕوانین و ئەزمون و زمانەوە، نەکو شوناسێکی سەپاو.

گەڕانمان بۆ شوناس سەختە، هەروا بەسانایی نانوسرێت، دەبێت لەجیاوازیەکاندا خۆمان بدۆزینەوە، شوناسیش لەڕێی پەیوەندیەکانیەوە بەرجەستە دەبێت، پێکهاتەی نیشانەی مادی و مەعنەوین و لەیەك سیستەمدا بەرجەستە دەبنەوە، بۆ شوناسی ڕۆمانیش دێینەوە ناو کەلتور، بەهۆی قەیرانی ڕۆشنبیریەوە، هیچ نیشانەیەکی لەڕاڤە و توێژینەوەدا ئەو چەمکەمان نیشان نادات، بەدوای نادیاردا پەلکێشمان دەکات، لەسەر ئاستی ڕۆمان و پێکهاتەکانی دەکەوینە نێو پانتایەکی ترسناکەوە( ڕابردو، ئێستا،

ئاینـــدە، زانســـتەکان، فەلســـەفە، ئـــەدەب، هونـــەر، خـــود، ئـــەو، ئەوان...هتد).

ڕۆمان لەو ئاستەدا نەماوە بگەڕێینـەوە بـۆ ڕابـردو مەعریفـەی گشـتی یان چەمکی سواو و لەکەڵك کەوتو، لـەم چرکەیەدا شوناسـێکی بـۆ ڕۆمـان تیـا دا بەرجەسـتە بکـەین، ئایـا بـۆ ئاینـدە دەتـوانین فراوانـی کرانەوە بەهەمو پانتایەکان ببەخشین و داهێنـان بکـەین و دایـەلۆگی فیکـری نـوێ بسـازێنین؟! بیریـارانی جیهـان تـەنیا بەفەڕەنسـی و ئـەڵمانی نەناسین، بتـوانین ڕاڤـەی تیـۆریی جیهـانی بکـەین؟ ئاسـتی خوێنـدراوەی خۆمـان و ڕۆمـان دەبیـنین، لەئێسـتادا چ شوناسـێك بـدەین بـەم ژانـرە؟ لەکاتێکـدا ئـەو شـتانەی لەڕابردومانـدا هـەن هـیچ زنجیرەیەکمان نادەنی، کۆمەڵێك ئاماژە یان شێوازی پەیوەندیە.

کێشـەی دامەزرانـدن و شوناسـیش لەئێسـتادا کتێبخانـەی ڕۆمـانی کوردی ئاستێکی تەواو خراپی هەیە.

کێشەی بێشوناسیمان تەنیا ڕۆمان نیـە، مـن خـودێکی بـێ شوناسـم، یان شوناسم بزربووە، یان گۆڕاوە، هتـد لـەکوێوە بـۆ شـوناس بچین؟ بەزنجیرەی زنجیرەکاندا شۆڕببینەوە بۆ رابـردو، بـەرەو بنـەڕەت؟ یـان لەئێستادا پرسیار بکـەین؟ یـاخود زەمـەن سفر بکـەین، چـەرخی ٢٣ بکەینـە زەمـەنی پرسـیار؟ شـوناس لەبەرجەسـتە بـونی داهێنـان و

جیاوازیەکاندایـە، لـەفراوانبونی پانتایـەکانی فیکـر و دۆزینـەوەی پەنجەرەی نویٚ .

(من وای نابینمەوە شوناسیٚکی پیٚشترم هەبیٚت، بەڵکو من هەمیشە شوناسی خۆم نەك تەنیا بەجیاوازیەکەم لەگەڵ ئەوی دیدا دەبیٚت، بەڵکو بەجیاوازیم لەگەڵ ئەوەی پیٚشتربوم، بەکردنەوەم بەڕوی ئەو شتانەی لای(ئەون)، بەگشتی من لەکاتی سەرقاڵ بونم لەسەر دەقەکان پیٚم خۆشە، هەڵوەشاندنەوەیەك بکەم بۆ شتە قیٚزەونەکان و نەفرەت لیٚکراوەکان پلە و پایەی هەرچیەك بیٚت).(١٣)لا ١٠٨

( عەلی حەرب)نیشانەی جیاوازی لەڕۆشنبیریدا دەکات، رۆشنبیریەك داخراوە زیاتر سروشتیٚکی دۆگمایی هەیە، دیاریکراو جیادەکاتەوە و دەبیٚتە مایەی شانازی بۆیان.

ئەم جیا کاریانە بەکارکردن و داهیٚنان دەکریٚن، هەتا واقیعی باو بگۆڕن و بەرەو نویٚ بونەوە و گومان و سەر سامی دەچینە ناو ڕۆشنبیری جیهانەوە بەگشتی. ئەمەیش بەشۆڕشیٚکی رۆشنبیری دەکریٚت.

لای ریجس دوبریە ناونیشانی شۆڕشی ئەلیکترۆنی زەمەنی بینراو و بیستراوە، هەمو میدیا و دامەزارو و کەناڵ و پیٚگە رۆشنبیریەکان دەگریٚتەوە.

بـۆ دۆزینــەوەی شــوناس پێویســتە بــەدوای پرســیارەکاندا بچـین، بەدروست کردنی جیهانێکی نویٚ ئاستێك بۆ ئاینده وەربگرێت.

(دیسـان هـیچ شوناسـێك نیـە یـەك ڕەهەنـد و یـەك ڕو بێـت، بـەڵکو شوناســێکی ئاوێتەیــە زیــاتر لەڕویــەکی هەیــە و بــەڕوی زیــاتر لەجیهانێکدا دەکرێتەوە).(١٤)لا ١٠٦

کاتێـك دێینـە سـەر شوناسـێك بـۆ نازنـاوی ڕۆمـانی کـوردی دەبێـت شوناسی زمـان و کـەلتور لەچوار پارچەی دابەشکراودا بدۆزینـەوە، نیشانەکانی گۆڕان و پەرەسـەندن و داهێنـان بـزانین، دەمانگێڕێنـەوە بۆ بنەڕەتی ڕۆمانی کوردی و ئەو نازناوەیە هەیەتی، کۆمەڵە دەقێکـە لەفـەزای ڕۆشــنبیری کوردیــدا، جگــە لەهــەوڵی ڕەخنــەیی چــەند دڵسۆزێك، ڕەخنەیەکی تایبەتی نیە بزاندرێت چیان لەپەیوەندیـەکان و ئاسـتەکانی ئاینـدەدا کـردووە؟! یـاخود ئـەو جیاوازیانـەیان چـیە لەزمان و شێواز و هونەر و ئەزمون و تەقەنیـە؟ بەم شێوازە نازنـاوی ڕۆمانی کوردی دیاری دەکرێت؟

ئاسـت و قۆناغـەکانی ڕۆمـان و بنـەڕەت و چـەمکەکانی ڕابـردو بـۆ ڕۆمـانی کـوردی دیـارە، بنــەڕەتیش پابەنـدی کێشـەی شوناســە، ڕۆمـانیش تیـۆرێکی کـوردی نیـە، پێکهاتەکانیشـی دەبنـە دەیـان پرسیاری تر. هەروەها پەیوەندیەکانیشی بەژانرەکانی تری ئەدەب و

هونــەر و، هتــد. دەمانخاتــە نێــو گــەڕان بــۆ نادیــار، بــۆ ئاینــدە و جیهانێتی و فراوان بون و کرانەوە.

(عــەلی حــەرب)نمونــەی ســەردەمی عەباســیەکان دەهێنێتــەوە، لەســەردەمی خۆیــدا شارســتانیەتی مرۆڤایــەتی بــووە. ڕۆژئــاوای ئێستایش بەشارستانیەتی مرۆڤایەتی ناو دەبات.

لەئێســتادا پێویســتە جیهــان بــەجیهانی شارســتانیەتی مرۆڤایــەتی بزانین، بتوانین کەلێن و پانتایەکانمان پڕبکەینەوە.

٤

## بنەرەتی رۆمان

بیریارانی ڕۆژ ئاوا و جیهان لەسەر بنەڕەتێکی تەواو بۆ ڕۆمان تەبانین، ئایا سەدەی ١٨ی دەدرێتە پاڵ وەکو ژانرێکی ئەدەبی باڵا دەرکەوت و مرۆڤ گەیشتە ئەوەی هەست بەبون و چارەنوسی خۆی و بەگشتی پرسیار لەسەر باری مرۆڤایەتیدا بکات و لەڕۆماندا خۆی بدۆزێتەوە؟ یان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆرە ئەدەبیانەی بەپێی قۆناغی خۆیان لەسەرەتایەوە هاتون؟

(میخایل باختین)گەشەی ڕۆمان هاوکات دەکات بەهەڵوەشاندنەوە( تفسخ)ی زمانی ڕۆشنبیری دایکی( یۆنانی یان لاتینی)بۆ زمانەکان و شێوە زمانە گەلیەکان، سەردەمی( هلنستی)و سەردەمی ڕۆمان و گرنگی ڕاپەڕینی ئەورووپی بەیەکەوە هاوکات دەکات، زمانە نەتەوەییە ئەورووپیەکان یەکەم گەشەیان تیادا کردووە:

لەسەردەمی سوکراتەوە بەگفتوگۆکانیەوە و هەمو ئەو جۆرە ئەدەبیانەی کاریگەریان بۆ پێکهاتنی ئەم ژانرە هەبووە.

ئاماژەکانی(سـۆفرۆن)لەسـەدەی پێنجـەمی(پ.ن)نوسـیونی، هـەمو شـیعرێکی مـەی خواردنـەوە و ئـەو نمونـە هاتوانـەی سـەر زمـانی ئـاژەڵان و هەوڵدانـە سـەرەتایەکانی(ئـایون)بـۆ بـیرەوەری، لەدورگـەی(خیـوس)نوسـیونی و تێڕامـانی(کریتیـاس)و گوتـارە داشۆرینەکانی جۆرێکی ئەدەبی بون پابەند دەبن بەداشۆرینی پتەو، لەنامـەکانی سـەردەمی ئیفلاتونـدا. نامـەکانی(لۆکیـوس سـینیکا)ی ڕۆمـانی بـۆ(لوسـیلیوس جۆنیـۆر دیسیموس)لەچـەرخی یەکـەمی زاینیدا و نامەکانی(هۆراسیوس)شاعیری ڕۆمانی بەهوراسیش نـاوی دێت لە( ٦٥-٨ پ. ن).ژیاوە.

نوسـینەکانی(جوفینال)بە(دیسـموس یونیـوس)ناسـراوە، لەچـەرخی یەکـەم و دووەمـی زاینیـدا و ئـەدەبی مەیخواردنـەوەی گـەورە، بەداشـۆرینی پتـەوی( المیسـینیە)و دایـەلۆژی مردووەکـان لەسـەدەی سێدا بەیۆنانی نوسراون جۆرێکی ئەدەبین. گفتوگۆکان بەگفتوگۆی( لۆقیانوس)دەشوبهێن.

دەکرێـت هـەمو ئـەو جـۆرە ئەدەبیانـە لـەوتراوی داشـۆرینی پتـەودا پـۆلین بکـرێن، بەشـێوەیەکی تایبـەتی لـەگفتوگۆی سوکراتیدا پیـادە دەبن، دەتوانین بەڕۆمانەکانی ئەو سەردەمە ناویان ببەین، توخمێکی ڕاسـتەقینەن پـێش ڕۆمانیـان داوەتـەوە، ئـەم جـۆرە داشـۆرینە لـەفۆلکلۆرەوە ئـاو دراون(پێکـەنینی گـەلی)پانتـایی مەلحـەمی و

بەدوایەکـدا هـاتو لادەبـات، پێکـەنین کاریگەریـەکی گرنگـە بـۆ بەدەستهێنانی تـرس، زۆر لەمانـە بـەجۆرە ئەدەبیـەکان دەزانرێـت و ڕەوتـی ڕۆمانیـان تێدایـە و ڕۆمـانی ئـەوروپیان پاکـژ کردۆتـەوە و ڕۆحـی ڕاسـتەقینەیان بـۆ ڕۆمـانی یۆنـانی تێدایـە، کاریگـەریی تەواویان لەسەر ڕۆمانی ئەوروپی هەبووە.

لەسەردەمی باروکیدا تیۆریی ڕۆمان دەرکەوت بەپێکهاتەی شوناسی بـاوك سـەدەی ١٣ بـەڕۆمانی بـاروکی بـۆ شـوانەکان و ڕۆمـانی سۆزداری لای(ریچاردسۆن)و( فلیدینغ)ڕۆمانی سوارچاکی.

ڕۆمـان لێـرەدا بەشـێوەیەکی هۆشمەندانـە و ڕووبـەر و هـات، جـۆرێکی ئەدەبی ڕەخنەییە و ڕەخنـە لـەخۆی دەگرێـت، بەسـەرەتا و جـۆرێکی ئـەدەبیان دادەنێـت بـۆ پەرەسـەندن و پێکهـاتنی ڕۆمـان و ئامـاژە بەهـەمو ئـەو قوتابخانانـە دەکـات، گرنگیـەکی گـەورەیان بـۆ گەشەسـەندنی هـەبووە لـەڕابوردودا، بـۆ پێگەیشـتن لەسروشـتی ئـەم جۆرە ئەدەبیەدا، ڕۆمان هەمو ئەو پێویستی و توانایانەی لـەجیهانی نوێدا هەیەتی لەڕابوردودا نەیبووە، ئامـاژە بەبناغـەی ڕۆمـان دەکات وەکو جۆرێکی ئەدەبی گەشەی کـردووە، زۆر لەتوخمـەکانی ئامادەن و لەزەمەنێکی درێژەوە ڕیشەیان لەفولکلۆردا داناوە، ڕابردوی ڕەها و ئەفسانەی نەتەوایـەتی و نـامۆیی بەدوایەکدا هـاتو هـیچ ڕۆڵێکیـان لەپێگەیاندنیـدا نـەگێڕاوە، جۆرێـك بێـت، ئـەو ڕۆڵـە ئامادەییەشـیان

نــەگێڕاوە لــەکاتی دیاریکردنیــدا نــەبێت لەپەرەســەندنی رۆمانــدا، کاتێك شێوەیەکی لەشێوەکانی مەلحەمەی وەرگرت، وەکو لەڕۆمانی باروکیـدا، رۆمـان لـەناو ڕێـڕەوی بۆگـەنکردن و نـامۆیی مەلحـەمی و بەمێکردنی جیهاندا بەهۆی پێکەنینەوە گەشەی کرد.

بیرمەنــدانی ڕۆژئــاوا ڕای جیاوازیشــیان هەیــە، زۆریــان ڕەوانبێــژی بەبنــەڕەت دادەنــێن بــۆ ڕۆمــان، زۆریــش بــەگومانن بــۆ دۆزینــەوەی بنـــەڕەتێك بـــۆی، زۆریشـــیان گەشـــە و پێشـــکەوتنی ڕۆمـــان بەپێشـکەوتنی چینەکان دەزانـن، لەزەمـەنی لـەدایکبونی ڕۆمانـدا و مشت و مڕێکی زۆری لای(هێگـەڵ و مـارکس و لوکـاتش و بـاختین و گۆڵدمان و فرۆید و هایدگەر و بۆڵدیمان. .هتد)ناوەتەوە.

دیــاریکردنی مێژویــەك بــۆ بنــەڕەتی ڕۆمــان بــەدوادا گــەڕانی زۆری دەوێت.

هێگـــەڵ لـــەکتێبی(علـــم الجمـــال)دا بایـــەخێکی گـــەورە دەدات بەگواستنەوەی مەلحەمە بۆ ڕۆمان، لق لێبونەوەیەکی لاوەکیە لەو لق لێبونەوانـەی مەلحەمـە، ئـەم جیاوازیـەش لـەزمانی شیعریەوە سـەیر دەکـات، لەمەلحەمـەدا و زمـانی پەخشـان لەڕۆمانـدا، ئـەو واقیعـەی ڕۆمـان چارەســەری دەکـات دەرچـونە لەشـیعری پابەنـد بەسـۆز و دامـاڵران لێـی بـۆ گەیشـتن بەپەخشـان، زیـاتر پابەنـدە بـەبار ودۆخ و

ئاهەنگەکان شێوەی رۆمانی نویێ بەستراوەتەوە بەهەڵکشانی بۆرژوازی.

لۆکاتش ئەو پێکەوە بەستنە ئەندامیانەی لەنێوان گەشەی ڕۆمان و هەڵکشانی بۆرژوازیدا بەوە دەزانێت، ڕۆمان جۆرێکی ئەدەبیە بۆرژوازیەت دەربڕینیان لەواقیعێکی نویێ پێکردووە، ڕۆمان و چینی بۆرژوازی لەسەر و چینی ناوەندەوە لەپۆلینکاری کۆمەلایەتی کۆندا دادەنا. بونی ڕۆمان پابەندە بەگواستنەوە لەدەرەبەگایەتیەوە هونەری مەلحەمی گەشەی پێکردووە بۆ سەرمایەداری و هونەری ڕۆمان لێرەدا خۆی دۆزیەوە.

لەتیۆریی رۆماندا سەرنج دەداتە ئەو پەیوەندیە ئەندامیەی لەنێوان رۆمان وهەڵکشانی بۆرژوازیەتدا هەیە، بونی رۆمان هاوکات دەکات بەگواستنەوە لەدەرەبەگایەتیەوە هونەری مەلحەمی گەشەی تیا کردووە بۆ سەرمایەداری، هونەرێکی جیاوازیان تێدا دۆزیەوە هونەری رۆمان بو).(١٥).

( لۆسیان گوڵدمان)گەشەی ڕۆمانی مەلحەمی پەخشانی لەگەڵ هەڵکشانی بۆرژوازیەتدا دادەنێت، ڕۆمان هونەرێکە هەڵگری دەربڕینی وشە و وتەکانی چینی بۆرژوازیەتە، لەماوەی گەشەکردنی شۆڕشگێڕیدا سەرەتای ئەمانەش دەگێڕێتەوە بۆ سەدەی ١٦و

١٧وەك(لۆكـاتش)ئـەویش لەڕوانگـەی تیـۆریی( هێگـەڵ)ەوە زۆر لەبیرەكانی لەسەر ڕۆمان دارشت.

(میخایـل بـاختین)بەپێچـەوانەی ئەوانـەوە بـیر دەكاتـەوە، رۆمـان نواندنی جۆرێكی ئەدەبی خوارەوەییە بەناوی چینەكانی جیهانەوە قســـە دەكـــات، لەبەرپەرچـــدانەوەی كتـــێبی(علم الاجتمـــاع الادبی)لۆكـاتش دا بەلێكۆڵینەوەیـەك لەسـەر(دۆستۆیڤسـكی)توشـی كێشە هات، ئەو كتێبە قەدەغەكرا و خۆیشی بۆ سیبریا گوێزرایەوە.

ئەم جیاوازیەش لـەنێوان( لوكـاتش و بـاختین)لەوەدایـە(لوكاتش)لای وایە گواستنەوە لەمەلحەمەوە بۆ رۆمان گواستنەوەیە لەپەرەسەندنی كۆمەڵایەتیەوە سەرەتا بەدەرەبەگایەتی ئۆرستۆكراتی و لەسەردەمی راپەڕینی ئەورووپیدا بەرزبونەوەی بۆرژوازیـە. لای( بـاختین)مەلحەمـە سرودی یەك دەنگیە، ڕۆمان فرە دەنگیە، ئەم فرە دەنگیـەش پابەنـدە بەگەلەوە، بەچینەكانی جیهان یان خەڵكە گشتیەكە، نابێت ڕۆمان لقێـك بـێ لەلقـەكانی مەلحەمـە، مەلحەمـە پابەنـدە بـەزاڵبونی ئەرسـتۆكراتی و لەكەشـی ئەفسـانەیدا خـۆی دروسـت دەكـات، لەسـەرەتادا پابەنـدە بەخورافەوە دور لەزەمـەنی ژیـانی ژیـاو، ڕۆمـان لەزەمـەنی ئامـادەوە دەردەچـێت و زەمـەنی چـینەكانی جیهـان و جۆرێكی ئـەدەبی دیـاریكراو نیـە، بەردەوام لەپەرەسـەندندایە و ئـەو داخستن و گرتنەخۆییە لادەبات.

(بــاختین)لەگــەڵ( گرامشـــی)دا یەکدەگرێتـــەوە، هاوکاتیــەکی ڕون لــەنێوان ژیانــەوەی ڕۆمــان و دەرکــەوتنی هێـزی گــەلی نیشــتمانی لەئەوروپادا دەبینن، تێگەیشتن لـەم هێزە ئەوەیـە بەچینی ژێـرەوەی ئاسـتی کۆمەڵایــەتی دادەنرێــت لەڕۆمانــدا شــێوەیەکی تــەعبیریان دۆزیەوە.

( باختین)بەردەوام ڕۆمان بەکرانەوەیەکی دیاری نەکراو و دەوڵەمەند دادەنێت.

ڕۆمــان کلێشــە و شــێوەی هونــەری تــاك هــەڵناگرێت لەژیانــەوە و چالاکی بەردەوامدایە و هەمیشە گەنجە.

لای( فرۆید)لەزەمەنی منداڵی پێکدێت لەخـەونێکی ئازاراوی و بـەدو قۆنـاغ دابەشـی دەکـات. ڕۆمـانی یەکـەم ڕۆمـانی منـداڵی دۆزراوەیـە، تەمەنی لەسێ ساڵ زیاتر نیە و جیاوازی لەنێوان نێر و مێدا ناکات، دووەم منـداڵی ناشـەرعیە( الابـن غـیر شـرعی)تەمـەنی لـەنێوان ٣-٥ ساڵدایە و جیـاوازی لـەنێوان نێـر و مێـدا دەکـات و هەسـت بـەداوێن پیسی دایکیشی دەکات(١٦).

لـەم دو قوناغـەوە ڕۆمـان لەسـەرەتای هۆشمەندیـەوە دەسـتپێدەکات. گەڕانەوە بۆ بنەڕەتی ڕۆمان گەڕانەوەیە بۆ گەردەلولی هۆش؟

زۆریش ئەم زەمەنە دەگێڕنەوە بۆ یۆتۆپیا.(محمد کامل)گەشـەکردنی ڕۆمـان و یۆتۆپیـا دەگێڕیتــەوە بــۆ هەڵکشــانی نوسـینی پەخشــان

بەرامبەر بەزمانی شیعر، زمانی ئەدەبی و شانۆیی بووە و بەزمانی ڕۆژانەی گەل دادەنراو ئەدای دەربڕینەکانی بووە و ڕۆمان و یۆتۆپیا بەزمانی پەخشان نوسراون، زمانی هەڵکشانی گەلە بۆ جێگەیەك لەپێشەوەی مێژودا. ڕۆمان و یۆتوپیا خواستیان بۆ دروستبونی شـــوێنکاتی ئـــەوانی تـــرو واقیعێکـــی دەرەبەگایـــەتی هـــەبووە لەئەوروپادا. ئەم هاوکێشەیەش لەدۆزینەوەی ئەمریکاوە لەلایەن( کۆلۆمبس)ەوە لەساڵی ٤٩٢ ز سەیر دەکات. نیوەی و نبوی گۆی زەوی دۆزرایەوە، ڕۆمان و جێگە و زەمان و مرۆڤ هەمو ئەمانە لەچینی پەیوەندیدا وێنا کراون، جێگەیەکی خەیاڵیە و یۆتۆپیاش خەیاڵە، یۆتۆپیا و ڕۆمان گەیشتنە ئەو سنورە.

ماوەی گەشەی ڕۆمان هەڵکشانی بۆرژوازیەتە لەگەڵ یۆتۆپیادا بەراور دەکات و ڕۆمان و یۆتۆپیا شیدەکاتەوە، دەلالەتی جۆراو جۆر، لەسەر گەشتەکەی کۆلۆمبس بۆ مرۆڤایەتی دەخوێنێتەوە، لای مێژونوسان سەر کێشیە و لای زانایەکی دەرونزانی باوەڕ بونە بەخودو بەخەونێکی گەورە و ڕوداوێکی دابڕاوی دەزانن لەمێژوی نوێدا. لای لاهوتیەك دەلالەتی ئاینی هەیە، لای ئابوری ناسێك بناغـەی سـامانی ئەوروپیـە و بێشـکەی شۆڕشـی زانسـتی و پیشەسازیە و یەکێکە لەو هۆکار و کاریگەریانەی بالا دەستی ڕۆژئاوا بەسەر جیهاندا، دەرکەوتنی ڕۆمان و یۆتۆپیا و زانست و

بۆرژوازی بەدەرکەوتنی گەل دەزانێت لەسەر شانۆی مێـژوی ڕوداوی ئەوروپیدا.

لـەناو گۆڕانـە جـۆراو جـۆر و باڵاکـانی ئـەوروپا و جیهانـدا، چـۆن بنەڕەتێك بۆ ڕۆمان دیاری بکرێت؟

باختین ئاماژە بەباشترین کتێبی( ایـروین رود)دەکات لەسـەر مێـژوی ڕۆمـان، بەوەی قسـە لەسـەر مێـژوی ڕۆمـان ناکـات، بـەو پێیـەی قسـە لەســەر ڕەوتــی هەڵوەشـاندنەوەی هــەمو جۆرەکـانی ئـەدەبی گـەورە دەکات لەقۆناغی دیاریکراودا ناسیویانە.

(بـاختین)لای وایـە ڕۆمـان جـۆرێکی ئـەدەبی تاکـە، هـەتا ئێسـتاش لەهــەوڵی پێکهاتنـدایـە، تــەواو دروســت نــەبووە، بـونی ئــەم جـۆرە ئەدەبیــە بــەردەوام پێویســتی بەزەمــەنێکی درێــژ هەیــە، هـــەتا بەشـێوەیەکی کۆتـایی تیایـدا دابمـەزرێت، شـێوەکانی تـری ئـەدەبی دەیانناسین بەپێی خۆیان دروستبون.

## ٥

## بنەڕەتی ڕۆمانی كوردی

چـەمكی بنـەڕەت، لای بیرمەنـدان ڕای جیاوازیـان لەسـەری هەیـە. لەشـێوازی بیركردنـەوە و ڕێـڕەوی نوسـین و شـێوازەكانیدا لەهـەر جۆرێكی ئـەدەبی یـان فەلسـەفی و زانسـتی و مـەعریفی، هتـد، لەگـەڵ یەكتریـدا جیاوازیـان هەیـە، بەتایبـەتی ئـەو شـتانەی پەیوەنـدیان لـەقوڵایی مێـژوی ڕابـردودا هەیـە، لەئێسـتادا ئـەو شـتانەی تـازە دروست بون ژیاری و چركەی تۆمار بون و ئاشكرا بونن، بۆ ئاینـدە ئاسان دەبن، ڕابردوی قوڵی جۆر و شێوازەكان بۆ ئێستا و ڕابردو قـورس بـون، جیـاوازیش هەیـە لـەنێوان نەتەوەیـەك و نەتەوەیـەكی تـردا، لەبەرجەسـتە بـونی هۆشـیاریەوە لەبوارەكانـدا دەردەكـەوێت، بەتایبـەتیش چـەمكی بنـەڕەت بـۆ ڕۆمـان، ئاڵۆزیـەكی زۆری هەیـە، وەكـو جۆرەكـانی تـری ئـەدەب نیـە و سـەدان لایـەنی گرنگـی هەیـە، بـەخاڵی سـەرەكی و كاریگـەری گـۆڕان لەسـەر بـاری شارسـتانی ئەوروپا دادەنرێت، لەزۆر لەلایەنە گرنگەكانی ئـەم ژانـرە بێبەشـین؟!

پاش ئەوەی نزیکەی نیو سەدە بەسەر دەقی ڕۆماندا رابوردووە نەتوانراوە ئەم لایەنە گرنگە بەرەو پێشەوە ببرێت.

نەبونی پێگەی ڕۆشنبیری و هۆکاری گەیاندن و پەیوەندی نێو نەتەوەیی و جیهانیەکاندا تەنانەت ناوچەیش ئەستەم بووە. ئەم هۆیانە گاریگەر بون لەسەرەتای لەدایکبونی ڕۆمانی ئەورپیشدا، ئەگەر ئەو کاتە چەند دەقێکمان هەبوبێت لەبابەت مەلحەمە و تراژیدیا، ئەوا بواری نوسەر و نوسینەوە بەپێگەی ڕۆشنبیری و هۆکاری گەیاندنی گشتی نەبووە و نەیتوانیوە بێتە ناو بواری ڕۆشنبیریەوە. گۆڕان بەسەر ئەزمون و تاقیکردنەوەکاندا بهێنێت و گەشە بکەن لەئێستادا.

ئەو دەقانەی لەسەرەتاوە بونیان هەیە، وەك رەخنەگر كاك(سابیر رەشید)لەتوێژینەوەکەیدا ئاماژەیان پێدەکات:

(زاراوەی رۆمان لەئەدەبی کوردیدا(حاجی قادر)ی کۆیی لەسەدەی نۆزدەیەمدا لەشیعرەکەیدا بەکاریهێناوە:

زەمانە رەسمی جارانی نەماوە

چراغی نازم ومونشی کوژاوە

لەدەوری ئێمە رۆمان و جەریدە

ئەگەرچی مەقصەدە. زانینی باوە.

یەکەم رۆمانی کوردی چاپکراویش. لەسەر ئاستی هەمو کوردستان رۆمانی(شڤانێ کورمانجا)نوسینی(عەرەب شەمۆ)ساڵی ١٩٣٥ لەئەرمینیا- ئێریڤان بەپیتی روسی نوسراوە و چاپ کراوە. رۆمانی(قەلای دم دم)یش هەر نوسینی(عەرەب شەمۆ)یە.

یەکەم بەرهەمی بڵاو کراوەیش زاراوەی رۆمانی لەسەر نوسرابێت لەکوردستانی عێراقدا رۆمانی( نازدار یا کچی کورد لەلادێ)(محەمەد عەلی کوردی)ە لەساڵی ١٩٣٦دا لەسەد لاپەڕدا نوسراوە و بەزنجیرە لەگۆڤاری روناکیدا بڵاوکردۆتەوە.

لەسەر ئاستی هەمو کوردستان(مەسەلەی ویژدان)ی(ئەحمەد موختار جاف)ساڵی ١٩٢٧-١٩٢٨ نوسراوە و هەر بەدەست خەتی ماوەتەوە، هەتا ساڵی ١٩٧٠بەهەوڵی دکتۆر ئیحسان فوئاد ساڵی ١٩٧٠ چاپکراوە و پێشەکی بۆ نوسیوە.

یەکەم کورتە رۆمان بڵاوکراوە لەئەدەبی کوردیدا(لەخەوما)ی(جەمیل سائیب)ە ساڵی ١٩٢٥ نوسراوە، هەتا ساڵی ١٩٧٥ لەشێوەی کتێب چاپ نەکراوە. کاتی خۆی هەژدە ئەڵقەی لەرۆژنامەی ژیانەوە و پێنج ئەڵقەی لەرۆژنامەی(ژین)دا بڵاو بۆتەوە.

یەکەم بابەتی رەخنەیش لەبارەی رۆمانی کوردی بەناونیشانی(غیاب الروایە فی الأدب الکردی) نوسینی(محەمەدەمین ئەحمەد)بەپێنج

بـەش لەرۆژنامـەی التـاخی بـەزمانی عـەرەبی بـڵاوی کردۆتـەوە زنجـیرەی یەکـەمی لـەژمارە ١٤٠٦ لـە١٩٧٣/٨/٩ بڵاوکردۆتـەوە و زنجـــیرەی پێنجەیشـــی لـــەژمارە١٤١٩لـــە١٩٧٣/٤/٢٦دا بڵاوکردۆتەوە).(١٧)

ڕۆمـانی(ژانی گـەل)ی(ئیـبراهیم ئەحمـەد)سـاڵی ١٩٥٧ چاپکراوە و ڕۆمـانی(پێشـمەرگە)ی(ڕەحیمـی قـازی)و چـەند دەقێکـی تـری بەدوایەکدا هاتو، نمونەی لەدایك بونی ڕۆمانی کوردین، خوێندنەوە و بایـەخیان پێبدرایـە، زیـاتر پێشـدەکەوت. وەك ئـەو ڕۆمانانـەی لەمێژودا توانیویانە ببنە خاڵی وەرچەرخان، وەك(وێنەی هونەرمەند لـــــەتاڤ لاویـــــــدا)ی(جـــــــیمس جـــــــویس)و ڕۆمانــــەکانی(دۆستۆیڤســــکی)و(تۆلســــتۆی)و ڕۆمــــانی(دۆن کازمۆرۆ)ی(ماشادۆ دەئەسیس)ی بەرازیلی لەساڵی ١٨٩٩ چاپکرا، توانی لەڕێگەی ئەفسانەی کوشتنی ئەژدیهایەکەوە لەئەشکەوتێکدا، ئـەو واقیعـە ئەفسـانەیەی ئـەمریکای لاتـینی بڕەخسـێنێت، هـەتا ئێستاش توێژینەوەی قوڵی لەسەر دەکرێت.

ڕەخنە و توێژینەوەی کوردی تایبەتمەندێتی خۆی نەبووە بتوانیت بیانخۆێنێتـەوە و ببێتـە زمـانی دووەم و باسـکردنی بنـەڕەتیش ئاڵۆزیـەکی زۆرە، شوناسـی ڕۆمـانی کـوردی لەکۆمەڵـە دەقێـك و پەیوەنـدی و بـواری میللـی و فولکلـۆر و سـەرەتایەکی ڕەخنـە و

توێژینەوەوە پێکدێت. لەم چەرخە پڕ بایەخەی پێشبڕکێی ڕۆماندا چۆن شوناس و بنەڕەتی بدۆزینەوە؟، ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو لوتکە هەڵدەکشێت و ئەو زەمەنانەی بڕیوە مەلحەمە و داشۆرینی پتەو و پێکەنینی گەلی و گفتوگۆ و زۆر شتی تر لەنمونەی ڕۆمانی ئەورووپی و لەمێژوی نەتەوەدا لەناو چەمك و ئەو پەیوەندیانەی لەڕابردودا بونیان هەبوبێت ببنە بناغەیەك بۆ ڕۆمانی کوردی.

بیرمەندانی ئەورووپی کێشەیان لەسەر بنەڕەت و مێژوی ڕۆمان و لەزەمەنی سەرهەڵدانیەوە کاریان بۆ پێکهاتەکانی کردووە. لەمێژوی ژیاری خۆیانەوە ڕەگ و ریشاڵ و پەیوەندی و کارتێکەری و پێشکەوتنیان دۆزیوەتەوە.

(میخائیل باختین)ڕۆمان پاکژ دەکاتەوە لەو خەسڵەتانەی ڕابردو، مەلحەمە و هەمو جۆرێك لەجۆرەکانی یان توخمە بنەڕەتیەکان کۆنترن لەنوسین و بەسروشتی شەفەوی پارێزگاریان لێدەکرێت، لەناو ئەوانەدا تەنیا ڕۆمانە جۆرێکی ئەدەبی تاکە، هاوشانی ئەندامی شێوە نوێیەکانە بۆ پێشوازی و بێدەنگی لاهوتی یان بۆ خوێندنەوە. ڕوداوی بنەڕەتی ئەوەیە ڕۆمان بەپێچەوانەی جۆرەکانی ترەوە هەڵگری یاسای تایبەت نیە و پێکدێت لەکۆمەڵێك نمونەی ڕۆماننوس و شیکردنەوەی، ڕۆمان لێکۆڵینەوەیە لەزمانی زیندوی گەنج و جۆرێکی تاکە لەسەردەمی نوێدا لەمێژوی جیهانیدا

لەدایکبووە و بەقوڵی کار لەم سەردەمەدا دەکات بۆ باڵا دەستی خۆی لەناو ئەدەبدا.

لەم سەردەمە جەنجاڵەدا ڕۆمانمان پیّ گەیشت، لەساتێکدا ڕووبەڕوی پرسیارەکانی ئەم رۆژگارە بوینەتەوە. دەقیشمان هەبوبێت بەزمانی شیعر نوسراون، لەسەردەمی هاوکاتی رۆماندا راڤەیان بۆ نەکراوە، ئەو کاتە لەبری ئێستا سەدەی ١٩دەبو بەچەرخی لەدایکبونی ڕۆمانی کوردی.

بەپێی تیۆریی(باختین)ڕۆمان نابێت شاعیری بێت بەو واتایەی لەجۆرەکانی تری ئەدەبدا پێویستە، نابێت پاڵەوان بەواتای مەلحەمی و تراژیدی پاڵەوان بێت. دەبێت سیفاتەکانی چاك و خراپ لەخۆیدا کۆبکاتەوە، وەکو سیفەتی کۆمیدیای سامی، گەورەیی و بچوکی لەخۆی بگرێت، پاڵەوان وەکو مرۆڤێك لەگەشە سەندن و پەروەردەیی ژیاندا بێت. تراژیدیا و مەلحەمە و هەمو ئەو شتانەی تر ناتوانن لەئێستادا ببنە بناغەیەك بۆ ڕۆمانی کوردی، زەمەنی ڕۆمان جیاوازە لەزەمەنی نەشونومای سەرەتایی.

رۆمان لەئێستادا خۆی دەتوانێت لەبوارەکانی ڕاڤە و خوێندنەوەی جیاوازەوە تیشك بخاتە سەر ڕابردو و ئێستا و ئاییندە.

ئێستامان لەپێشبڕکێی گۆڕانە چرکەیەکاندایە، بەشداری لەجیهانبینی و هۆکارەکانی پێشکەوتندا هەیە ناگەڕێتەوە بۆ دواوە،

لەچرکە و زەمەنێکدایە ئەم دایەلۆگانە دەکرێتەوە، وەکو شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەی(هۆسرڵ)ئایندە ئەو شەپۆلانەیە دەیبڕێت و ئێستا ناو ئۆتۆمبێلەکە و ڕابردو سەیر کردنە لەئاوێنەکەوە، ئێستای ڕۆمان پەیوەندیە فرە زمانی و فرە دەنگی و فرە ڕۆشنبیری و فرە ئاسۆیی و پەیوەندی فرە مەعریفیە، پرسیارمان لەم ئێستایە ئەوەیە، چۆن بەشداریی گۆڕانەکانی جیهان دەکات؟ !

باختین گرنگی ڕۆمان بەجۆرێکی ئەدەبی تر ناو دەبات، جیاوازیەکانی نێوان مەلحەمە و ڕۆمان ئەوەیە، ڕۆمان قۆناغێك بێت لەقۆناغەکانی ڕەخنەی جۆرەکانی تری ئەدەب و مەلحەمە شێوەیەك بێت بۆ دورخستنەوەی پاڵەوان لەمەلحەمەدا، ڕۆمان ڕو بەڕو بەشداری کردووە، شێوەیەکی هۆشمەندی هەیەو جۆرێکی ئەدەبی ڕەخنەییە، هەڵدەستێت بەڕەخنە گرتن لەخود و پێویستە بناغەی ئەدەبێکی پەخشانی و شیعری زاڵبو دابمەزرێنێت، ئەویش بەپراکتیك کردنی بەو تیۆرەی پابەندە پێوەی. سێ شێوەی تایبەتیش دیاری دەکات بۆ دەرخستنی جیاوازیەکان و سیفاتە هاوچەرخیەکان و ڕۆمان لەهەمو جۆرەکانی تری ئەدەب جیادەکەنەوە:

١- داڕشتنی درۆ شاخدارەکان بۆ ڕۆمان، پابەندن بەهۆشمەندی فرە زمانی تیایدا ئەنجام دەدرێت.

٢- پەیوەندیە زەمەنیە باوەکان لەوێنەی هەبو لەناو ڕۆماندا.

٣- ناوچەیەکی نوێ لەڕۆماندا بۆ بینای وێنەی ئەدەبی بەواتا ناوچەی بەیەکگەیشتنی ترۆپکی بەئێستای هاوچەرخەوە، بەو پێیەی هەتا ئێستایش تەواو نەبووە).(١٨)ل٢٩

ئەم تایبەتمەندێتیانە کۆمەڵگەی ئەوروپی لەمێژوی خۆیاندا دەستیان کەوتووە، گواستنەوە لەبار و دۆخێکی تایبەتیەوە بۆ جیهانێکی داخراو و هێمن و بارێکی نوێ لەدەرکەوتنی پەیوەندی نێونەتەوەیی و کەلتورەکان، لەکۆمەڵێك لەزمانەکان و ڕۆشنبیریەکان و سەردەمە جیاوازەکاندا.

ئەم خەسڵەتە تایبەتیەکانی ڕۆمان لەجۆرەکانی تری ئەدەب جیا دەکاتەوە و ئاستی ڕابردوی خۆمان و کاریگەری و ئاستی ڕۆمانیش لەهەوڵەکانمدا دەردەکەون و توشی ئەو پرسیارە دەبینەوە، بۆ شوناس یان بنەڕەتی ڕۆمان، چی بکەین؟ کۆمەڵگە لەڕابردودا لەسەر ئاستی جیهانێتی و پەیوەندیەکان و فرە زمانی و فرە دەنگی و فرە ڕۆشنبیریدا داخراوبووە.

## ٦
## ئێستا و ڕابردو ئاینده و ڕۆمان

زەمـەن بـۆ سـێ قۆنـاغ دیـاری دەکرێـت، رابـردو و ئێسـتاو داهـاتو، پەیوەنـدی ئـەم سـێ زەمەنـەیش لەهــەمو سـەدەکاندا گۆڕانکـاری ریشەیی لەخۆی گرتووە.

لای هۆبس ودیکارت و باسکال و ریکۆر و کانت و ئەوانی تر ئادابی هیوایـان لەسـەر پێشـکەوتن دانـا. دوای شۆڕشـی فیزیـایی غـالیلۆو نیوتن گۆڕانکاری لەنێوان زەمەنی مێژویدا کرا، لای هێگەڵ و نیتشـە بابـەتی ئاینـدە بـۆ شـێوەی رزگـاربون(الخلاص)هـات و بـو بـەتیۆریی هۆشمەندی بەزەمانەوە و ئاینده ناوەندێك بێت بۆ زەمان.

ئینیشتاین ئەوانەی باوەڕیان بەفیزیا هەیە دەزانن وەستان لـەنێوان ئێستا و ئاینده و داهاتودا ئەندێشەیەکی کەللەڕەقی بەردەوامە.

لای هایدگـەر پانتـایی ئاینـدە بـەو وەسـفەی ناوەنـدێکی زەمانیـە لەئاسـۆی پرسـیاری مرۆڤـدا لـەواتای بونگەرایـەوە بـۆ جیهـان، لـەدەرونی خۆمانـەوە بـۆ ئاینـدە دەڕوانـین، بونـەوەرێکین شوناسـی خۆمـان لەبەهێزیـەوە بـۆ گریمانـەکان دەبـڕین، زەمـان هونـەرێکی بنەڕەتیە بۆ باوەڕبون بەخۆمان. جۆنـاس و سـیوران هـەردو قوتـابی

هایدگەر لایان وایە داواکردنی فەلسەفی ئیسپات کردنی سەرەتایی ئایندە نیە، بەڵکو دوبارەبونەوەی داهێنانەوەیەکی ترە بەو وەسفەی گرەو خودی هاوچەرخ تێیدەپەڕێنێت وەك ئەوەی هایدگەر وێنای کردووە.

سێوران دەڵێ: هیوابون درۆ کردنە بەئایندە، یەکەیەکی ڕاڕایی و خەیاڵێکی تۆباوی رەشە. هایدگەر رونکردنەوەمان لەسەر ئایندە دەداتێ. بەبێ سیفات و شوناسێکی تەواو.

باشترین پێناسەی نویش ئەوەیە گەورەترین بەها لەلای مرۆڤی نوێ بونی هۆشمەندی مێژویی و گفتوگۆیە لەنێوان ئێستا و رابردو ئایندەدا.

چۆن رابردو ئێستا و ئایندە بخوێنینەوە؟ چۆن باسی لەدایك بونی رۆمان بکەین؟ ڕۆمان نوسمان نەبووە، یان هۆکاری دواکەوتویی کۆمەڵگە هەژاری کەلتورەکەی بووە؟ بەهۆکاری ئەو بارە داخراویەی کۆمەڵگەی کوردی بەپێی قۆناغەکانی مێژو تێیکەوتووە، لەبواری نوسین و نوسینەوە و بڵاوبونەوە دواکەوتووە، چۆن هەوڵی رۆمان بدات؟

لەئارکیۆلۆژیای شانۆی کوردی و کوردستان جوگرافیا و دەسەڵاتدا ئەو پشکنینەمان لەسەر ڕابردو و مێژو جوگرافیا کردووە، لێرەدا بەکورتی دەستنیشانیان دەکەمەوە.

بــاری جــوگرافی كـــوردستان هەڵكەوتەیـــەكی دوری لەڕۆژهەلاتـــی ناوەڕاسـتدا هەیـەو ناوچـەیەكی شـاخاویە و بـەهۆی كـەمی ڕێگـا و بانـەوە هاتوچـۆی لـەناوخۆ و دەرەوەدا سـەخت بـووە و نـەیتوانیوە هەوڵـی شارستانی بدات. لەبواری بازرگانی و سەربازی و پەیوەندی نەتەوەكان و نەبونی بازاڕی ئابوری هاوبەش و یەك نـەگرتنی هـەردو شـێوە زمـانی كرمـانجی سـەرو خـوارو نـەبونی سـنوری دەریـایی ستراتیژ و ڕێكخستنی شیرازەی چینـایەتی بۆ نـەكراوە و بەشـیرازە پچڕاوی ماوەتەوە، دەسەلاتێكـی سەربەخۆ و بەردەوامی نەبووە.

كـــۆمەڵگەیش لەســەر ئاسـتی توانـای دەرەبەگـایەتی و خێلایـەتی خۆی ڕێكخستووە نەك دەوڵەت لەپەیوەندی جیهانیشدا دابڕاو بـووە بـۆ پەیوەنـدی سـتراتیژیەتی گـەلان. داگیركـەران نەهـــاتونەتە نـاوی، زەینەفـــونی یۆنـانی لـە٤٨٠(پ. ز)دا، بـەهۆی شـەڕی ئێرانـەوە لـەم خـاكەوە گەڕاوەتەوە، دەوڵـەتی ڕۆمی بێزەنتیش دەسەلاتی ساسـانی ڕوخانـد و سـنوری لێتـەنین، لـــەدوای ساسـانیەوە ڕۆژ بـەڕۆژ سـنور بـــەرەو بچـــوك بونـــەوە هـــاتووە و جوگرافیـــای خراوەتـــە ســـەر دراوســێكانی. لـــەدەریایش دور كەوتۆتـــەوە، ئـــەو زانیاریانەیشـــی لەدەســت داوە، بـــەهۆی ئـــاینی زەرادەشـــتی و ژیـــانی كۆمەلایـــەتی خۆیەوە فێری بووە.

کورد لەرابردودا لـەداگیرکەرەوە فێری شارستانی نەبووە و سـودی لـێ نـەبینیوە، وەکـو زۆر لەگـەلانی جیهـان فێـری پێشـکەوتن ببێـت، هەتا ئێستاش میسر شانازی بەو داگیر کردنەیـەوە دەکـات، لەلایـەن ناپلیۆنەوە فێری شارستانی بون.

کوردسـتان لـەزۆر هێرشـی گـەورە بێبـەش بـووە بـەهۆی نـەبونی دەریـاوە، لەوانـەش ئەسـکەندەری مەکـدۆنی لەسـنوری کوردسـتانی تورکیـاوە بـەهۆی نزیکـی لـەئاوەوە تێپـەڕبووە، زۆربـەی هێـرش و داگیرکـاری، کوردسـتانی نەگرتۆتـەوە، بـەهۆی سـەختی و هۆکـاری جـوگرافی تێیـدا نەماونەتـەوە و نەبۆتـە جێگـەی تـەماعیان و لەلایـەن دراوسێکانیشـــیەوە بچـــوك بۆتـــەوە و گەمارۆیـــان داوە و بـــون و سـیمایان سـڕیوەتەوە و لەسـەر کوشـت و بـڕی کـوردیش یـەکبون. دەسەڵاتی ناوچەیش دروست بوبێت نەیتوانیوە گەشە بکات.

بۆچـــی کورد بەدرێژایی مێـژو نـەیتوانیوە پێکهاتـەی خـۆی بکـات؟ دەبێـــت لەپەیوەندیـــەکانی(دەســـەڵات و مەعریفـــە)بـــدوێین، لـــەم سەرسـوڕماویەدا زۆر گـۆڕانی گـەورە بدۆزینـەوە، لەمێـژودا هـەبون، خوێندنــەوەی نیتشــەی ئەڵمانیــە لــەم چـــــەرخەدا بــۆ زاردەشـــت لـــەرابردودا نـــەتوانراوە بخۆێندرێتـــەوە، بـــەهۆی ڕوخانـــدنی ساسـانیەکان خوێندنـەوەی هـەمو شـێوازێکی ئـاینی زەردەشـتی ساسانی لەجێگە و ناو و ڕەوشت و ئاکار و ئاین، ئەوە دەسەلمێنن

زەردەشت کورد بووە، یان کارتێکەری سەرەکی هەبووە، کتێبی ئاڤێستایش بەفارسی نوسراوە.

دوای ئەوە ئاینی مەسیحیش تەواو گەشەی سەندووە و زۆربەی شارەزایان و پیاوە گەورەکانی مەسیحی بەهۆی چەوساندنەوەوە، بەهۆکاری جیابونەوە و ناکۆکی مەسیحیەکانەوە هاتونەتە کوردستان و تیایدا نیشتەجیٚ بون . ئەوکاتە پێشکەوتو بووە.

لەو پاشماوە فیکری و شارستانیەتەی لەسەردەمی زەرادەشت و دوای ئەوادا هەبووە، بۆچی کاریگەریەکەی نەماوە، ئاینی ئیسلامیش لەدوایەوە هاتووە، جگە لەنەمانی ساسانی، ئەویش پەیامی خۆی گەیاندووە و ڕابردوی سڕیوەتەوە.

ئەگەر تەواو بگەڕێینەوە بۆ مێژوی نوح پێغەمبەر لەکوردستان گیرساوەتەوە، دەبێت ئێمە نەوەی نوح بین؟ لەدوایشیەوە پێغەمبەر ئیبراهیم هاتووە لەکاتی نەمروددا. مەئاباد پێغەمبەرێکی ترە لەدوای ئەوەوە، شاری مەهاباد بەناویەوە ناونراوە، لەو سەردەمانەشدا دەوڵەتی ماد دەسەڵاتی هەبووە، دواتر بەهۆی ئەخمینیەکانەوە روخاوە و ئەشکانی و مەکدۆنیش هەمان چەشن داگیریان کردۆتەوە.

بەم شێوەیە نەتوانراوە لەسەر بنەمای ئاین شوناسی خۆمان دیاری بکەین، وەکو عەرەب شوناسیان لەهاتنی ئاینی ئیسلامەوە دیاری

دەکەن، لەزاردەشتەوە دیاریمان بکردایە. زۆر هۆکاری تر دەبنە ڕێگری کارتێکەری ئاینی زەرادەشت.

لەو سەردەمەدا کوردستان لەزۆربەی گەلانی تری ناوچەکە پێشکەوتو تر بووە، لەدوایانەوە پاشماوەیەك بەجێ نەما، ئەو ئاینە نەهاتۆتە ناو مەعریفەی خوێندنەوە و نوسینەوە، دوای هاتنی ئاینی ئیسلامیش کورد وەك عەرەب هاوبەش بووە لەپەیڕەوکردنیدا، لەڕوی زمانەوە جیاوازی گوتاری کوردی و عەرەبی هەیە، نەتوانراوە شوناسی خۆمانی لێوە دیاری بکەین، ئیسلام ئاینی مرۆڤایەتیە، هەرچەندە لەروی زمانەوە عەرەبیە.

کاریگەری ئاینی ئیسلام نکۆڵی لێناکرێت و لەڕێگایەوە فێری خوێندنەوە و خوێندەواری بوین و یاسا کۆمەڵایەتیەکان لەوەوە داڕێژرا، بۆچی نەتوانراوە دەسەڵاتێك پێکبهێنێت؟ بەرفراوان و تەمەن درێژ بوبێت. دەکرێت لەم سەردەمەدا خوێندنەوەیەك بۆ ئێمەو ئەو و ئەوانی دواتر بکەین؟

بواری نوسین و نوسینەوە و نوسەری نەبووە، ئەو لقە ئەدەبیانەی پێی گەیشتووە لەڕێی نوسینەوە و لەبەرکردنی فەقێکانەوە بووە و دەستەیەکی کەمی گرتۆتەوە، بەهۆی ئەو سەختیەشەوە کۆمەڵێك شێوە زمانی قورسی پێکهێناوە، هەر کۆمەڵگەیەك خاوەنی کۆمەڵە

شێوازێکی زمان بێت کار دەکاتە سەر قورسی بواری ڕۆشنبیری و زمان تیایدا وەکو(دی سوسێر)ئاماژەی پێدەکات.

ئاڵۆزی لەو هەمو شێوە زمانی ناوچەیەوە چۆن زمانێکی یەکگرتو پێکبهێنێت؟ زمان تەنیا لەئاکاری ڕۆژانەی جوتیاری و بەرگریدا دەربڕدراوە، زمانی ڕۆشنبیری و پیشەسازی بوارەکانی تر نەبووە.

چۆن باس لەپەیوەندیەکانی(دەسەڵات و مەعریفە)بکەین؟ ڕاڤەی تیۆر و فەلسەفە و زانستمان نەکردووە، بەر لەداگیرکەری کۆلۆنیاڵی و هاتنی حیزب، دەکرێت لەمەعریفەوە بۆ دەسەڵات هاتبێتین؟ جگە لەمەعریفەیەکی گشتی مەعریفەیەکی زانستیمان نەبووە، ئەگەر لەمەعریفەوە بۆ دەسەڵات چوبین کامەیە ئەو مەعریفەیەی توانیبێتی بنەماکانی دەسەڵات دابمەزرێنێت؟

ئەوەی لەزانستەکاندا دەستکەوتی مێژویمانە. زمان و جوگرافیا و مێژو شارستانیەت و ئاکاری کۆمەڵایەتیەوە، ئایا توانراوە شێوەیەکی زانستی وەربگرن؟ دەکرێت لەدەسەڵاتەوە بۆ مەعریفە هاتبێتین؟

دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتی خێڵ و ناوچەگەرێتی بووە، نەیتوانیوە باری شارستانی لەهەمو ڕویەکەوە پێش بخات و چەمکی دەسەڵات بەواتای خۆی بەرجەستە بکات. ئەمەو دەیان پرسیاری تر لەسەر دەسەڵات دروست دەبن، ئەی دەبێت گێژببین وەکو(جۆرج

بۆڵتزێر)بـــەدوای(هێلکـــە لەمریشـــکە یـــان مریشـــك لەهێلکەیـــە)دا بگـەڕێین؟ دەبێـت لەکـامیانەوە بـۆ کامیـان هـاتبین؟ یـان چـوبێتین؟ لەکاتێکـدا لـەڕوی زانسـتەکان و فەلسـەفەوە زەمـەنی سەرەتایشـمان نیـە، دەکرێـت پرسـیاری دەسـەلآت و مەعریفـە گێـژاوێکی گـەورە بنێتەوە.

ئەگـەر لەدەســەلآتەوە بـۆ مەعریفـە چـوبین، دەسـەلآت مەعریفـەی بەرهەمهێناوە؟ یـان مەعریفە گوتاری دەسەلآتی بەرجەستە کـردووە؟ یان دەسەلآت لەدوای خۆی چی شوێنەوارێکی بەجێهێشتووە؟

دەکرێت لەئێستادا خوێندنەوەیـەکی ئاسـۆیی بکـەین، لەدەسـەلآتەوە بـۆ مەعریفـە هـاتبین دەسەلآتێکـی هەڕەمـەکی بـووە و لەخێڵـەوە لەســـەردەمی داگیرکەریـدا هاتـە نـاو حیـزب، واتـە خێڵـی ناوچـە بـو بەخێڵی حیزب و گەورە بو، ئەگەر نا کامەیە ئەو چەمـك و بونیـادە جیاکاریانەی حیزب لەخێڵ جیا دەکاتەوە؟

کـوا سیسـتەمی دیمـوکراتی وکۆمەڵگـەی مـەدەنی؟ کـام فیکـر و فەلسەفەیەی ڕاڤە کردووە؟ توانیویەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا چینەکان ڕێـك بخـات و کۆمەڵگـە بەمـەدەنی بکـات؟ جیاوازیـەکانی سـەنتەریالیزمی دیموکـراتی شـار و شـاخ کامەیـە؟ ئـەو بنـەما مەعریفیەی دەسەلآتـی کوردی لەسەر دامەزراوە چیە و چۆنە؟

کام بەرهەمهێنانی لەسەر ئاستەکانی فیکر کرد؟ کام خوێندنەوەیە بۆ شوێنەوارە مەعریفیەکان و پرۆژەی گرنگ لەبواری بەرهەمهێناندا کراوە؟

چی پەیامێك بۆ پێکهاتنی دەسەڵات هەیە، بتوانێت خوێندنەوەی خۆی بکات ؟ کامەیە جیاوازی و ئاماژەکانی گوتاری دەسەڵات و مەعریفە؟ جگە لەبیری کوردایەتی چی ریشاڵێکی تیۆریی بۆکراوە.

چی لەدوای ڕوداوەکانەوە گۆڕاوە؟ گۆڕانەکان بەخۆڕسکی هاتون سەرەڕای ئەوەی ڕابردویەکی سەخت و داخراو لەدوای زەمەنی پرسیارەوە هەیە و ئێستایەکی تاریکیش دەبینرێت، لەدەسەڵاتەوە بۆ مەعریفە چوبین یان بەپێچەوانەوە، دەسەڵات توانای بەرهەمێنانی مەعریفەی نەبووە و مەعریفەش گوتاری دەسەڵاتی بەر جەستە نەکردووە؟ پانتایەکانمان بەتاڵە و دەبێت کار بۆ زەمەنی نوێ بکەین.

## ٧

## رۆمان و سەردەمی نوسینەوە

کاتێك تیشکی پێشکەوتنی گەلان بۆ کوردستان دەهات، داگیر کەران بــــەپێی پەیمانـــــەکانی(ئـــــەرز ڕۆم، ســــایکس بیکــــۆ، ســــێڤەر، هتد)خاکەکەیان دابەش کردبو.

جوگرافیــای تێکچــو، هــەر بەشــەی لــەژێر کارتێکــەری کــەلتورێکی جیاوازدا بووە.

سەردەمی کۆڵۆنیالی و داگیرکەری لەم سەدانەی دوایدا هات، بەهۆی هــــەردو جەنگـــــە جیهانیەکـــــەوە و دۆزینـــــەوەی نـــــەوت بایـــــەخ درا بەکوردســـــــتان، لــــــەئینگلیزەوە زۆر پێشــــــکەوتنی شارســـــــتانی بەدەستهێنا.

ئـەو چـاو هەڵهێنانـەی لەسـەدەی بیسـتەمدا بـو، بـەهۆی هۆکـار و پێگـەی ڕۆشـنبیری و فـراوان بـونی بـواری شارسـتانی و کردنـەوەی فێرگەو فراوان بونی هاتوچۆی گوند و ناوچەکان و ڕۆڵی ئۆتۆمۆبیل تـوانی ئـەو داخراویـەی لـەبواری کۆمەڵایەتیـدا هـەبو لـەناوخۆدا نـەیهێڵێت. پێگـەکانی میـدیا بەگشـتی لـەژێر سانسـۆری دەسـەڵاتدا گەشـەی کـردووە و نـەیتوانیوە پـەل بـۆ هـەمو بوارەکـان بهاوێـت،

بەتایبەتیش ڕۆمان، پێویستی بەهەڵکشانێکی فراوان هەیە، لەبوار و ژانرەکـانی تـر و پانتایـە مەعریفیـەکان، لەبەرزبونـەوەی ئاسـتی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەدا.

( لەگـەڵ ئـەوەی بـاختین ڕیشـەیەکی دوری بـۆ ڕۆمـان پەیـداکردووە، هـیچ لـەدایك بویـەك نیـە بـۆی بـەبێ پێشـینە ونـەکان، ڕۆمـان نابێتـە دیـاردەی نوسـراوەیی تـەنیا لەسـەردەمە نوێکانـدا نـەبێت، هۆکارەکەیشـی لەپێـدراوە مێژوییـە چـاوەڕوان نەکراوەکانـدا وەستاوە).(١٩)ل٣٦٥.

ڕۆمـان لـەناو ئـەو داخراویـەی مێـژودا نـەیتوانی چـاو هـەڵبهێنێت. زۆرجـار لـەملاولا دەقـی نوسـراو هـەبوبێت، بـواری خوێندنـەوە و پەیوەنـدی ڕۆشـنبیریی نـەبووە و هـیچ سـودێك بـەتیۆریی ڕۆمـان ناگەیەنێت لەئێستادا. هەتا ساڵانی دوایی سەرەتاکانی ئەم سەدەیە ڕۆمـان لـەدایك نـەبووە، پرسـیار لەسـەر لـەدایك بـونی ڕۆمـان لەکۆمەڵگەی کوردیدا زۆرە لەسەر هەمو ئاستەکاندا.

(فەیسـەڵ دەراج)ڕۆمـانی عـەرەبی بەکـەم ئەنـدام دەزانێـت لـەکاتی لـەدایك بونیـدا، هەڵکشـانی ڕۆمـانی ئـەوروپی بەسـەدەی نـۆزدە هاوکـات دەکـات، بەهەڵکشـانی زانسـتی مێـژو، لێـرەدا ڕۆمـان لەگـەڵ مرۆڤـی جیهانیـدا مامەڵـەی کـرد، لەگـەڵ فـرە چـینەکاندا، لەشۆڕشـەکانی زانسـتی و بـۆرژوازی و نەتـەوەییەوە دەبینێتـەوە

بەکۆمەڵگـەی نـوێ کـۆتایی پێـدێت، بـاوەڕی بەسەربەسـتی و یەکسانی و داد پەروەری هەیە.

ڕۆمانی عەرەبی لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی بیستدا دادەنێت، بەبێ ئەوەی لەگەڵ زانستی مێـژودا لەگـەڵ هەڵکشـانی ڕۆمانـدا هاوکـات بوبێـت، یـان لەگـەڵ زانسـتەکانی تـردا و بۆرژوازیـەت و واقیعیـەتی عەرەبی شۆڕشـی ڕیشـەیان نـەکردووە، لـەدایکبونی ڕۆمـانی عـەرەبی بەکەمئەندام دەزانێت لەکۆمەڵگەیەکی پابەندبودا.

رای زۆر جیـاوازیش دروسـت بـون و لای زۆر لـەبیریاران هـەمو رۆمانێك لەخۆیدا رێچکەی تیـۆریی خـۆی دەبڕێـت. لای نیتشـە تیـۆر چیە جگە لەو سەرنجە تایبەتیەی ئەدەب لەسەر خۆی دەیڵێت.

تیـۆر لـەقۆناغی مێژویـدا جێگـرەوەی ئـەدەب بـو، لـەقوناغی بونیەویەتدا گۆڕانی بەسـەردا هـات بۆ ناوەنـدی پێویسـتی جەمسـەر بـون و ئێسـتایش نوانـدنی کـرداری بنـەڕەتی رەخنەیـە. لـەکردەی پراکتیك و راڤەی دەقەکاندا تیۆر دادەمەزرێت.

رۆمـاننوس تـەنها نوسـەری کـارێکی ئەندێشـەیی و خـەیاڵاوی و داهێنـانی ئـەدەبی نیـە، بـەڵکو بەرهەمهێنـەری مەعریفـەی تیۆریـە لەهونەری رۆمان نوسیندا، لەو دەقەی روانینی تیـۆریی و فەلسـەفی هەیە لەدەقی ئەندێشە ئامێز لەرۆماندا.

پێکهاتـەی سـەرەکی و سـەرەتا و کۆتـایی رۆمـان کەسـێتیە، پێگـەی سەرەکیش گوتاری گێڕانەوەیە بەسیفەتێکی گشتی.

رەخنەو توێژینەوە دەتوانێت ئاستەکان دەربخات و ریشـەی تیـۆریی بۆ رۆمان دیاری بکات.

بەهاوکات بونی ڕۆمان بەو شۆڕشانەوە، لەئێستای پرسیارەکانماندا بەسود وەرگرتن لەڕۆشـنبیری جیهـان و پراکتیـك کردنـی دیمـوکراتی خۆمان دابمەزرێنین، ڕاڤەو خوێندنەوە بۆ رۆمانەکان بکرێت.

هاوکێشـــەی کۆمەڵگــە لــەپراکتیك کردنـــی دیموکراتیـــدا بــۆ چــاو کردنەوەی رۆمان سەرهەڵدەدات. مارت ڕوبیر دەڵێت:

(هـیچ ڕۆمانێـك بەبـێ دیموکراتــی و هـیچ دیموکراتیـەتێکیش بـەبێ ڕۆمان بونی نیە).(٢٠)ل٣٩)

کارکردنمان لەگەڵ دیموکراتیەتدا، سەردەمی ژێردەستەیی کـارتۆنی بووە و ئێستایش لاسایی کردنەوە، بەبێ بونی دیمـوکراتی لـەکوێوە رۆمانمان هەبێت؟

لەســەدەی ڕابــردو هــەتا ســـەدەی بیســت و ئێســتا گــۆڕانێکی زۆر لـەبواری کۆمەڵگـەی کوردیـدا ڕویـدا و گەیشـتۆتە ڕادەیـەك تیشـکی پێشکەوتن گرتیەوە بەهۆی تەکنەلۆژیاوە لەیـەك چرکەدا پەیوەندی بەجیهانەوە دەکرێت.

بۆچی ڕۆشنبیری کوردی پڕ لەقەیرانە؟ چی بۆ زمانی کوردی و زانستێتی ئەم زمانە و کرانەوەی لەو فرە دیلێکتیکە هەژارەوە بەرەو زمانێکی زانستی کراوە؟ کامەیە بواری ڕۆشنبیری و پانتایی داهێنانەکانی؟ دەتوانین لەئاستەکانی ڕۆشنبیری پرسیاری خۆناسینەوە بکەین؟ چی پرسیارێکی فیکری و دایەلۆگی فیکری خولقا؟

ڕۆشنبیری وەك کۆرپەی دو دایکەکەی لێهاتووە، چۆن ئەفسانەی دولەت نەکردنی دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ دایکە حەقیقیەکەی.

لەئێستایشدا ڕۆشنبیری قەیرانەکانی ئەم ژانرە ئەدەبیە گرنگە دەمانخاتە بەردەم پرسیاری سەرسوڕهێنەر!

## ٨

## فرەدەنگی و یەکدەنگی و مەلحەمەو ڕۆمان

فرە زمانی و فرە دەنگی چەمکی جیاکردنەوەی ڕۆمانن لەڕابردوی ڕەها و داخراوی رابردو، ڕۆمان ئاستی فرە ئاسۆیی پێکدەهێنێت و شوناسی پێشڕەوایەتی وەردەگرێت.

کۆمەڵگەی کوردی لەرابردودا بەهۆی داخراوی و بەشداری نەکردنی لەبوارەکانی مەعریفەدا لەیەك دەنگی و زمانێکی تەنیایی ئاڵوزدا بووە؟ لەسەر ئاستی زمانیشدا یەکگرتو نەبووە و دابڕاو بووە، دێلێکتە کوردیەکان بەتەنیایی ناوچەگەرێتی بەکار براون، لەزمانی ئەدەبی بەر بلاْودا نەهاتونەتە ناو نیشانە و ئاماژەی هاوبەشەوە، شیعرێك نوسرابێت نەگەیشتوتە ئاستی نوسراوەیی و خوێندنەوەوە؟

چۆن پاش ئەو هەمو گۆڕانە گەورانەی لەجیهانی ڕۆماندا کراوە بگەڕێینەوە بۆ رابردو؟ لەکاتێکدا ڕۆمان کار لەنێوان مەعریفە جۆراو جۆرەکاندا دەکات.

قسە کردن لەسەر ڕۆمانی کوردی خوێندنەوەی مێژوی خوێندراوەمان و جیهان بینینی ئێستایە، بەداهێنان دەکرێت لەبوارە جیاجیاکاندا، ڕۆمان توانای گۆڕانکاری ریشەیی هەیە، بەشێکە لەیادەوەری کۆمەڵی، پێویستە لەحەقیقەتی جێگیر تێبپەڕێت و ڕۆماننوس لەتاك هۆشیاریەوە بۆ فرە هۆشیاری و فرە دەنگی و فرە زمانی بچێت و بگاتە ڕاستیەکانی دوای مێژو، هەمو ئەوانە لەبواری رامیاری و کومەلأیەتی و بیری تەسك و بوارەکانی تردا ڕاستەوخۆ بەرەو ڕۆمان دەچن.

ڕۆمان هونەری پرسیارکردن و بەیەکگەیشتنی نەوەکانی نویٚ و کۆبونەوەی جیهانە لەپانتایەکدا.

پێویستە جیاکاریەك لەنێوان هەردو ئاستی تیۆریی ڕۆمان و دەقدا بکەین، هەر نوسینێکی دەقی ڕۆمان لەڕوی ڕیشەی تیۆرەکەیەوە سروشێکی ئەوروپی وەردەگرێت، چۆن جیاوازی بەرهەمهێنان بکەین؟ ئەو جیاوازیانە لەبوارەکانی ئەزمون و زمان و تەکنیك و پرسیارەکاندایە.

ئەگەر مەلحەمە و جۆرەکانی لەڕابردوشدا بو بێت، ڕۆمانی کوردی هاوشانی جیهانی سەری هەڵنەداوە لەئێستادا سودێك بەپێکهاتن و بنەڕەتی ڕۆمان ناگەیەنن. ئەزمونی ڕۆمانیش لەمەلحەمە و پرۆژەی تیۆر و رەخنەوە فێر نەبوین، هیچ تیۆرێکی رابردویمان نەبووە

لەکـەلتوردا ببێتـە پاشـخانێك. هـەتا ئاسـتێکی نـوێ بـۆ ڕێـرەوی کارکردنی دیاری بکات؟ لەئێستادا پەیوەندی بەجیهانبینی ڕۆمان نوسەوە هەیە، چەندە هۆشیاری ئاستە نوێیەکانی ڕۆمانە؟ یاخود نازانێت وتارێکیش بنوسێت؟

دەکرێـت بـەو پێوەرانـە کـورد ڕۆمـان نـوس دروسـت بکـات؟ بـەپێی خـەیاڵ پـلاوی مەلحەمـە سـەدەکانی رابـردو پڕبکاتـەوە؟ یـا خـود کۆمەڵگەی کوردی بەجوتیاری ببەسترێتەوە، لەڕابردودا و دەربڕینی جوتیارانە بووە، ئەمڕۆ ئەو زەمەنانەی بڕیوە و هاتۆتە ناو بواری شارستانی و زیاتر لەوەی گوندنشین بێت شارنشین و شارستانیە. لـەوەیش دەرچـووە زمـان و ئاکـار و ڕوانـین هـەر لـەپراکتیکی جوتیارانەدا بێت و هاتۆتە ناو پانتایی ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەر و بـواری پیشـەیی جـۆراو جـۆرو پیشەسـازی و ئەلیکترۆنی...هتـد. زۆربەی وڵاتانی جیهان جوتیاریش بون و ڕۆمانیان هەبووە.

ڕۆمـان نـوس خودێکـە کێشـەی لەگـەڵ خۆیدایـە و ئێمـە و جیهـان دەگوێزێتـەوە بـۆ جیهـانی لـەدایکبون، بـۆ شـەپولەکانی ئاینـدەو ڕۆژگـاری نـەوەکانی نوێمان پێدەخۆێنێتـەوە. ڕۆمان بەرەو ڕوانینی گەردونی و پێشبینی ئایندە دەڕوات، جیهانمان بۆ بکاتە گوندێکی گـەردونی، لـەم زەمەنـە چـەق بەسـتوانەوە بـەرەو زەمـەنی پرسـیار بچێت.

ڕۆمـان هـەوڵی داهێنـانی ئەوروپیـە بەزمانـە جـۆراو جۆرەکـانیش بنوسـریێت، هەڵکشـاوە بـۆ گەردونیـەت، چـۆن لـەو گەردونیەتـەدا خۆمـان بدۆزینـەوە و چـۆن ئاسـتەکانی ئـەم ژانـرە دیـاری دەکـەین؟ ئەوانـەی بـۆ هاوبەشـی بەگـەردونی بـونی دەبـەن، شـیکردنەوەی ڕۆمانی کوردیش پێویستی بەدەیەها لێکوڵینەوەی جۆراوجۆر هەیە، ئەوسا دەگەینە خاڵی سفر .

لای(بـاختین)داڕشـتنی ڕۆمـان و گەشـە کردنـی پەیوەنـدی بـەفرە زمانیـەوە هەیـە، دەربـڕینی کـار کـەری هەیـە لـەم جیهانـە نوێیـەدا و فیکـری ڕۆشـنبیری نـویٚ و داهێنـەر لـەجیهانی فـرە زمانیـدا دەدۆزێتـەوە، زەمـانی زمـانی هـێمن لـەنێوان زمـانی نەتەوەکانـدا بـەکۆتایی دەزانێـت، هـیچ زمانێـك لەزمانـەکان ناتوانێـت لەواقیعـدا خـۆی دەربخـات بەهاوکێشـە بـون نـەبێت، لەگـەڵ زمانـەکانی تـردا، ژیـانی ئـەو زەمەنانـەی پێکـەوە ژیـان بەسەرچـو، زمانـەکان لەچوار چـێوەیەکی رونـی زمـانێکی نەتـەوەیی دیـاریکراودا بـوبن، ئێسـتا لەدەرفـەتی زمـانی ئەدەبیـدان و دێنـە نـاو پانتاییـەکی زینـدو لەکارکردن و ئاماژەی هاوبەش، دێنە ناو فیکرێکی داهێنەرانە.

ئـەو جیاوازیانـەی ڕۆمـان و مەلحەمـە و فـرە دەنگـی دەردەخـات و لەیـەك دەنگـی مەلحەمـە و زمـانی مـردوی ئـەم جـۆرە ئەدەبـە دەگوێزێتەوە، بابەتی مەلحەمە بەم سیٚ خاڵە بەر جەستە دەکات:

١- پاڵەوانێتی رابردوی ئەفسانەیی نەتەوەیی دەبێت لەجێی بنەڕت بێت بۆ مەلحەمە( گۆتە و شێلەر)لێی دەرچون و ناویان نا رابردوی رەها.

٢- ئەفسانەی نەتەوایەتی دەبێت بنەڕەت بێت بۆ مەلحەمە.

٣- جیهانی مەلحەمی دادەبڕێت لەزەمەنی ئامادە، واتە زەمەنی شاعیری گەڕۆك، واتە نوسەر و بینەرەکەی بەهۆی زەمەنی مەلحەمی رەها).(٢١)ل٧٢.

جیهانی مەلحەمی جیهانی رابردوی پاڵەوانێتی نەتەوەییە، جیهانی سەرەتای لوتکەکانە لەمێژوی نەتەوەیدا، مەلحەمە بەجۆرێکی ئەدەبی دیاریکراو دەزانێت، لەسەرەتادا قەسیدەیەك بووە ئاڕاستەی کەسێکی قسەکەر کراوە لەگەڵ رابردو، قسەی مەلحەمی بەئاکار و شێوەی وێنەکەیەوە دور دەکەوێتەوە بەتەواوی لەو قسەیەی کەسێکی هاوچەرخ بەکاری دەهێنێت. ئەوەی ڕۆمان بەکاری دەهێنێت ئەزمون و مەعریفەو پراکتیکی ئایندەیە. جیاوازیەکانی یەك دەنگی مەلحەمەو فرە دەنگی ڕۆمان لەوەوە دەردەخات.

مەلحەمە زەمەنی رەهای گرتۆتە خۆ و رۆمان زەمەنی کرانەوە بەڕوی جیهاندا، مەلحەمە زەمەنی بەسەر چووە، لەتوانایدا نیە هیچ پێشکەوتنێك بۆ مرۆڤایەتی بکات.

رۆمـان لـەدوای مەلحەمـە چـەندەها گـۆڕان و ئاسـتی گرنگـی بـڕی، لەتوانایـدا نیـە شـتی لەکـەڵك کـەوتو کـۆن بگرێتـە خـۆی، بـەردەوام لەشەڕێکی مەعریفی قوڵدایە بۆ باڵا دەستی لەنێوان ژانرەکانی دیدا( فلوبێر)دەڵێ:

(نوسینی رۆمان پاوانکردنی جیهانە)

رۆمان فرە ناوەندێتی دەکات لەنێوان زانستەکان و مەعریفە جۆراو جۆرەکانـدا بـاڵاتر هەڵدەکشـێت و لـەم سـاتەوەختەدا کەوتۆتـە پێشـبڕکێیەکی ترسـناك، نـەك لەتوانایـدا نیـە بگەڕێتـەوە بۆ چـەمکی کـۆن، بـەڵکو بـەرەو زەمـەنی ئاینـدە لەپێشـبڕکێدایە لەسـەر ئاسـتی مەعریفە و زانستەکان.

باختین پەیدابونی فرە زمانی دەگێڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کتێب و نوسینەوە پەیدابووە، لەو ساتەی بزاڤی رۆشـنبیری رێچکەی خـۆی داناوە . پرسیاری سەر هەڵنەدانی رۆمانی کوردیش لێـرەدا خـاڵێکی تـرە، پێگـەی رۆشـنبیری و نوسـەر و نوسـین و نوسـینەوە لەسـەدەی رابردودا دەستپێکردووە و شێوەیەکی گشتی نەبووە و بەرەو ئەوە بچێت کۆمەڵگە بەڕوی هۆشیاریدا بکاتەوە.

رۆمان شێوەیەکە لەشێوەکانی زمان(باختین)لایوایە مرۆڤ لەڕۆمانـدا دەستپێشـــخەری ئایـــدۆلۆژیا و زمـــان دەکـــات و وێنەیـــەکی تـــر وەردەگرێـت، شـێوەی وێنـەی پێـدراو دەگـۆڕیـت بـەرەو رێچـکەی تـاك

گەرایی نویَ، رۆمان شێوەیەکە لەشێوەکانی زمان، زمان لەدەرەوەی قسە پێك نایەت، قسەش بەبیَ دایەلۆگ نابێت و دەبێتە شتێکی بێگیان و لەمەنەلۆگدا دەمرێت، ژیانەوەی زمان لەدایەلۆگدایە. گەشەکردنی رۆمان لەپانتایی دایەلۆگەوە بۆ زمان دادەنێت، زمانی رۆمانیش بەمەبەست و پانتایەکانیەوە دەوڵەمەندترە لەزمانی شیعر، کەسایەتی جیاواز بەسروشت و بایەخی جیاوازەوە بەکاری دەهێنن و دەقی رۆمانی پەخشانی بەمەبەستی فرە کەسێتیەکانیەوە فرە دەنگی بەر جەستە دەکات و ڕۆمان بەرەو کرانەوە دەبات.

بۆ رۆمان فرە مەعریفیە؟ باختین بۆ ئەم قۆناغەی رۆمان کارەکانی(رابلیە و دۆستۆیڤسکی)خوێندەوە گەیشتە دیاریکردنی دو شێواز:

یەکەم شێوەیەکی کەرنەڤاڵی پشت بەڕۆشنبیری گەلی دەبەستێت، گرنگیەکی گەورە دەدات بەڕۆشنبیری رەسمی ئۆرستۆکراتی بۆرژوازی و واتایەکی بەرزی هەیە، ئەم شێوەیشی لەڕۆمانەکانی رابلیە(گار گاتوام)و(بانتا گروئیل)دا دۆزیەوە، شێوەی دووەمیشی لەکارەکانی دۆستۆیڤسکیدا دۆزیەوە، ئەمەیشی ناو نا رۆمانی فرە دەنگی یان فرە ئاسۆیی، پشت بەدایەلۆگی کەسێتی دەبەستێت .

لێرەدا گوتاری رۆمان کراوەیە لەدۆزینەوەی پەیوەندی ئاڵو گۆڕ لەنێوانیاندا و وێنەی کەسێتی ونبو ناکات، بەرامبەر دەدوێنێت.

کۆمەڵگەی کوردی داخراو بووە و نەیتوانیوە بەشداری گۆڕان و شۆڕشە باڵاکانی ئەورووپا و جیهان بکات و دەربڕینەکانیشی لەزماندا دەربڕینێکی جوتیارانە بووە و نەهاتۆتە ناو چەمکە زانستی و مەعریفی و فەلسەفی و چینایەتی و نێو نەتەوەیی. .هتد. شۆڕشی ڕێکخستنی چینایەتی و نەتەوایەتی نەکردووە. چی خوێندنەوەیەك بۆ ناسینەوە و یەکگرتنەوەی کەلتور و زمانەکەی کراوە بوبێتە نامەیەکی ڕەخنەیی؟ تێگەیشتنی ناکۆکی لەپێگەکانی دەسەڵاتدا بەرپا بکات.

کامەیە ئەو گوتارە شارستانیەتە کارکەرەی توانیوێتی لەشتە باوە جێگرەکانی دەسەڵا ت تێپەڕێت و هەڵگری پرسیاربن؟

کەواتە لەگەرداوەکانی پرسیار و سەر سوڕماندا چۆن خۆمان بدۆزینەوە و ئاستەکانمان دیاری بکەین؟ چۆن ڕابردوی خۆمان و زمان و کەلتور بخۆینینەوە؟ چۆن زمانی کوردی لەناو ئاماژە هاوبەشەکاندا کار بکات؟ ڕۆمان داهێنانە لەزماندا و زمانی کوردیش زمانێك بووە نەهاتۆتە ناو مەعریفە جۆراو جۆرەکان و زانستەکان و فەلسەفە.

زمانی کوردی لەسەدەی بیستەمدا بەگشتی سەدەی کرانەوەی ڕۆشنبیری و ئاستێکی بەربلاوی گرتووە، لەبەشداری کۆمەڵ بەگشتی.

لەسەرەتای نوسینەوە و بڵاوبونەوەشدا زیاتر زمانی کوردی زمانی شیعر بووە و کەمتر پەخشان، نەیتوانیوە لەسەر ئاستی فیکر بەرهەمهێنانی هەبێت، بەئیشکردنی لەمیتۆد و تیۆریی جیهانی لەکەلتوری خۆماندا، جیاوازیەکی تر دروست دەبێت.

ئەم کارکردنەش بەعەقڵێکی نوێوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت و لەناو ڕەوڕەوەکانی مێژو زەمەندا خۆمان بدۆزینەوە و ئێستامان بۆ ئایندە بەرجەستە بکەین؟ ڕۆشنبیری کوردی لەئێستادا لەبارێکی سواودایە، پێویستە بەرەو پرسیار و قوڵ بونەوە و داهێنان بچێت، هەوڵی پڕبونەوەی پانتاییەکان بدرێت یان هێڵێکی ئاسۆیان بۆ بکێشرێت، بەسود وەرگرتن لەمێتۆدی جیهان.

ڕۆشنبیری ئێستا بوعدێکی گەردونی هەیە و دیوار و سنوری نیە، ئیشکردنیش لەسەر پرۆژەی فیکری پێویستی بەداهێنانێکی ترە.

جگە لەهەوڵی کەسانێك لەدەرەوەی بازنەی ڕۆشنبیری تەقلیدیدا هەوڵی تاکەسیان هەیە، زۆربەی پانتاییەکانمان بەتاڵە و سەدان پرسیاری گرنگ ڕوبەڕومان دەبێتەوە. کاتێك لەم سەردەمەی هەمو پێشکەوتنێك ڕەخساوە بتواندرێت بەرهەمهێنان بکرێت، ئاستی زمانی کوردیش بەرز دەبێتەوە.

ئێستا لەهاوبەشی فرە زمانی و فرە ڕۆشنبیری و هاوبەشی کەلتورەکاندایە، ئەو موفرەدە و فەرهەنگە جۆراو جۆرە ئەدەبی و

زانستی و هونەری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتیانە بەکوردی بدۆزرێتەوە، بۆ زۆریان هیچ نیە، کۆمەڵگە دەربڕین و پراکتیکی ئەو شتانەی نەکردووە.

زمان بەرەو پەیوەندی و تێکەڵاوی بەزمان و ڕۆشنبیری گەلانەوە دەچێت و تێکەڵاوی ئەدەب و هونەر و زانست و فەلسەفە دەبێت، بەتایبەتی لەبواری هەوڵی ڕۆماندا، ڕۆمان خۆی دایەلۆگی فرە زمانیە لەگەڵ زمانێکی تر و گەڕانی کەسایەتیەکان و دابەشکردنیان بەکەسایەتی تر.

ڕۆمان هاوبەشی هێنانی هەمو شتێکی نوێ دەکات. خاڵی پەیوەندی ڕاستەوخۆییە و لەگەڵ جیهانی هاوچەرخدا گەشەی کردووە، لەگەڵ دەرکەوتەی چەمکی زانستی نوێدا دامەزراوەی ئەزمونی مرۆڤایەتیە. باختین ئاماژەی پێدەکات پێوستی بەچەمکی نوێ هەیە، گوتاری ڕۆمان دابەشدەکات ژانرێکی مەعریفیە لەسەر ڕەنگە جیاوازەکان لەژانرە مەعرفیەکاندا، هەمو ئەوانەی لەناوەوە هەڵیدەگرێت ئەوانەن لەدەرەوە پێیدەگەن. لەسەردەمی پەیوەندیە چرکەیەکانی جیهاندا چۆن هاوبەشی گۆڕانکاریەکان بکرێت؟ چەندە توانای ئیشکردن لەبوارەکانی فیکردا هەیە؟ ئایا ئاستی خوێندنەوە گەیشتۆتە بەرهەمهێنان؟(عەلی حەرب)شیکردنەوەی ئاستی خوێنەران دەکات:

( بەڵکو ئەو خوێنەرێکە روداو دەخۆینێتەوە و قەیران دەستنیشان دەکات بۆ وەرگێڕان بۆ کێشەیەکی هزری یان ئامڕزایێکی چەمکیانە).(٢٢)ل ٣٣.

بیرمەند بەو کەسە دەزانێت لێکدانەوەی کارەکانی دەکات، کەسێکە بەر لەهەمو شتێك کێشەی لەگەڵ فیکری خۆیدایە و هەمیشە بەڕوی ئێمە و جیهاندا دەکرێتەوە و ئەو کەسەیە جیهان بەفیکرەکەی دەگۆڕیت و خودی خۆی دەخۆێنێتەوە، لای بیریاران لەکانتەوە شیکاری کراوە لای(هیدجر)و(بنقانغر)خودەکان شیدەکرێتەوە(بۆڵدیمان)شیکردنەوەی دەکات، خودی چوارەم هەڵدەبژێریت، خودی خۆی دەخوێنێتەوە، خودێکە دەخۆینێتەوە و ڕاستی لەسەر دەقەکان دەڵێت، دوا جار دەبێتە ڕاڤە کار و هەڵوەشاندنەوە دەکات.

(عەلی حەرب)شیکردنەوەی دەکات:

(خوێنەرێك دور دەکەوێتەوە لەکاریگەری، دان بەگرنگی و سودی دەقدا نانێت، خوێنەرێك دەخۆێنێتەوە و سودمەند دەبێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەریەوە، نکوڵی لەو کاریگەریە دەکات، خوێنەرێکی تریش دان بەکاریگەریەکەدا دەنێت بەبارستایی پرۆسەکردنی ئەو گاریگەریە بۆ خوێندنەوەیەکی بەرهەمهێن هەڵگری نوێ بونەوە و کەڵەکە بونی زانینە بۆ دەقەکان).(٢٣)ل٢١٥

نمونـەی خوێندنـەوەی(صـقر أبـو فخر)دەهێنێتـەوە، ئێمـە دەتـوانین چـەند نمونـە بهێنینـەوە؟ هـەتا چـەندە رۆحـی داهێنـان راسـتیان دەرخستووە؟چۆن بـەرەو پانتاییـەکانی داهێنـان دەچین؟ خۆمـان و ئـەو و ئـەوان بدۆزینـەوە؟ هێڵـی ئاسـۆیی بـۆ ئاینـدە بکێشـین؟ چۆن خودی خۆمان بخۆینینەوە و بەرەو روانینی گەردونی بچین؟

## ٩

## ڕۆمانی کوردی و پرسیاری ئێستا

دەربـــارەی تیـــۆریی ڕۆمـــان توشـــی پرســـیاری زۆر دەبـــین. ڕەخنەگر(میشێل رایمۆن)دەڵێت:

( ڕۆمان ژانرێکی بێ یاسایە).(٢٤)ل١٠

بێ یاسایی ڕۆمان پەیوەندی بەو داهێنانانەوە هەیە ڕۆژانە ڕۆمان دەگرێتـــەوە و بناغـــە و ســـنوری پۆلێنکـــاری لابـــردووە و بـــەرەو کرانەوەیەکی فراوان بۆ جیهان و مرۆڤایەتی و پەیوەندیەکانی مرۆڤ و بـون دەچـێت و ریشـەیەکی تیـۆریی لەڕۆشـنبیری کوردیـدا بـۆ نـەکراوە و وەکـو میللـەتانی تـری جیهـان وەرمـانگرتووە، ئـەوان توانیویانە لـەپرۆژەی خۆیانـدا کاری پێبکـەن و توێژینـەوەی قـوڵی جـۆراو جۆریـان هەیـە و کتێبخانـەکانیان لـەم لایەنـە گرنگـەی ژیـان بەتاڵ نیە، لەڕوی ئەزمون و شێواز و تەکنیك و گێڕنەوە و چیرۆکەوە و لەرێگـەی شۆڕشـەکانەوە گۆڕانیـان لەزمانـدا کـردووە، کۆمەڵگـەی کوردی هـیچ شۆڕشـێکی ڕیشـەیی نـەکردووە، زمـان تایبەتمەنـدێتی خـــۆی وەرناگرێـــت لەکۆمەڵگەیەکـــدا قۆناغـــەکانی دیمـــوکراتی

نــەبڕیبێت، یانــە و توێــژ و چــین و پێکهاتەیــەکی کۆمەڵایــەتی دەگرێتــەوە و هاوڵاتیـان بـۆ مـافی یەکسـانی بـەش دەبـن، زمـانێکی هاوبەش و کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی لەمافی هاوڵاتیان لـەبواری ماف پــەروەری و ڕامیــاری و ئابوریــدا، بــاوەڕی یــەکێتی نیشــتمانی بەرجەستە دەکات، بەرەو زمانێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی دەڕوات.

(لەکۆمەڵگەیـەکی یـەکگرتودا هـیچ بونێـك نیـە بـەبێ زمانێـك هـەمو تاکەکانی بەیەك نەگەیەنێت، شوناسێکی نەتـەوەیی بونی نیـە بـەبێ زمانێــك خــەیاڵکراوێکی هاوبــەش بەســەر ســەرجەم تاکــەکانی کۆمەڵگەدا دابەش بکات).(٢٥)ل٣٢

چۆن دەبێت گۆڕنکاری لەزماندا بکرێت؟ شۆڕش نـەیتوانیوە لەهـەمو ئاســتەکانی نەتەوایــەتی و چــینایەتی و ئــابوری و ڕامیــاری و کۆمەڵایـەتی و زانسـتیدا کۆمەڵگـە بـەرەو ئاسـتی داهێنـان بـەرێت، لـەڕوی زەمـەنی دریـژ و قوربانیـەوە کامـڵ ببـو، لـەڕوی مەعریفـەی زانستیەوە گۆڕانکاری نەکرد.

بـەهۆی گۆڕانـە قوڵـەکانی جیهانـەوە لەناوچـەکەدا پریشـکی ئـازادی هـات، کاریگـەری هـەبو توانـای خـۆ ڕێکخسـتنی شـۆڕش و بـڕینی قوناغـەکانی دیمـوکراتی نـەبو، کـوردیش لـەڕوی نەتـەوە و خـاك و جوگرافیـا و چـینایەتی و کـەلتور و زمانــەوە بەشـێرازە پچـڕاویەوە مایەوە.

شۆڕشی کورد نەیتوانیوە لەهەمو بوارەکانەوە کار بۆ پانتاییەکانی مەعریفەو چەمکەکانی دەسەڵات و لایەنە گرنگەکانی تر بکات، دەبو دەسەڵات بۆشاییەکانی کامڵ نەبونی شۆڕش، لەجیاوازیەکانی سەنتریالیزمی دیموکراتی شار و شاخ پڕبکاتەوە.

چی لێکۆڵینەوەیەك کراوە بزانین کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵین یان پیشەسازی؟ چۆن پۆلێنکاری چینایەتی دەکرێت؟ لەکاتێکدا تەکنەلۆژیامان نیە و نابینە پیشەسازی و بۆ زانستی کشتوکاڵیش تەنیا مەعریفە گشتیەکەمان هەیە نابینە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی.

ئەگەر بەراوردی زۆربەی شۆڕشەکانی جیهان بکەین هەمو شوێنەوارەکانی ڕابردویان لابردووە و سەرلەنوێ دارشتنەوەیەکی نوێیان لەگەڵ واقیع و کۆمەڵگەدا کردووە، توانیویانە بەفیکرەکەیان کۆمەڵگە بگۆڕن، لینین کۆمەڵگەی روسی گۆڕی بەپرۆلیتاری، خومەینی بەئیسلامی، هۆشی مینە و ماوتسیتۆنگ و جۆز جۆز تیتۆ و سەرکردەکانی تریش.

شۆڕشی کوردی گۆڕانێکی ڕیشەیی ڕوی نەکردووە و هەوڵی یەکگرتنەوەی زمان و خاك و نەتەوە و کەلتور نەدراوە، پرسیاری دابەش بونی کوردستان چەندە هێڵێکی ترسناکە و دەیان پرسیار لەئێستا و ڕابردو و ئایندەماندا بەر جەستە دەکات. لەناو پچڕانی شیرازەکاندا چۆن ئاستێکی ئاسۆیی بۆ ڕۆمانی کوردی بدۆزینەوە؟

خاڵی سەرەکیش زمانە و لەناو قەیرانە جۆراوجۆرەکاندا ماوەتەوە.

دەبێت لەسفرەوە دەست پێبکەین، وەچەکان ناتوانن لەناو قەیران و نەبونی پرسیارە فیکرییەکانی ئێستادا بژین و بێبەش بن لەناسینەوەی مێژوی ڕۆحیان.

لەناو ئەو پرسیارانەدا گێژبوین، پچڕ پچڕی و بەش بەش بونی کوردستان و شێوە دیلێکتە کوردیەکان، چۆن بڕوانینە زانستێتی زمانی کوردی لەکاتێکدا پێویست بو کار بۆ یەکگرتنەوەی کرمانجی سەرو خوارو بکرایە؟ ئایا نەوەی ئایندە چی دەکەن؟ نوسینەکانی ئەم ڕۆژگارە جارێکی تر وەربگێڕنەوە؟ بکەونە گواستنەوەی شاخ بۆ شاخ، یاخود واز لەو پرۆژە گرانە بهێنرێت و کرمانجی سەر و خوار و ببنە دو شێوە و دیالێکتی جیاواز؟

دەبێت بەدوای پرسیارەکاندا گێژ ببین؟ چۆن شوناسی ڕۆشنبیری بدۆزینەوە لەو کەرت کەرت بونەدا؟ دەکرێت هەر پارچەیەی کوردستان خۆی کەلتورێکی جیاواز دروست بکات؟

ئێستا جیاوازی لەشێوەی نوسینەوە و ڕێنوسدا هەیە، بەهۆی فرە دێلێکتکیەوە، دەبێت کارێکی گرنگ بکرێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك، یان ئەو دو شێوە زمانە بەجیاکاری کاربکەن؟ یان هەوڵی یەکگرتنی بدرێت؟ مەردۆخی زمانی کوردی بۆ چوار شێوە زمان

جیادەکاتەوە(کرمانج، گۆڕان، لوڕ، کەڵهوڕ)هەر یەکێکیش لەمانە بون بەچەند بەشێکی ترەوە.

ئـەی چـۆن لـەناو ئـەو تێکەڵاویـەدا ئاسـتێك دابنـێن و خۆمـان بدۆزینـەوە؟ چـی کـرا بـۆ شۆڕشـێکی رۆشـنبیری و چـۆن پرسیارەکانمان بەر جەستە بکەین و لەناو زریانی قەیرانەکاندا باس لەرۆمانی کوردی بکەین؟

لـەم سـەردەمەدا نـاتوانین چارەسـەری ئـەو کەلێنـە گەورانـە بکـەین؟ پەیوەنـدیان بەشۆڕشـێکی نەتـەوەیی بـەربلاوەوە هەیـە، چـەندین شۆڕشی تریش لەدوایەوە دەکرێت، چینەکانی کومەڵ ڕێکبخات.

ئـەوە پرسـیارێکی دورە لـەم زەمەنـەدا. ناشـکرێت هـەر بـەم جـۆرە بمێنینەوە، دەبێت جیهان بەجیهانی خۆمان بزانین و بەرەو ئاینـدە و روانینی گەردونی بچین.

رابردومـان پـڕ برینـە لەخوێندنـەوە و ئاوڕدانـەوەدا توشـی ڕاڕایـی و سەرسـوڕمان و بێهیوایمـان دەکـات. ئێسـتا پێویسـتی بەشۆڕشـێکی ئـەلیکترۆنی هەیـە، بەفەزایـەکی رۆشـنبیری گـەورە دەکرێـت توانـای دەرخسـتنی جیاوازیـەکانی هـەبێت، ئـەوەی کۆمەڵگـە دەگۆڕێـت ناتەبابونی رۆشنبیریە لەگەڵ دەسەلات و رۆشنبیری رەسمیدا.

دەبێـت هەسـت بـەر پرسـیارێتی بکـەین و شـۆڕشـی رۆشـنبیری ڕۆڵـی خۆی ببینیت و ببێتە چرایەك بۆ شۆڕشەکان.

رۆمان دەتوانیت ئێمە و زەوی و جیهان بگوێزێتەوە بۆ نیشتمانێکی نوێ. شۆڕشێك بكات بەزمانی داهێنەرانە بەرەو لەدایك بونمان ببات.

ڕۆمانی نوێی فەرەنسی لەڕێی نوسینی ڕۆمان نوسەکانەوە دامەزرا، خۆیان بەدەق و توێژینەوە گۆڕانکاریان دروست کرد.

پێویستە بەڕوانینێکی نوێوە جارێکی تر ئاستی خۆمان و رۆمان بزانین، ئەم وەرگرتنە تیۆریەی ڕۆمان لەسەر ئاستی تاقیکردنەوەی کۆمەڵە دەقێکی رۆمان نوسین و بواری رەخنەدا کۆششی چەند کەسێکە جۆراو جۆر.

لەناو رۆمانە کوردیەکاندا ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی خاڵی جیاکەرەوەیە چەند رۆمانێکن، توانیویانە ئاستێکی باش وەربگرن، بچنە ناو بواری ئەزمون کاری و سیفەتی رۆمانیان وەرگرتووە و خاڵی جیاکەرەوەیان هەیە، داهێنان لەروی هونەری و تەکنیك و شێوازدا، پێویستە لەپرۆژەی تایبەت بەرۆماندا بەکۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی باش ئاستەکانیان دەربخرێت.

رۆمانی نوێ لادان لەواقیع و نامۆبون و مانای مێژویەك هەڵدەگرن لەرۆماندا مانای مرۆڤ بێت. بەو خوێنەرانە دەکرێت(بوڵدیمان و هایدگەر)ئاماژەی پێدەکەن، کەسێك بەخوێندنەوەی بۆ پڕوسەیەکی

بەرهــەمهێن بچــێت، خودەکــان لەفــەزای هۆشمەنــدی ئەدەبیــدا یەکبگرنەوە.

کامەیـە ئـەو گۆڕانـە ئەنتۆلۆژیـەی کـراوە؟ ئـەی مانـای نامـەکانی ماجستێر و دکتورا چیە؟ لەپڕکردنـەوەی بۆشایەکانی ڕۆشنبیریدا؟ کامەیـە جیـاوازی و خـاڵی جیاکـەرەوە و خسـتنە سـەر بـۆ هـەژان و پرسـیار و گـۆڕان؟ پێویسـتە زانکۆکـان بـۆ ئاسـتێکی خوێنـدراوەی بەرهـەمهێن خۆیـان بگـۆڕن، بـەرەو پێشـکەش کـردن و ئامـادە کـاری نوێ.

ڕاپــەڕینی خوێنــدکارانی فەرەنســای ١٩٦٨ تــوانی ببێتــە خــاڵی گۆڕانکاری لەهەمو یاسای فەڕەنسادا و بەگۆڕانی فیکری ناسرا.

ڕاپەڕینی خوێندکارانی کـورد نـەیانتوانیوە پرسیارێکی مـەعریفی و وروژێنەریان هەبێت، نەبونەتە پێشەنگی گۆڕان.

ڕۆڵـی ئۆپۆزسـیۆنیش زۆر خـراپ بـووە، لـەوەی خواسـتی کۆمـەڵگا و ئازارەکانی بێت. لای هەمو بیریارانی جیهان و تایبـەت عـەلی حـەرب ئۆپۆزسیۆن دەبێت کاری ڕێکخراوەیـی مـەدەنی بکات و سیستـەمێك دابڕێــژێت خەڵکــە گشــتیەکە لەگــەڵ پێــدراو و دەســتکەوتەکاندا یەکسان بکاتەوە لەداهات و بەرهەمهێنان و تۆڕی پەیوەندی بەچینی ڕۆشــنبیری نوێــوە لەســەر ئاســتی بەرهــەمهێنان و گۆڕانکــاری ڕاستەقینە و تۆڕی پەیوەندی تەکنیکی و جەماوەری دروست بکات.

ئۆپۆزسیۆن دەنگی هەڵقولاوی نوێی چینی ڕۆشنبیریە، دەبێت هەڵگری بیری گۆڕانکاری ریشەیی بن، بەفیکرێکی داهێنەرانە. نەك بەیاری سیاسی، خەڵك دەکرێتە قوربانی. بواری ڕۆشنبیریش هیچ پێشکەوتنێك ناگرێتە خۆی. ململانێی سیاسی و بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری سەرسوڕهێنەرن و بەتۆڕی پەیوەندی ڕۆشنبیری پڕ دەکرێنەوە.

ئەی دەبێت چی بکەین؟ هەتا ڕۆمان لەناو چەمکەکانی ئێستادا خۆی دابمەزرێنێت؟ ڕۆماننوسی بەتوانا بتوانن فەزایەکی سەرسوڕهێنەر بسازێنن، لەڕێگای گۆڕینی جیهانەوە، جارێکی تر لەناو گۆڕانەکاندا وێنامان بکەنەوە، هەمو شتێك لەم خاکەدا پیربووە، تەنانەت شیرە خۆرەیش.

لەزەمەنی پێکهاتنی تیۆریی ڕۆمان و گەشەسەندنیدا، سەدەی ترۆپکی ڕاڕایی لەپێشهاتەکانی هەنوکەیی و ئایندە و ترس لەتەکنەلۆژیا گڕوگاڵ لەسەر ئەم ژانرە دەکەین؟ تەعبیرە لەهەمو ئەو شتانە و دەربڕین و نیشاندانی رووداوەکانی ئایندە و چارەنوسی مرۆڤایەتیە بەگشتی، زۆر لەڕۆماننوسان بەمێژوی ڕۆحی مرۆڤایەتی دەزانن، لەم کەرنەڤاڵە فەزاییەی زمانی پەیوەندی نەتەوەکاندا چۆن بەشداری بکەین؟

رۆمان پانتاییەكی گەورەی لەڕۆشنبیری گەلاندا دروستكردووە و هەڵگری خوێندنەوەی جۆراو جۆر و روانینی فراوان و تایبەتمەندێتی لەلایەنێك لەلایەنەكانیایەتی، بەشیكردنەوەی زمان، كەسێتی، زەمەن، گوتار..هتد.

چۆن ئاستێكی تیۆریی بۆ رۆمانی كوردی دیاری بكەین؟ كاركردن و سنور و فەزا و جیهانبینی..هتد. چیمان كردووە لەتازەگەرێتی لەئەزمون و تەكنیك و زمان و پانتایی فراوانی ڕۆمانەكان و جیهانبینی و مانا شاراوەكانی دەق و نهێنیەكان و ئاماژە و ئەو شتانەی لەمیتا دەق و زەمەن و مێژو، نهێنیەكانی ئاركیۆلۆژیای زمان و تۆڕە دەلالیەكان و گوتاری ڕۆمان، هتد. بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیەكان بەئێمە و ئەو و ئەوانی دواترەوە، لەسەر مێژوی خوێندراوەمان بۆ ئاییندە.

لەساتەوەختی ئێستادا بەهۆی فراوانی ڕۆشنبیری و ئاستەكانی ڕۆمان و پسپۆری تایبەتمەند بۆ ئەم بوارە كەسانی كەممان هەیە. لەكاتێكدا دەقی جوانیش لەرۆشنبیری كوردیدا هەیە، بەشێوەیەكی رەخنەیی نەخوێندراونەتەوە.

دەكرێت هەوڵێكی زۆر بدرێت لەبوارە جیاجیاكاندا كاری وەرگێڕان ئەنجام بدرێت، لەهەڵبژاردنی لێكوڵینەوە و دەقی چاك و گرنگ و باش، هەتا بتوانرێت بەرەو ئەوە بچێت خۆی داهێنان بكات، بەسود

وەرگــرتن لــەتیۆریی ڕۆمــان، ســەرەتا پێویســتی زۆرمــان بەکتێبــە تیۆریــەکانی ڕۆمــان هەیــە، وەکــو وەرگێڕانــی کتــێبی(تیــۆریی ڕۆمان)لەلایەن نوسەر و وەرگێڕ مامۆستا(محەمەد کەریم)بەزمانێکی بــاش لــەزمانی فارســیەوە وەرگێڕدراوەتــە ســەر زمــانی کــوردی و پێکهاتەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی گرنگە لەسەر سەر هەڵدانی ڕۆمان و ئاستەکانی.

زۆر کتێبی تری تیۆریی و ڕەخنەیی گرنگن بۆ ئەوەی چاکتر لەڕۆڵی ئــەم ژانــرە بگــەین، وەرگێــڕان زمــانی دووەم و داهێنانــەوەی ســەر لەنوێی ئەو دەقەیە، پێویستە لیژنەی پسپۆڕ بۆ کاری وەرگێڕان بۆ کوردی و زمانەکانی تر لەهەمو بوارەکانی ڕۆماندا هەبێت، بەهێنانە کایــەی دەســەڵاتێکی ئــەدەبی، هــەوڵێکی تــەواو بــدرێت بــۆ ڕاڤــە و خوێندنــەوەی دەقــەکان و نوســینی دەقــی نــویێ، لەلێکۆڵینــەوە و خوێندنەوەدا ئاستەکانی ئێمە و ئەوان خۆیان بۆ ئاینده دەربخەن، هەتا وێنەی بونی خۆمانی تیادا ببینینەوە، بەرەو روانینی گەردونی بچین.

## ١٠

## ڕۆشنبیری بەرهەمهێن

ڕۆشنبیری ڕوانینێکی گشتیە بۆ ژیان و کۆمەڵگا و لەئاکاری فیکردا بەرجەستە دەبێت، تیشکدانەوەی کار و کرداری کۆمەڵایەتی گەلێکە بەهەمو چین و توێژەکانیەوە، لەپەیوەندی هاوشێوەیەوە لەئاین و بوارەکانی ئابوری و جوگرافیا و ڕەگەزەوە دروست دەبێت. پابەندی هۆشمەندی نەتەوەیە بەپێی گفتوگۆی زەمەنی بەردەوامەوە بەرەو گۆڕانکاری ریشەیی دەڕوات. پرسیارەکانی ڕۆشنبیری کوردی توشی گومانمان دەکات، لەبەر نەبونی خوێندنەوەی بەرهەمهێنەوە کار کردنی فیکری بەسەرماندا زاڵ بووە و جیاواز لەوەی بابەتی واقیعی بێت و زەمەنی ئامادەبونیشی لێ گۆڕیوین. جیاوازیەکی ڕیشەیی نیە و نەگەیشتوتە ئاستی خوێندنەوە و بەرهەمهێنان و خستنە سەر، هەوڵەکانیشی لەبواری نوسینی دەقی شیعری و چیروك و نوسیندا پێویستی بەخۆدۆزینەوەیەکی تەواو هەیە، چۆن و لەکوێوە دەست پێبکەین؟

دایەلۆژی ڕۆشنبیرە یاخی و نمونەییەکان، گۆڕان لەسەرجەم پێگە و بونیادەکاندا دەکات.

چۆن بتوانین پرۆژە و ئاستەکانی ئێستا و ئاییندە و ڕابردو بزانین؟ پرسیارەکانمان لەو کارکردنانەوە بەرجەستە دەبێت بەبێ داهێنان و جیاوازی بونیان هەیە، ناتوانن بمانگۆڕن بەرەو نامۆبون و سەرسامی و گومان و پرسیار، بەرەو گواستنەوە لەجیهانێکی داخراوەوە بۆ جیهانێکی کراوە، بەرەو ڕوانینی گەردونی.

ئێستا لەساتەوەختی پرسیارەکانداین و زمانمان گۆ ناکات، چی نامەیەکی ڕەخنەیی دەممان پێدەکاتەوە؟ کام گەردەلولەیە دەمانخاتە ناو شەپولی گۆڕانەوە؟

ڕۆشنبیری نیشتمانێکە بۆ جیاوازی و دایەلۆژ، "عەلی حرب " ئاماژەی پێدەکات، بۆ نوسینەوە و ناوهێنانی بیریارانی جیهان و هێنان و ڕیزکردنی پەرتوك نیە، بۆ کارکردن و خوێندنەوە و خستنە سەر و داهێنانە. ئاستەکانی ڕۆشنبیری شیبکرێنەوە، چین و توێژەکانی کۆمەڵ پەیوەندیان بەرۆشنبیریەوە هەیە، پێگەکانی میدیا بەگشتی، پرسیار و گۆڕانکاریەکان.

ئەم گۆڕانانە بەو توێژە دەکرێت، لەپرۆژەکانی بەرهەمهێناندا ئێمە و ئەوان بگوێزنەوە بەچەمك و فیکر و خوێندنەوەی نوێ، جارێکی تر

لەسەر ئاستی ئێستا و ئاینده و ڕابردو لەزەمەنی پرسیار و گوماندا وێنامان بکەنەوە بەوێنەی ئەنتۆلۆژی شاخ و فەزا بگۆڕێت.

ئەو هۆکارانە کارتێکەریان لەسەر دواکەوتنی رۆشنبیری لەڕابردو ئێستا و ئایندەدا هەیە، ئەو پانتاییە ترسناکانەی بونەتە بەر بەستی پێشکەوتن، بەکەسانی زانکوکان و فیکر و بیرمەندی بەرهەمهێن دەکرێن، کەسێك بڕەو بەئەزمونەکەی بدات و رۆشنبیریەکەی دەوڵەمەند بکات، بەشێوەیەکی داهێنەرانە شوناسی خۆی ڕێکبخات،( عەلی حرب)ئاماژەی پێدەکات : ئەو کەسەی مارەسەی تایبەتمەندێتی خۆی بەوێنەیەکی جیهانی بکات، ئەو کەسەیە کەلتور و تایبەتمەندێتی و نیشتمان بگوێزێتەوە بۆ زەویەك فیکری جوان و چەمکی داهێنەرانەی تیادا بڕوێت.

چۆن بەرەو هۆشیاری ئەدەبی دەچین؟ کێشەی هۆشیاری پابەندە بەهۆشیاری نەتەوە، چۆن بەرەو پانتاییەکانی گۆڕان و هۆشیاری هاتووە؟ لەداخراوی کۆمەڵگەی کوریدا دوای گۆڕانکاریەك ڕویدا، نەیتوانی شۆڕشی ڕیشەیی بکات و چین و توێژەکانی کومەڵ یەك بخات و ڕێکخستنی چینایەتی و نەتەوایەتی بکات، لەڕوی فیکر و بەرهەمهێنان و مەعریفەوە ناکامڵ بووە و گۆڕانەکانی لەسەر کۆمەڵ نەگەیشتۆتە ئاستی بەرهەمهێنان،(ڕیجس دوبریە)ی نەبووە شۆڕش لەناو شۆڕشدا بکات، بەو شێرازە پچڕاویە ماوەتەوە، رۆشنبیریش

بـــەلاوازی و کەمتەمەنیـــەوە، لـــەدوای گۆڕانـــەکانی دیکتـــاتۆری سەربەسـتیەکی وەرگرتـووە، توانـای شۆڕشـی ڕۆشـنبیری نـەبووە، هێنانی دیموکراتی و ناونانی پێویستی بەکارکردن و پیادە کردن و شـیکردنەوە و ڕاڤـە و تیـۆریی کـارکردن و بەرهـەمهێنانی فیکـری و یاسـایی هەیـە، بەتایبـەتی لـەناو نەتەوەیەکـدا شـیرازە پچـڕاوبووە. دیمـوکراتیش پێویسـتی بەزەمینەیـەکی پێشـوەختە هەیـە، پابەنـدە بەهۆشــیاری کۆمەڵــەوە، ئاســتی خوناســینەوە و بەرهــەمهێنان و خۆڕێکخستن کەسەکانی فیکر و داهێنان دەیکەن.

جگــە لــەوەیش هــەوڵ بــۆ زانســتی و ڕێکخســتنی کومەلاّیــەتی و چینایەتیش نەدراوە و شۆڕشی ڕیشەیشی نەکردووە.

هەمو گۆڕانـەکانی ئـەوە دەخـوازن، کـورد ئـەمڕۆ خـۆی کارکـەری ئـەو کـارە مێژوییـە نیـە و داینـاوە بـۆ قـەدەری ڕۆژگـار، ئـەم شۆڕشـە چـارەنوس سـازە پێویسـتی بـەتوانای هۆشـیاری کۆمەڵـەوە هەیـە، بەشـێوەیەکی گشـتی کەسـەکانی داهێنـان بـەبڕوا بـون بـەهێزی خۆیانـەوە هـەوڵ بـدەن، دەبوایـە بەرپرسـەکانی دەسـەلاّتی کـوردی وەکـو" غانـدی" بەپارچـە قوماشـێکی شـڕەوە بیانوتایـە:(نوێنـەری گەلێکی ژێردەستە و برسین)

بەپێچـەوانەوە مێـژو بـەڕێکراوە بـەپیرۆزی، توانـای بەسەراچونەوە و خوێندنـەوەی نـەبووە، لەجـەنگ و ئاشـتبونەوە و سـارێژی زامەکانـدا

بــووە و لەنوشــینی شــەرابی ســەرکەوتندا، بــواری ڕۆشــنبیریەکی فراوانی نەبووە لەداخراویەوە بەرەو کرانەوە و جیهانبینین بچێت، نەکەوتۆتــە بــەر خوێندنــەوە و ڕەخنــە لێگــرتن، داهێنــان و خســتنە سەری هەبێت، ڕۆشنبیری کوردی چۆن ڕیشەی خۆی دابکوتێت؟

کورد ئێستاش نەتەوەیەکە لەقوناغی شۆڕشدایە، چین و دەسەڵات و دەستەی هەڵبژاردە و پێشڕەو و تیۆریی شۆڕشی نیە، کاری نەوەی ئایندەیــە، ببنــە پێشــەنگ و نــەوەی ئێســتا بخەنــە بــەر بــەر پرسیارێتیەوە.

ڕۆشنبیرانی یاخی و نمونەیی هەوڵی پێکهێنانی مەعریفە دەدەن، چــۆن فراوانــی ژیانیــان بــۆ بکرێتــەوە؟ ئــەو خودانــەی دەتــوانن بــەجیهانیمان بکــەن و بۆشــایەکانمان بــەداهێنان پڕبکەنــەوە، هێڵــی ئاسۆیی کارکردنمان بۆ بکێشن، لەجیهانی لەدایکبوندا.

ڕۆشــنبیر دەبێــت هــەوڵی دروســت بــونی ڕای گشــتی و هۆشــیاری کومەڵایــەتی بــدات بــۆ هەســتێکی ئــەدەبی.(عــەلی حرب)ئامــاژە بەدەسەڵاتی ڕۆشنبیر دەکات:

(بەڵکو دەسەڵاتێکی ڕەمزیە، واتە دەسەڵاتی نوسین و قسەکردنە، لەکۆتایدا دەسەڵاتێکە بەسەرخود و عەقڵەکاندا پراکتیك دەکرێت بەهۆی ئەو بەرهەمە ڕەمزیانەوە لەفیکر و زانیاریدا خۆیان دەنوێنن).(٢٦)ل٥٧

ئــەم دەســـەڵاتە ڕەمزیــە پرســـیارە لــەپراکتیك كــردن و ئاســـتی خوێنەراندا، كامەیە جیاوازی و ئاستەكانی خوێنەر واتای ڕاڤە و هەڵوەشاندنەوە هەڵبگرێت؟ خوێندنەوەی بیرمەند خستنە سەر و داهێنانێكـــە، وەك خوێندنەوەكـــەی(هایدگـــەر)بـــۆ(هوڵـــدرلین). یان(نیتشـه)بـۆ(زەرادەشـت)، لـەو ئاسـتەدا بەرهـەم دێـت ئـەو خـودە خـاوەنی هۆشـیاریەكی ئـەدەبی بێـت، بـواری ڕۆشـنبیری دەخرێتـە بەردەم واقیعی پرسیاری سەرسوڕهێنەر.

چۆن باس لەهۆشیاریەكی ئەدەبی بكەین؟(بوڵدیمان)شیكردنەوەی دەكـات، پرسـیاری خـود بـەتوڕێك لەدەركـەوتنی جیـاواز دەزانێـت، زیاتر لەنێوان خودەكاندا، لەلای(كانت)لەكرداری دەسەڵاتدا لەعەقڵی خوێنەردا ڕودەدات، دوایی لەپەیوەندی ئاڵوگۆڕی خودەكاندا لەسەر ئاسـتی نوسـەر و خوێنـەر، پەیوەنـدی كێشـەكانە، لـەنێوان خـودی پێكهاتــە و زمـانی پێكهاتەدایــە، لەكۆتایــدا خــود ئــەو پەیوەندیــە لەڕێگەی ناوەندێتی كارەكەوە لەگەڵ خۆیدا بەراوردی دەكات.

(هایدگەر)لەڕوبەڕوبونەوەكەیـدا لەگـەڵ(كاسـیرر)لەسـەر كتێبەكـەی كانت(ڕەخنـەی عـەقڵی تایبـەت)ڕونـی كردەوە، چوارەم یان پێنجەم گـرانترین كتـێبی فەلسـەفییە لەسـەر ئاسـتی جیهـان. هـەتا ئێسـتا بەهەڵـە لێـی تێگەیشـتون، مەعریفـە لەعەقڵـەوە بەرهـەم ناهێنرێـت، مەعریفە لەخـەیاڵی داهێنەرانـەوە بەرهـەم دەهێنـدرێت، خـەیاڵ پـێش

عــەقڵ دەکــەوێت و دایدەمــەزرێنێت نــەك بەپێچــەوانەوە. خــەیاڵی داهێنەرانـە ئەوەیـە تایبەتمەنـدی مـرۆڤ دادەمـەزرێنێت و نـاوەرۆکی مرۆڤ لەسەرەتادا شـاعیر بـووە، شـیعر بـەر لەفەلسـەفە بـونی هـەبووە. بــەردەوامیش هایدگــەر ئــەوەی ڕەتکردۆتــەوە، پرۆژەکــەی بگاتــە ئەنسرۆپۆلۆژیای فەلسەفی، بەواتای کانتی، ئامانجەکەی بۆ بـەئامانج گەیشـتنی ئـەنتۆلۆژیای بنـەڕەتی بـووە، نـەکو بـۆ زانسـتی مرۆڤـی ئەزمونگــەری، پێشـنیازی پرسـیاری خـود ناکـات لـەم چـەمکەوە، ئەزمون گەری یان دەرونزانـی، تەنانـەت ئـەو مێژویـەیش لای(دلتـا)ی هەیە.

پێشــنیارەکەی هایدگــەر لەڕێگــەی پەیوەنــدی بەوتــەی پێکهاتــەی بونەوەیــە، لــەلای(فۆکــۆ)ڕێرەوی دیــاردەیی و هایدگــەری بــۆ زۆر ڕێچــکەی جیــاواز دەڕوات، ئــە و بــەرەو پرســیارەکانی خــود قــوڵ دەبێتــەوە،(بولــدیمان) خودەکــان شــیدەکاتەوە: لەســەرەتادا چــوار جــۆری جیــاوازو چـاوەڕوانکراو لــەلای(لودڤنـغ بنـز ڤـانغر)دیـاری دەکات:

(ئەو خودەی بڕیار دەدات، ئەو خودەی دەخوێنێتەوە، ئەو خودەی دەنوسـێت، ئـەو خـودەی خـودی خـۆی دەخوێنێتـەوە، قوتبونـەوەی کێشــەی پــەیبردن بــەو ئاســتە هاوبەشــەی ئــەم خودانــە تیایــدا پێکدەگــەن، پاشــان دامەزرانــدنی یــەکێتی هۆشــیاری ئــەدەبی،

سەرەتای ئاستەنگە مێتودیە سەرەکیەکانە لێکوڵینەوە هەراسان دەکات).(٢٧)ص٧٧ .

ئاستی هۆشمەندی ئەدەبی بەر جەستە دەبێت بواری ڕۆشنبیری ڕێکدەخات و پرسیاری جیاوازیەکانی ڕۆشنبیری دروست دەبێت، چی بۆ یەکێتی هۆشیاری ئەدەبی و پەیوەندی ئێمە و ئەو و ئەوانی دواتردا کرابێت؟ کامەیە دایەلۆژ و پرسیارە سەر سوڕهێنەرەکان و ئامادەکاری و نامەکانی ئایندە؟ خوێندنەوەکانی خود و ئەو دەسەڵاتە ڕۆشنبیریەی هەیە؟ کامەیە ئەو نامە سەرسوڕهێنەرەی پرۆژەی گۆڕانی ئێمە و ئەو و جیهانە؟ کامەیە بەسەرا چونەوە و پێشنیاز و ڕەخنەی بەرهەمهێنان؟ کام خوێندنەوەیە بۆ دەسەڵات کراوە؟

ڕۆمانیش ئاستێکی خوێندراوەی لەڕۆشنبیری کوردیدا وەرنەگرتووە؟ هەتا جیاوازیەکانی بزانین؟ بەهەر زمانێکی تریش بنوسرێت دەچێتەوە سەر ڕیشەی تیۆرەکەی ئەورووپیە.

ڕۆمانی کوردی هیچ ڕوڵێکی تیۆریی نیە و نەیتوانیوە لەزەمەنێکی مێژویی بەرەو کۆمەڵگەیەکی نوێ جیاببێتەوە بۆ زەمەنی ئایندە؟ ڕۆمان بەبێ دەرخستنی جیاوازیەکانی لەڕوی ئەزمون و هوکارەکانی تەکنیك و شێوە و زمانەوە شوناس و جیاوازی خۆی وەرناگرێت.

ئـەوەی کاریگـەری لەسـەر رۆشـنبیری کـوردی هەیـە رۆشـنبیریەکی گەلیە بۆتـە هۆکاری نەهامەتی. زۆر لەبیریارانی جیهان بەترسناکی دەیبیننەوە، لای(ماتیۆ ئارنوڵد)و(خۆسیە ئۆرتیکا)رۆشنبیری گەلی هی چینە کارکەرەکانە و رۆشنبیریەکی ترسناك دروست دەکەن. ئەو کەسانەن هێز و دەسەڵات دەگرنـە دەسـت، هاوشێوەی شارسـتانی و رۆشـنبیری گـەلین، دەرفـەت بـۆ کەمایەتیـەکان ناهێڵێتەوە.(خۆسـیە ئۆرتیکا)رۆشنبیری گەلی لەرۆژئاوادا بەرەشبینی رەوشتی دەبینێت. لای زۆر زانـای تـریش بەدروسـت کـەری ئـاڵۆزی بـۆ رۆشـنبیریەکان ناویان دەبەن .

غرامشی پشت بەرۆشنبیری هەڵبژاردە دەبەستێت، رۆشنبیری گەلی تێکـەڵاو، چـینی بـالا و خـوار و ئۆپزسـیۆن روبـەڕو بەفەرمانبـەری بونیـەی سـەرەوە دایانـدەنێت کـار دەکـەن بـۆ ئایـدۆلۆژیای چـینی باڵادەست، لای ئەو رۆشنبیران لەهەمو چینەکانەوە لەدایك دەبن.

ئێستا رۆڵی رۆشنبیری نێردراو و هەڵبـژاردە و پێشـکەوتو نـەماوە و جگە لەدابڕان هیچ بەرهەم ناهێنن؟ دەبێت کار بکرێت بۆ بەدیهێنانی دەسـەڵاتی مـرۆڤ لـەرێی کێشـەکانی گشـتی و نەخشەکێشـان لەپانتاییەکاندا، بەرەو روانینی گەردونی.

## ١١

## ڕۆمان و مێژو

ڕۆمانی ئەدەبی و مێژویی جیاوازن و ڕۆمانی مێژویی وەك چەمکە باوەکەی کەسایەتی و روداوی حەقیقین، بەشێك لەمێژو پێکدەهێنن، لەگەڵ ڕەوتی ئەدەبیدا بەشدار دەبێت و ڕۆمانی ئەدەبیش لەگەڵ ڕەوتی مێژوییدا بەشدارە و کار لەدیاردەی کۆمەلایەتیدا دەکات و دیاردەی کۆمەلایەتیش مێژویین. جیاوازیش لەنێوانیاندا ئەو پانتاییەیە لەنێوان زەمەنی گێڕانەوە و زەمەنی روداو و زەمەنی ئەو روداوەی دەگێڕدرێتەوە.

باختین دەڵێت: ڕۆمان سەرچاوەیەکی ناتەقلیدیە بۆ مێژو. زۆریش ڕۆمان بەنوسینەوەی مێژوی نایاسایی دەژمێرن. بەلزاك و ئەمیل زۆلایش خۆیان مێژونوسی ژیانی کۆمەلایەتی سەردەمەکەیان بون.

زۆر پرســـــیاریش کـــــراوە لـــــەوەی ڕۆمـــــان سەرچـــــاوەیەکە لەسەرچاوەکانی مێـژو، یان مێـژو سەرچاوەی ڕۆمانە؟ لای زۆریـش مێژویەکی ئەندێشە ئامێزە لەناو بابەتی مێژودا.

یـــەکێك لەپێکهاتـــە و سەرچـــاوەکانی ڕۆمـــان زانســـتی مێـــژووە، پەیوەندی ڕۆمان و مێژو وەك ئاڵوگۆڕی شیردەری بەرامبەر و مێژوی باوك و باپیرانە.

لـەلای بـاختین ڕۆمـان ژانرێکـە کلێشـە و هونـەری تـاك وەرناگرێـت، لەنوسینەکەی لەسەر(فرۆید)ڕونی کردەوە مێژوی ڕۆمان بـەکۆ خـۆی دەناسێنێت، نەکو بەسیفەتی تـاك، ڕۆمـان هەمیشـە کـار بـۆ ئاینـدە و ڕوداوەکانی دوا ڕۆژ دەکات و ژانرێکە هەمیشە گەنجە.

لای زۆر لەتوێـــژەرەوان هونەرێکـــە بـــێ یاســـایە، کلێشـــە و ڕەمـــزی تەقلیـدی لادەبـات، ڕۆمـان کـار بـۆ پێشـبینی ڕوداوەکـانی ئاینـدە و تەکنـەلۆژیا و کـولارەی ئەفسـانەیی دەکـات لەسـەد سـاڵی ئاینـدەدا؟ یان هەر شتێکی تر، لەزەمەن و جێگەی تەقلیدی ناوچەیی دەرچووە و دەبێتـە گـەردونی و جیهانمـان بـۆ دەکاتـە گونـدێك، نـەکو تـەنها کارکردن بێت بۆ مێژو، بەپێچەوانەوە لەسـەر ئاستی خوێندنـەوە و نوسین زەمەنی نوێ بەرجەستە دەکات.

(فەیسەڵ دەراج)شیكردنەوەی ڕۆمانی عەرەبی دەكات لەسەر ئاستی نوسینەوە سەر بەزەمەنی نوێگەری گەردونیەو لەسەر ئاستی خوێندنەوە سەر بەزەمەنی تێكەڵە بەنوێگەری.

(مانای مێژو لەرۆماندا مانای مرۆڤ دەگەیەنێت، سەردەمانێك چاوەڕوانی كاتێكی ئارەزو پێكراوی دەكرد پێی نەگەیشتبو، بەبێ پێشبینی كردن بەسەردەمانێك گەیشتبو هەرگیز ئارەزوی نەكردبو، هەمو كاتەكان لەهەنوكەیەكی ژیاودا تیایدا دەتوێنەوە، ڕابردویەك پێی گەیاندووە تێكەڵە بەتاریكی و ئایندەیەكی نادیاری لێدەردەچێت).(٢٨)ص٣٦٦

بۆ زەمەنی ڕۆمانی كوردیش دەگەڕێینەوە بۆ زەمەنی نوسین و خوێندنەوە، چۆن لەمێژودا كار كراوە؟ كامەیە مێژو واتاكەی؟ لێكدانەوەی مێژو لەڕوانینی ڕۆمان نوس و نوسەرانی كوردەوە شێوازی تاكی وەرگرتووە یان تاكو كۆیە؟ ئایا مێژو لەرۆمانی كوردیدا چۆن دەبینینەوە؟ كام مانایە لەسەر مرۆڤ بەرجەستە دەكات؟

چۆن بڕوانینە پەیوەندی و ئاست و قوناغ و مانای مێژو؟ لەڕەوتی بونیەی ئابوری و كۆمەلایەتی نوێدا ڕۆمان دەربڕینە لەكاركردن و مامەڵە لەم واقیعەدا بەناكۆكیەكانیەوە لەنێوان خود و تاكە كەسدا هەوڵی گەشەكردنی تاكی داوە. هەمو ڕۆمانێك بەردەوامی بونە

لەگەڵ خۆشەویستی بۆ مێژو، بۆ دۆزینەوەی کۆمەڵگایەك لەدڵی خودەوە یان تاکە کەسەوە بۆ خۆشەویستی و رزگاربونی خود لەنوقوم بون لەمێژودا، ئەمە دیاریکردنی زەمەنی رۆمانە.

رۆمان گوتارێکی ئیستاتیکی گێڕانەوەیی و رۆشنبیریە، لەقوڵایی چینەکانەوە ژێرخان دەکاتە چاوگی رۆشنبیری و سروشی شوناسی دەدۆزێتەوە. گوتارێکی خودی کەسیە، جیابونەوەیە لەخودی نوسەر و ئەم خودێتیە دەگوێزێتەوە بۆ کۆمەڵی، کەسی تاك دەرکەوتنی دیاردەی کۆمەڵایەتی نوێیە، واتای دەرچون لەتاکەوە بۆ کۆ و فرەیی.

(فەیسەڵ دەراج)بەوردی شیکردنەوەی دەکات: لەلای هێگەڵ کێشەی دەرچون لەمێژو سەری هەڵداوە و ئەو دوای ئەوە کۆتایی مێژو دەبینێت، واتاکانی لەسەر ناپلیۆن ڕوحی شۆڕشی فەڕەنسای بەرجەستە کردووە، سەرەتایەکی سەدیمی و کۆتایەکی تەواوکەری بۆ مێژو هەیە، لای مارکس مێژو بەڕوڵی خۆی کۆتاییەکی تر دەبەخشێت، لەوەی جاری وا هەیە کۆمەڵگەی شیوعی پێگەی دەوڵەتی بڕوسی دەگرێتەوە و تیایدا ململانێی چینایەتی ناپلیۆن لەسەر پشتی ئەسپەکەی دێنێتە خوارەوە لەهەندێ جاری تردا.

رۆمان یەکێکە لەباشترین نواندنە ئەدەبیەکانی تر فەلسەفەی دوای تازەگەری پیایاندا تێپەڕیبێت، بەکردار و کاری مەیدانی. لێرەدا

دەتوانێت شوناسی تیۆریی خۆیان لەسەر دیاری بکەن. ڕەگەزێکی ئەدەبیشە لەگەشەکردنیدا بەمێژووەوە پەرەی سەندووە و جیاوازی لەگەڵدا دروست کردووە، لەروی سایکۆلۆژیەوە کەسێکی تاك و سایکۆلۆژیە و کەسێکی کۆمەڵایەتی مێژویشە.

لەنێوان گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکاندا تاکە کەس دەرکەوت، بەهایەکی مرۆڤایەتی رزگارکراوی هەیە لەبەردەوامی و گەشەکردنیدا وەك ئەوەی مافی بونی خۆی هەیە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نویٚ پێکدەهێنێت، جیاواز لەوەی دابڕاو بێت لێی وەك جیاکردنەوەی کۆمەڵگا لەشوان و هاوڵاتی بوندا.

ڕۆمان بەفەلسەفە پەیوەند بو، سەرەتا فەلسەفەی ڕۆشنگەری ڕۆسۆ و ڤۆلتێر و دیدرۆ ڕۆمانی ئەندێشە ئامێزیان داهێنا، لەچەرخی بیستەمدا بەجان بۆل سارتەر کۆتایی پیٚ هات.

لەروی فەلسەفیەوە گەڕانە بۆ بون و هەبونی مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەم شوناسانە تایبەتمەندی تەواوی دەدەنیٚ:

شوناسی خودی نوسەر لەروبەڕوبونەوەی خۆیدا و شوناسی گێڕانەوە و شوناسی دەقی نوسراو.

زۆر لەرەخنەگرانیش ئەو پرسیارە دەکەن: ئایا هۆشمەندی مێژویی مەرجە بۆ نوسینی ڕۆمان؟ ڕۆمانی مێژویی گەشتی زەمان و جێگە دەگوازێتەوە بۆ جێگە و زەمەنێك هیچ شتێك دەربارەیان نازانێت.

زۆر لەو رۆمانانە دەرچون لەنێوان واقیع و خەیاڵدا لەرێگەی چنینی خەیاڵی رۆمانسیەوە، دوایی لەگەڵ روداوی مێژویدا یەکدەگرنەوە.

لای زۆریش لەرەخنەگران رۆمان سەرچاوەیەك نابێت بۆ زانیاری مێژویی، ئەو رەنگێکی ئەدەبیە، پشت بەخەیاڵێکی فراوان دەبەستێت.

جگە لەوانە دەیەها رای تر هەیە، دەتوانین کورتیان بکەینەوە، پەیوەندی نێوان رۆمان و مێژو وەك پەیوەندی شیردەریە لەنێوان خێزانەکاندا، کەواتە چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە:

ئایا رۆمان سەرچاوەیەکە لەسەرچاوەکانی مێژو، یاخود مێژو سەرچاوەیەکە لەسەرچاوەکانی رۆمان؟

زۆر هۆکاری هاوبەشی مێژو رۆمان بەیەکتری دەبەستنەوە، وەك مرۆڤ و زەمان و جێگە و سروشت و چیرۆك و گێڕانەوە.

نوسەری رۆمان دەبێت لەنێوان مێژوی کەسی تایبەت سروشتێکی خەیاڵی هەیە دەربچێت، بۆ مێژوی واقیعی هی گەلانە. رۆمان دەبێت لەسنوری ناونانی کۆنی مێژویی دەربچێت، بەرەو ئەو سنورەی مێژوی ئەدەبی دروست بکات.

رۆمان توانی لەئێستایەکی سەرکەوتو ئایندەیەك جیابکاتەوە، ئەو قۆناغانە ببڕێت هۆشمەندی هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی کۆنن.

ڕۆمــانی نــوێی فەرەنســی لەناوەڕاســتی ســەدەی بیســتەمدا بەجیاکردنەوەی بابەت و چڕکردنەوەی ناوەڕۆك و نەهێشتنی ڕۆڵی پاڵەوانی تەقلیدی و دیاری نەکردنی شوێن کات توانی ڕەوتی ڕۆمان بگۆڕێــت. لــەم گــۆڕان کاریانەیشــدا ئایــدۆلۆژیای ســەرکەوتو بەرهەمــدەهێنرێت مــرۆڤ دەخاتــە نــاو شارســتانیەتێکی مەزنــەوە.

نۆفالس دەڵێت:

(مێژو دەبێتە پەرتوکێکی خودایی).

شۆڕشی زانستی و پیشەسازی بەگۆڕانی کۆمەلایەتی دەناسرێت، ئاڵوگۆڕی ڕۆمـانی کلاسـیکی و هونـەری تەقلیـدی یـەك ڕەنـگ بـو، ڕۆمــانی مەنــەلۆژ بــو، ئەلبۆلیفۆنیــە ڕۆمــانی فرەدەنگــی جێگــەی گرتەوە، ئەم زاراوەیش واتای گواستنەوە بۆ پانتاییەکانی ئەدەب و ڕەخنە.

جیابونـەوەی خـود و تاکـە کەسـی جیابونەوەیـە لـەخودی نوسـەر، کەســی تــاك دەرکــەوتنی دیــاردەی کۆمەلایــەتی نــوێ بــو، دور لەوێنـەگرتنی بـەردەوامی بیـۆغرافی مرۆڤایـەتی و چـووە نـاو مرۆڤـی سەر زەویەوە و توانی شوناسی خۆی بەجیهانەوە ببەستێتەوە.

زۆر لـەو ڕۆمانانـەی نوسـراون چارەنوسـی مرۆڤایـەتیان هـەڵگرتووە، جێگە شوناسی ڕۆمـان دیـاری ناکـات، ڕۆمـانی مـادام بۆڤـاری فلـۆبیر لەگوندایـە و ڕۆمانێـك نیـە لەسـەر گونـد. سـەد سـاڵ لەدورەپـەرێزی

گابریل گارسیا مارکیز بۆ گوندە و هەمو چارەنوسی مرۆڤایەتیە، ئەو نوسەرەی ڕۆمان دەنوسێت بونەوەرێکی ئامادەیە لەمێژودا، ئەو کەسایەتیانەیشی کاریان پێدەکات هەرچەندە دابڕاو و نامۆیان بکات ناتوانرێت تەواو ریشەیان لەمێژودا دەربهێنێت و دابڕاویان بکات. مێژو و ڕۆمان وێنەی شێرپەنجە لەجەستەیەکدا سەرهەڵدەدەنەوە، فەلسەفەی ڕوشنگەریش لەکۆتایی مێژودا دەرکەوت، بەپاڵپشتی بیری پێشکەوتن گەشەی پێدا.

مرۆڤی نویٚ نمونەی مرۆڤی خەیاڵکەرە، بەرەو زەمەنی نوێگەری گەردونی هاتو قوناغێکی پێکهێنا جیاواز لەوەی مێژو بنوسێتەوە، پێشبینی روداو و مێژوی ئایندەیەك دەردەخات ئێستا نەماندیوە.

(ڕۆمان مێژو لێکدەداتەوە و ڕەتیشی دەکاتەوە، لێکدانەوەی ڕەتکراوە دارشتنە هەمەجۆرەکان دەخوازێت، مێژو بریتیە لەدەسەلاتێکی خراپەی تازە بووەوە).(٢٩)ل ٣٦٧

لای زۆر لەتوێژەوەران ڕۆمان تیشکدانەوەی واقیعی مێژوییە، زۆریش بەخوێندنەوەی دابڕانی دەزانن لەمێژو پەیوەندی بەو دابڕانەوە نیە، مێژوی گەشتێکی زەمانی دەگێڕێتەوە، بۆ جێگە و زەمەنی تر هیچ شتێك دەربارەی نازانێت و کار لەسەر نامۆبونی مرۆڤ دەکات، لەتوانایدا هەیە ناوەرۆکی ونبو هەڵبگرێت، ڕۆمان واقیعێکی تر بۆ مرۆڤ بەر جەستە دەکات.

هـیچ رۆمانێـك و رۆماننوسـێك نیـە بەئێسـتا دەسـت پێنـەكات، ئـەم ئێستایە فانۆسێكی ئەفسوناویە بەدوای دۆزینەوەی ئەو دیمەنانـەی لـەڕابردو نیشـانماندراوە، ئایـا چـی پرسـیارێكیان لەسـەر ئاینـدە خوڵقانـدووە؟ چۆنمان دەگوێزنەوە؟ كامەیە كیشە و جیاوازیـەكانی رۆمـانی كـوردی لـە نێـوان خـودی نوسـەر و تاكـەكانی كۆمـەڵگادا؟ لـەرۆمانی عەرەبیشـدا جێگـەی مشتومڕە،(فەیسـەڵ دەراج)جیـاوازی لەنێوان كۆمەڵگە و تاكەكانی نوسەردا دەكات:

(رۆمــانی عــەرەبی ئــەو كەســانەی دۆزیــەوە دەینوســنەوە، نــەك لەكۆمەڵگایەكی نوێ بانگەشـەی نوسینەوەی دەكـات، لێـرەدا رۆمـان سـۆزداری زمـانی نەتـەوەیی و چـاك سـازی زمانـەوانی و كۆمـەڵگای مـەدەنی و مـاف بـەهاوڵاتی بون دەكـات، گـرەو لەسـەر ڕابـردو دەكـات لـەبری ئـەوەی رابـردو بكـات بـەكۆن، بەگریمانـەكان ڕازی دەبێـت و لەیەقینیش دڵنیایە).(٣٠)ل ٣٦

رۆمـان و مێـژو ئـاڵۆزی و ناتـەبایی و پەیوەندیـەكی زۆر ئاڵۆزیـان هەیە، رۆمان شوشەی عەترێكی گەردونیە، هەمو رەنگ و بۆن و تـام و شـێوە و شـێوازێك، بـەبون و زەمـەن و هەبونـەوە دەگرێتـە خـۆی، بـونی مێـژویش وەك لقێـك لەزانسـتەكان و مەعریفـەی گشـتی و زانسـتی بـونی هەیـە، ئـەوەی ئێسـتا رۆمـانی بـێ یاسـا دەیخوازێـت، گـۆڕانی مێـژووە بـۆ روداوی ئەفسـانەیەكی دەسـتكرد، هـەر هـەمان

مێژووە لەڕێی رەمزو ئامـاژە و نیشانە و ئیقونەوە دەدۆزرێتەوە.بۆ ئایندەیش پێشبینی روداوێکی ئەفسانەییە، پێشبینی نەکرابێت و دودڵی و گومان و ڕاڕایی لەرودانی بکرێت.

کاری رۆمان تێپەڕاندنە لەمێژوی باو بەرەو مێژوی گەردونی، پێویستە زەمەنی هاوچەرخ بنوسێتەوە، مێژونوسان نەیاننوسیوە، پەنجەرە و فراوانیەکی نوێ لەوە بەر نەبینراوە.

# ١٢

## فەزای رۆشنبیری

فەزای رۆشنبیری گۆڕانکاری ریشەیی بەسەردا هاتووە و ناتوانرێت پێناسەیەکی رەهای بۆ دابندرێت، بەفیکر و دەربڕین ببەسترێتەوە و لەکێشەکانی رۆشنبیری ژیان و ئامانجی ئایدۆلۆژی و بواری ئەدەب و شیعر و ئاین و فۆلکلۆر و هونەرەکانەوە پیێ ناسە بکرێت. ئێستا دەلالەتە لەسەر ژیان و شەپۆلی رەنگەکان و سینەما و دراما و مۆسیقا و شێوەکاری و بەرگ و بناغەی کۆمەڵایەتی و ئەوانەی رەنگدانەوەی کۆمەڵگان. رۆشنبیری ناوەندێکە مرۆڤ دەبەستێتەوە بەهەمو پێگەکانی مەعریفەوە، ئەوانە دەگرێتەوە داهێنان و دابەشکردن و چالاکیان هەیە و بواری زانیاریە نوسراوەکان، ژمارەییەکان، ئەو زانستانەی فەزای رۆشنبیری دەگرنەوە. بەرنامە و

هاوکێشەی ماتماتیکی و داتا و هونەری بینراو وەك فیلم و تابلۆو نەخشە و کارە پیشەییەکان و بەشداری یادەوەری و پاشخانی زیهنی ئەو رەنگانەی دەربڕینن لەناخ و بونی مرۆڤ و لەخۆیان و ژیانیان.

پۆلێن کاری فەزای رۆشنبیری کوردی پێویستی بەگۆڕان و کارکردنی ریشەیی هەیە، بەشیکردنەوەی واقیعی رۆشنبیری دەکرێت. بۆ ئاستی رۆمانی کوردیش لەبواری میدیادا چاو خشاندنەوەیەکی گرنگی ددەوێت، میدیا بەهەمو بەشەکانیەوە کاریگەری لەسەر گەشەکردنی رۆشنبیری هەیە.

رۆڵی میدیا چیە؟ چۆن تۆڕی پەیوەندییەکانی ئێمە و ئەوانە؟ چۆن دەبێتە ئاڕاستەیەکی کارتێکەر لەداڕشتنەوەی پەیوەندی و ئاکار و رەوشتی کومەلایەتی؟ لەکاتێکدا میدیا بەرەو بونیادەکانی کۆمەلایەتی هەنگاوێکی ڕیشەیی نەناوە؟ ئەرکەکانی پەیوەندی بەو گۆڕانانەوە هەیە رۆژانە دەبێتە دایەلۆژی گشتی و زمانی ئاخافتنی تاك و کۆمەڵ بەداهێنان لەهەمو بەشەکانی میدیایدا، لەڕوی شێوە و تەکنیك و زمانەوە. ئایا میدیا چی جیاوازیەکیان دروست کردووە بۆ گواستنەوە بەرەو گۆمەڵگەیەکی مەدەنی، زۆر بابەت بلاو دەبنەوە بەبێ پرۆژە و تیۆریی میدیایی؟ کام پلان و نەخشەیەی هەیە بۆ

گـۆڕانی کۆمـەڵ بەشـێوەیەکی داهێنەرانـە لـەبوارەکانی مەعریفـەدا کومەڵگا بەرەو جیهانی نویٚ ببات؟

ئـەوەی جێگـەی پرسـیارە میدیایـەکی سـەربەخۆمان نیـە، داهێنـان دایمەزراندبێت، هـەر حزبـە میدیایـەکی بـەرفراوانی کردۆتـەوە. ئایا لەتوانایانـدا هەیـە بـەداهێنان و بۆشـاییەکان پـڕ بکەنـەوە؟ کـام تاریکیـەیان ڕوشـن کـردەوە؟ چـی لێکوڵینـەوە و بـەدوادا چونێکیان کـردووە؟ چـی ترسـێکیان بـۆ دەسـەڵات دروسـت کـردووە؟ هـەوڵی بەسەرا چونەوە و گۆڕان بـدات؟ دەبو دەسـەڵاتی ڕۆشـنبیری ڕەسمـی ڕۆڵـی خـۆی بگێڕایـە، زەمینەیـەکی ڕۆشـنبیری جیـاوازی دروسـت بکردایـە. بـۆ هۆشمەنـدی یەکەیـەکی ئـەدەبی و دامەزرانـدنی ئاسـتی خوێنەران و هۆشیاری ئەدەبی، عەلی حەرب شیکاری دەکات:

(خوێنـەر ئەوەیـە، یەکـەم شـایەتحاڵێکە دەبینێـت و دەبیسـتێت، ئەندێشـە دەکـات و خـۆی دەنوێنێـت، تێـدەگات و نرخـی دەزانێـت، هیچ نرخ زانینێك بەبیٚ گەواهی ناکرێت و دووەم خوێنەر شـیکەرەوە و لێکدەرەوەیـە، ڕوداوەکـان شـیدەکاتەوە بەئەنـدازەی لێکدانـەوەی وتراوەکان، هیچ تێگەیشتنێك نیە بەبیٚ شـیکردنەوە یـان لێکدانەوە، لەدوا جاردا خوێنەر بریتیە لەڕاڤەکار و هەڵوەشێنەر).(٣١)ل ٣٣

ئاستی خوێندراوەی رۆشنبیری و داهێنانەکانی چین؟ لەکوێوە پرسیار لەسەر لایەنە گرنگەکانی رۆمان بکەین؟ توانیویانە تەوژمێك بەتوێژینەوە و ڕەخنەی رۆمان بدەن؟

نوسینێکی سەر پێیانەی رۆژنامەنوسی، زۆربەی رۆماننوسان بێزاریان لەسەر دەردەبڕن، رۆماننوسە عێراقیەکان بەگشتی لەچاوپێکەتنێکی گشتیدا ئەو ناڕەزایەتیەیان هەیە بەهۆی رۆژنامەوە زۆر لەڕۆمانە خراپەکان بازاڕی باش پەیدا دەکەن، زۆر ناحەقی تر بەرامبەر بەڕۆمانەکانیان دەکرێت. رۆژنامە زیاتر کاری سەرپێی و کورت کردنەوە دەکات لەڕۆمانەکە و پێکهاتەکانیدا، لەسەر ئاستی جیهانیشدا توڕەیی رۆمان نوسانی زیاتر کردووە لەوانەش( فیرجنیا ولف و گراهام گرین)و دەیەها ڕۆمانوسی تر.

دەبێت لەبواری رۆژنامەنوسی کوردیدا چی روبدات؟ زۆر لەرۆژنامە نوسانمان ئەوەی لەڕۆژنامە دەیزانن نوسینەوەی وەزیفەیەکە.(عبدالستار جواد)رەخنە و زمانی رۆژنامەنوسی نوێ جیادەکاتەوە:

(زمانی دەربڕینە لەهونەرەکانی رۆژنامەنوسیدا لەزمانی بلاوکراوە و هەواڵ و راپۆرتەکانی رۆژانە جیادەبێتەوە)(٣٢)

بواری ڕۆژنامەی کوردی لەتوانایدا نەبووە، پرسیارە فیکریەکان بخوڵقێنێت و لێکوڵینەوەی ڕۆژنامە نوسی ئەرکی گرنگی

ڕۆژنامەیـە، لـەکوێوە لەسـەر ڕۆمـان بنوسـێت؟ گرنگـی ڕەخنـە گـری ڕۆمـان جیاوازیـەکی زۆری هەیـە. هونـەر، تـەکنیك، زمـان، کەسـێتی، سیستەمی گێڕانەوە، گوتار، زەمەن، چنین، مێژو..هتد.

زۆر لـەو باسـانە تـەنیا کـورت کردنـەوەی ڕۆمانەکەیـە و کـراوە بەچیرۆکێکی کورت و بەبێ مەعریفە دەنوسن.

ئـەوەی لەڕۆشـنبیری کوردیـدا جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە هـەوڵی ڕەخنەگرانەی(د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، زاهیر ڕۆژ بەیانی، حەمە سـەعید حەسـەن، د. عـادل گـەرمیانی، عـەتا نـەهائی، سـابیر ڕەشـید، سیامەند هادی، **حوسێن سابیر عەلی،** د. ئیبراهیم قـادر محەمـەد، د. محەمەد تاتانی، د. حەمە مەنتك، جەلیل کاکە وەیس، عومەر شێخ عەلی، ئارام سەدیق، د. فوئاد ڕەشید، تەحسین گەرمیانی، د. نـەجم ئـەڵوەنی، **ڕێبـاز حەمـە جـەزا** و چـەندانی تـر سـەرەتایەکی باشـیان لەڕەخنە و توێژینەوەی تیۆری ڕۆماندا هەیە.

پێویسـتە ڕەخنـەگری ڕۆمـان ببێتـە داهێنـەرێکی تـر، بەپێچـەوانەوە زۆر لەوانەی دەنوسن دەگەڕێن بەدوای شتی ئاسان، یان بەمەبەست، زۆر لـەو بابەتانـەی بڵاودەبنـەوە بەشـێکن لەوڕێنـە، یـان ئاسـتی خوێندنـەوەی خوێنـەرێکی ئاسایە، نـاتوانن ڕاڤەیـەکی ئـەو دەقـە بکـەن؟ چـی ئاسـتێکی هەیـە؟ واتـا شـاردراوە و سـەرکەوتن و

کەموکورتیـــەکانی چـــین؟ ئایـــا ئـــەو دەقـــە پێشـــبینی ئـــەنفالێکی تەکنەلوژیای نوێی کردووە؟

چـۆن بڕوانینــە ڕۆمـانی کـوردی؟ زۆریــان ڕەنگدانــەوەی واقیــع و ڕوداوی مێژوین و بەزنجیرەی کڕنۆلۆژی نوسراون و توانای ئەوەیان نـەبووە لەڕابردویـەکی ڕەها دەربچـن، گوتـاری ئیسـتاتیکیان بەرهـەم نــەهێناوە و لەســەر ئاینــدەو جیاکاریەکانیــدا. زەمــەن و شــوێنکات دیـاریکراون و چیرۆکێکی کورتـە و درێـژکراوە، یـان ڕانـاوی کەسـی دووەم و یەکەمــە و بــاس لەپاڵــەوان دەکــەن، باســکردن لەئــەنفال و بەندیخانە و شۆڕش و خۆشەویستی، یان لاسایی کردنەوەیە، دەریا کـراوە بەچـەم و سـەرباز بەپێشـمەرگە، ئەمـەو دەیـەها شـێوازی تـر خەسڵەت و نمونەی ئێستای زۆربەی ڕۆمانە کوردیەکانن. هەڵەبجە و ئـەنفال بونەتـە دو پـرۆژە بـۆ زۆر دەسـتە و گـروپ، گـرنگ ئەوەیـە جگـە لەوێنەکـەی خۆیـان ئێسـتا و سـەد سـاڵی تـر دەمانـدوێنن و دەمانخەنـە بـەردەم بـەر پرسـیارێتی و گفتوگـۆوە، کـێ کورپەکـەی عومـەری خـاوەری کـرد بـەزریانێکی سـەدەی بیسـت و سـێ؟ کـێ هەڵەبجـەی گواسـتەوە بـۆ فەزایـەکی نـەبین؟ یـا سـیروان بڕێژنـە نـاو زەریای سپیەوە؟

ڕۆمـان لەهـەمو ئـەو ئاسـتە کۆنانـە زەمـەنی بەجێهێشـتووە و ئێسـتا ڕوداوەکانی دەچێتە ناو زەمەنی ئایندەوە.

ڕۆمانی کوردی لەئێستادا زەمەنی چاوکردنەوەیەتی لەناسینەوەی دەقەکانیدا دەتوانرێت ئاستێکی سەرەتایش بدۆزێتەوە. ئەزمونی نوسینی دەقی ڕۆمان نوسین تاڕادەیەك مێژویەکی درێژی هەیە:

(ئیبراهیم ئەحمەد، ساڵی ١٩٣٥ڕۆمانێکی سوتاندووە، ئەگەر نەیسوتاندایەو بڵاوی بکردایەتەوە دەبووە یەکەمین ڕۆمانی عیراقی).(٣٣)

ڕۆمانی(ژانی گەل)ی(ئیبراهیم ئەحمەد)١٩٥٧ نوسرا، چەندین دەقی تر بەنزیکەی سی ساڵ پێشتر نوسراون، ئەگەر لەبواری ڕۆشنبیریدا ڕاڤەیان بکرایە، کاریگەری تەواویان دەبو.شوناسی تیۆری ڕۆمان لەکارکردنەکەیدا دیاری دەکرێت، لەڕێگەی کەسایەتیەکان و فەزا و ژینگەوە، زۆر ڕۆماننوس ڕۆمانەکانیان تایبەت نیە بەشوناسی وڵاتەکەیانەوە، کەسایەتیەکانیان تیایدا دەجوڵێن. ئەو ڕۆمانانەی بەجیهانی دەبن نیشانەی مرۆڤایەتیان تێدایە، بەمرۆڤیش دەگەن، شوناسی ڕۆمان لەنێوان ڕستەکاندا جیادەبێتەوە، نەك وەك ئەوەی ڕۆماننوس شوناسی نیشتمانی هەبێت.

پێویستە بۆ ناسینەوەی ئاست و پەیوەندیەکان لەئێستاوە بۆ ئایندە کار بکرێت، لەناو جیهانە فراوان و سەرسوڕهێنەرەکەی ڕۆماندا خۆمان بدۆزینەوە، ڕۆماننوسی لیبی(أبراهیم الکونی)ڕۆمان بەمێژوی ڕۆحی مرۆڤایەتی دەزانێت.(٣٤)

پێویستە لەمێژوی ڕۆحی خۆماندا هۆشیار ببینەوە لەپەیوەندی نێو نەتەوەیی و ئاسۆیدا بەرەو کرانەوە و نوێبونەوە و گەشەسەندن بەبەشداری بەیەك گەیشتنی کەلتورەکان، بەڕوی خۆمان و جیهاندا بکرێینەوە(عەلی حەرب)شکاندنی بەر بەستەکانی نێوان زمانەکان و ڕۆشنبیریەکان و نەتەوە و کیشوەرەکان دەبەستێتەوە بەبەشداری بیرمەندان بەبیر و چەمکی داهێنەرانەیان، فیکر بەفەزایەکی فراوانتر لەپانتایی جوگرافی بۆ کۆمەڵگەکان و نیشتمانەکان دادەنێت.

ئێستا لەسەر ئاستی پەیوەندیەکانی جیهاندا گەیشتوینەتە ئاستە چرکەییەکان و چۆن بتوانین بەشداری لەگۆڕانەکانی واقیعدا بکەین؟ بەرەو پرسیار و گومان لەڕۆڵی خۆمان و ئەوانی تردا بوروژێنین و پرۆژە فیکریەکانمان بەرهەم بهێنین، بەرەو دایەلۆگی فیکری نویێ و کرانەوە بەڕوی خۆمان و جیهاندا بچین، لای( فۆکۆ)ڕۆشنبیر لەوە تێپەڕی کردووە، موڵکداری حەقیقەت و نوێنەری گشتی بێت، بەڵکو بەرهەم هێنەری مەعریفەیە).(٣٥)ل ٤٠

دەبێت لەو ئاستانەی ڕۆشنبیری تەکنیکی و پێشکەوتو تەقلیدی و هەڵبژاردەیی دەربچین و نەخشەکێشانمان هەبێت بۆ واقیع و گۆڕانکاریە ریشەییەکان لەهەمو بوارەکانی بەرهەمهێنانی مەعریفەدا و کارکردنی پراکتیکی و راڤەی ڕۆمانە کوردیەکان ریشاڵی تیۆریی ڕۆمانی کوردی دادەمەزرێنن.

## پەراوێزەکان

١- فيصل دراج. نظرية الرواية والروايه العربية. لسنة ١٩٩٦: المركز الثقافي العربي.الدار البيضاء.المغرب. . ط ١. ص ٨١. ٨٢

٢- علي حرب.الممنوع والممتنع نقد الذات المفكرة. لسنة ١٩٩٥. الدار البيضاء.المركز الثقافي العربي.ط١. ص٢٧.

٣- الممنوع والممتنع. نفس المصدر.ل ٣٧

٤- الممنوع والممتنع. نفس المصدر. ص ٢٨٣/٢٨٤

٥- الممنوع والممتنع. نفس المصدر. ص ١٦.

٦- الحوار مع الدكتور المؤرخ. هاشم يحي الملاح، حاوره عبدالوهاب النعيمي/مجلة عمان العدد ٤٣ في سنة ١٩٩٩ل/ ٤٤

٧- الحوار مع الدكتور المؤرخ. هاشم يحي الملاح.نفس المصدر.ص ٤٣

٨- الحوار مع الدكتور المؤرخ هاشم يحى الملاح. نفس المصدر. ص٤٣

٩- الحوار مع الدكتور المؤرخ هاشم يحي الملاح. نفس المصدر. ص٤٣

١٠- علي حرب.الممنوع والممتنع نقد الذات المفكرة. لسنة ١٩٩٥. الدار البيضاء.المركز الثقافي العربي.ط١. ص ١٠٦

١١- الممنوع والممتنع. نفس المصدر. ص ١٠٦.

١٢- الممنوع والممتنع. نفس المصدر. ص ١٠٥.

١٣- الممنوع والممتنع. نفس المصدر.ص ١٠٨.

١٤- الممنوع والممتنع. نفس المصدر. ص ١٠٦ .

١٥- د. جمال شحيد. ميخائيل باختين الملحمة والرواية دراسة الرواية، مسائل في المنهجية: سنة ١٩٨٢ كتاب الفكر العربي. معهد الانماء العربي. بيروت. ص ٩ - ١٠

١٦- فيصل دراج. نظرية الرواية والروايه العربية. لسنة ١٩٩٦: المركز الثقافي العربي.الدار البيضاء.المغرب. . ط ١. ص٩٤

١٧- سابیر رەشید. رۆمانی کوردی خوێندنەوە و پرسیار. بەشی یەکەم. چاپی یەکەم. ٢٠٠٧. هەولێر.

١٨- د. جمال شحيد. ميخائيل باختين الملحمة والرواية دراسة الرواية، مسائل في المنهجية: سنة ١٩٨٢ كتاب الفكر العربي. معهد الانماء العربي. بيروت. ص٢٩

١٩- فيصل دراج. الرواية و تاويل التاريخ.نظرية الرواية و الرواية العربية. ٢٠٠٤. المركز الثقافي العربي. دار البيضاء- المغرب. الطبعة الأولى. ص٣٦٥

٢٠- الرواية و تاويل التاريخ. نفس المصدر. ص٣٩

٢١- د. جمال شحيد. ميخائيل باختين الملحمة والرواية دراسة الرواية، مسائل في المنهجية: سنة ١٩٨٢ كتاب الفكر العربي. معهد الانماء العربي. بيروت. ص٧٢

٢٢- علي حرب.اوهام النخبة أو النقد المثقف: الدار البيضاء. المركز الثقافي الغربي. لسنة١٩٩٨. ط٢. ص٣٣.

٢٣- اوهام النخبه. نفس المصدر.ص ٢١٥

٢٤- د.عبد العالي بوطيب. مستويات دراسة النص الروائي. مقاربة النظرية. لسنة ١٩٩٩. ط١. ص١٠

٢٥- فيصل دراج. الرواية و تاويل التاريخ.نظرية الرواية و الرواية العربية. ٢٠٠٤. المركز الثقافي العربي. دار البيضاء- المغرب. الطبعة الأولى. ص٣٢

٢٦- علي حرب. اوهام النخبة أو النقد المثقف: الدار البيضاء. المركز الثقافي الغربي. لسنة١٩٩٨. ط٢. ص٥٧

٢٧- بول دي مان العمي و البصيرة. مقالات في بلاغة النقد المعاصر. ١٩٩٥. ت. سعيد الغانمي. ط١. ص٧٧.

٢٨- فيصل دراج. الرواية و تاويل التاريخ.نظرية الرواية و الرواية العربية. ٢٠٠٤. المركز الثقافي العربي. دار البيضاء- المغرب. الطبعة الأولى. ص ٣٦٦

٢٩- الروايه و تاويل التاريخ. نفس المصدر..ص ٣٦٧

٣٠- الروايه و تاويل التاريخ. نفس المصدر.. ص ٣٦

٣١- علي حرب.اوهام النخبة أو النقد المثقف: الدار البيضاء. المركز الثقافي الغربي. لسنة١٩٩٨. ط٢ ص ٣٣

٣٢- د. عبدالستار جواد. النقد الصحفي. لسنة ١٩٩٩. دارالشؤن الثقافية العامة.

٣٣- مەلا بەختیار. ئاستەنگەکانی ڕۆمانی کوردی. لەکتێبی لەپێناوی ئەدەبدا بڵاو بۆتەوە .

٣٤- ناصر بن صالح الغيلاني. اطلالة علي عالم الرواية. مەقالێکە لەئەنتەرنێت وەرگیراوە.

٣٥- علي حرب.اوهام النخبة أو النقد المثقف: الدار البيضاء. المركز الثقافي الغربي. لسنة١٩٩٨. ط٢.ص ٤٠

## سەرچاوەی عەرەبی


١- باختين ميخائيل. فن الرواية. ط١. الدار المامون للترجمة والنشر. ١٩٨٦. ت درويش محمد.

٢- باختين ميخائيل. الخطاب الروائي. القاهرة بارس. دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع . ت محمد برادة.

٣- باختين ميخائيل. الكلمة الرواية. ط ١. سوريا. منشورات وزارة الثقافة. ١٩٨٨. ت: يوسف حلاج.

٤- باختين ميخائيل، شعرية دؤستويفسكي، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء- المغرب ١٩٨٦. ت: جميل نصيف التكريتي.

٥- حرب. علي. اوهام النخبة أوالنقد المثقف:ط٢. الدار البيضاء.المركز الثقافي الغربي. ١٩٩٨.

٦- حرب. علي. الممنوع والممتنع نقد الذات المفكرة: دارالبيضاء.ط ١. المركز الثقافي العربي.. ١٩٩٥.

٧- دراج. فيصل. الرواية و تاويل التاريخ. نظرية الرواية و الرواية العربية. ط ١... المركز الثقافي العربي. ٢٠٠٤. دار البيضاء. المغرب.

٨- شحيد. جمال. الملحمة والرواية. ميخائيل باختين. دراسة الرواية، مسائل في المنهجية. ط١. بيروت. معهد الانماء العربي. ١٩٨٢.

٩- عبدالملك مرتضي، في النظرية الرواية، بحث في تقنيات السرد، عالم المعرفة، الكويت ١٩٩٨.

١٠- عابد الجابري. محمد. نحن والتراث. ٢٠٠٧ دارالبيضاء. المركز الثقافي العربي.

١١- قاسم، سيزا احمد: بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر. ١٩٨٤.

١٢- كامل الخطيب. محمد. الراوية واليوتوبيا: ط١. دار المدي للثقافة و النشر. ١٩٩٥.

١٣- مان. بول. العمي و البصيرة. مقالات في بلاغة النقد المعاصر. ت.سعيد الغانمي.ط١. ١٩٩٥.

١٤- ولسن كولن. فن الرواية. ط١. بغداد. الدار الطباعة. الدار المأمون للترجمة والنشر. ٢٠٠٨.. ت.محمد درويش.

١٥- هيغل. مدخل الى علم الجمال. .ط ١. بيروت. ١٩٨٤. ت. جورج طرابشي.

١٦- لؤكاتش جؤرج،نظرية الرواية، ت: الحسين سبحان، منشورات التل، الرباط، المغرب، ط١، ١٩٨٨.

## سەرچاوەی کوردی

١- جەلال. سەلاح.سیمیا لەشانۆدا. ئارکیۆلۆژیای شانۆی کوردی. سلیمانی. ٢٠٠٩. چ ١.تیپی شانۆی سالار.

٢- جەلال. سەلاح. کوردستان جوگرافیا و دەسەڵات. لەڕۆژنامەی هاوبیر. ژمارە(٦)٢٠٠٢. ئەم خاڵانە لەکتێبی(بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان.سەرکردایەتی کاتی. پ.د.ك دا ئاماژەی پێکراوە.

٣- کەریم محەمەد. تیۆریی ڕۆمان. لێکۆڵینەوە. وەرگێڕان. ٢٠٠٢. سلێمانی. چ ١. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٤- مەردۆخی. محەممەد کوردستان: مێژوی کورد و کوردستان. وەرگێڕانی: کەریم. عەبدول. ساڵی ١٩٩١.بەغداد. چ ١.

لەژمارە(٢١٥)ی١٣/١٢/٢٠٠٢هەتا ژمارە(٢٢٠)لەپاشکۆی ئەدەب و هونەری رۆژنامەی کوردستانی نوێدا بەناونیشانی(شوناسی نادیار و سروشتی رۆمانی کوردی)بلاوبۆتەوە.

لەرۆژنامەی هیومانیزم لەژمارە(١٠)هەتا ژمارە(١٦)بەگۆڕانێکی زۆرەوە جارێکی تر بلاوبۆتەوە. دوای ئەوەیش گۆڕانی زۆر قولم تیادا کردۆتەوە و ناونیشانیشیم گۆڕیوە.

لە کۆڕێکی تایبەتدا لە شاری هەولێری ئازیز ڕۆژی ( ١٢ / ٦ / ٢٠٢٣ )لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو بارەگای یەکێتی نوسەرانی هەولێر بە ئامادەبونی نوخبەیەك لە ڕۆشنبیران پێشکەش کراوە .

لە ڕۆژی ( ٢٥ / ١٠ / ٢٠٢٣ ) لە ماڵی کەلەپوری و ڕۆشنبیری قەڵادزێ لە لایەن دەستەی ئەدیبانی قەڵادزێ لە کۆڕێکی تایبەتدا پێشکەش کراوە .

بۆ هەمو پرۆژەیەك پشت بەم چاپە دەبەسترێت.

**سەلاح جەلال**

**دەرچوی زانکۆی عێراقی لە بەغداد، کۆلیژی زانستە ئیسلامیەکان. بەشی بەراوردکاری ئاینەکان و دایەلۆژی شارستانی لەساڵی ٢٠١١-٢٠١٢ لەساڵی ٢٠١٤- ٢٠١٥ تەواوی کردووە. بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە بەپلەی زۆر باشە لەهەمان بەش بۆ ساڵی ٢٠١٨=٢٠٢١.**

**.لە بڵاوکراوەکانی نوسەر**

- **کەوتنە خوارەوەی گەردون. شارای شیعری. کۆی بەرهەمەکانی ١٩٨٩/٢٠١٢.**
- **کۆجیتۆی جەلال تاڵەبانی. بەرگی یەکەم و دووەم. چاپی یەکەم ٢٠٢١**
- **سدره الحسين. ديوان شعری. ٢٠١٢.**
- **سقوگ الكون. ديوان شعری. ٢٠٠٠.**
- **ئۆقیانوسی مەرگەسات شانۆنامە. ٢٠٠٣**
- **چیای ئاو. شانۆنامە. ٢٠٠٣.**
- **سیمیا لە شانۆدا. چ ١ . ٢٠٠٩ لێکۆڵینەوەی شانۆ .**
- **کچانی بەفر (لادۆن سیملا. سیناریۆ. چاپی یەکەم ٢٠٢١.**
- **پێڵاوەکانم و نێرەموکانی فیفا. سیناریۆ. چاپی یەکەم ٢٠٢٢ .**
- **درەختی مەرگ، شانۆنامە.چاپی یەکەم.٢٠٢٣.**
- **ئاوێنەی بورکانی ژەنەڕاڵ. ڕۆمان/١٩٩٢-٢٠١٢ بەرگی یەکەم. چ١.**
- **ئاوێنەی بورکانی ژەنەڕاڵ. ڕۆمان. بەرگی ١و٢. چ ١. ٢٠١٩ چ ٢. ٢٠٢١.**
- **مۆسیقای مەرگی ناوەختە. رومان. ١٩٩٧-٢٠٢٠.**
- **نەفخ و وێنەی با. ڕۆمان. چاپی یەکەم. ٢٠١٩**